مارك فيشر

سەروەت و زانایی

دەروونناسی



وەرگێڕانی
ناسر سەلاحی

Scanned with CamScanner

238 posts

19.2k followers

7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure

لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_



Scanned with CamScanner

بەناوی یەزدانی مەزن

سەروەت و زانایی

نووسینی

مارك فیشر

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

ناسر سەلاحی

سلێمانی

٢٠٠٦

Scanned with CamScanner

ئەم کتێبە لەم سەرچاوە فارسییەوە وەرگێڕدراوە

حکایت دولت و فرزانگی

نویسنده: مارک فیشر

مترجم: گیتی خوشدل

چاپ: یازدهم

نشر قطره

۱۳۸۳

ناوی کتێب: سەروەت و زانایی

نووسینی: مارک فیشر

بابەت: دەروونناسی

وەرگێڕانی: ناسر سەلاحی

تیراژ: ۱۵۰۰ دانە

ژمارەی سپاردن: (۲٦۰)ی ساڵی ۲۰۰٦

تایپ و هەڵەچنی: وەرگێڕ

دیزاینی بەرگ: سەردار رەئوف

چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

Scanned with CamScanner

پێرستی بابەتەکان

پێشەکی.....٤

١- راوێژی کوڕە گەنجەکە لەگەڵ.....٦

٢- دیداری کوڕە گەنجەکە لەگەڵ باخەوانی پیر.....١٣

٣- قۆزتنەوەی هەلو.....٢٢

٤- کەوتنە زیندانی کوڕە گەنجەکە.....٣٣

٥- پەروەردە کردنی بڕوا.....٣٥

٦- تەرکیز کردنە سەر ئامانج.....٣٩

٧- بایەخی لەخۆ روانین.....٤٥

٨- کاریگەری وتە.....٥٣

٩- پەی بردن بە ناخی گوڵی سور.....٦٢

١٠- زاڵبوون بەسەر زەینی ناهۆشیاردا.....٦٥

١١- ژمارەو یاساکان.....٧١

١٢- بە بەختەوەری ژیان کردن.....٨١

١٣- چۆنییەتی دەربڕینی خواستەکان.....٩٣

١٤- رازەکانی ناخی گوڵی سور.....٩٩

١٥- ساتە وەختی جیابوونەوە.....١١٤

ئەنجام.....١١٨

Scanned with CamScanner

پێشەکی بڵاوکار

هەموو سەردەمو رۆژگارێك پێویستی بە چیرۆکی تایبەت بە خۆیەتی. بە تایبەت ئەو چیرۆکانەی کە قاموسی وبستەر(Webster) بەم چەشنە پێناسەیان دەکات:

"ئەو چیرۆکانەی کە راستییەکی بە سود بەهێز دەکەن." ئەم کتێبە بچووکە، چیرۆکێکی -بەهێزو بێوینە، چیرۆکێك کە یەکێك لە بەسودترین راستییەکان ئاشکرا دەکات-مان پێدەناسێنێ: ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەوڵەمەندیو سەروەت و سامانی زۆر، ژیانێکی باش و پڕ لەسەرکەوتن، ئەو ئامانجانەن کە ئەگەر پەی بە بنەماکانی بەختەوەری بەرین و بە کاریان بێنین، هەموومان دەتوانین پێیان بگەین.

رەنگە چیرۆك، ناسکترین شێوەی دەربڕینی ئەم راستییانەی بێت. چونکە لە سادەیی منالانەی چیرۆکدا، دەتوانین راستەوخۆ لەگەڵ سادەیی منالانەی زەینی نیوە هۆشیارماندا پەیوەندی دامەزرێنین و گوڕانکاری گەورەو ئیجابی لە ژیانماندا بخولقێنین.

جێگەی شانازیمانە کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ئێمە بڵاوکەرەوەی ئەم کتێبەبن. پێشتر ئەم کتێبە لە دە ولاتی تر، بۆ نموونە لە زۆربەی ولاتەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، ژاپۆن، چین، مەکزیك و برازیل بڵاو کراوەتەوە. نووسەری ئەم کتێبە لە دەوڵەمەندە

Scanned with CamScanner

ڕەسەنەکانە. واتە "ئەوەی دەیڵێ ئەنجامی دەدات"و ناکرێ بەسەرهاتەکەی بە جدیی وەرنەگرین.

ئەم کتێبە شیاوی ئەوەیە چەندین جار بە وردی بخوێندرێتەوە و ئامۆژگارییەکانی بەکار بهێنرێ. کتێبێکی ڕووناکیی بەخش کە دەتوانێ لە زۆر ڕووەوە دەوڵەمەندتان بکات —و هەندێ لەم بوارانە— زۆر بەنرختر و ڕەزامەندی هێنەرتر لە سەروەتی مادییە.

"مارک نالن"ی
بڵاوکەر

بەشی یەک

راوێژی کۆڕەگەنجەکە لە گەڵ خزمێکی دەوڵەمەندی خۆیدا

سەردەمایەك کوڕێکی ژیر هەبوو کە دەیویست دەوڵەمەند بێت. گەرچی هیوابڕاو ببوو و بەربەستی زۆریشی لەسەر ڕێگەدا بوو، کەچی هێشتاش بڕوای بە ئەستێرەی بەختی خۆی مابوو.

لە کاتێکدا چاوەڕوانی گەشانەوەی بەختی خۆی بوو، لە کۆمپانیایەکی بچکۆلانەی پڕوپاگەندەدا وەك هاوکاری بەڕێوەبەری ژمێریاری کاری دەکرد. موچەکەی باش نەبوو، ماوەیەکیش بوو هەستی دەکرد زۆر لە کارەکەی ڕازی نیە. ئیتر تاقەتی لەو کارە نەمابوو.

لە بیرو خەیاڵی ئەوەدا بوو کارێکی‌تر پەیدا بکات. ڕەنگە کتێب یان ڕۆمانێك بنووسێت کە دەوڵەمەندو ناوداری بکاتو کێشە داراییەکانی بۆ هەمیشە لەکۆڵ بکاتەوە. بەڵام ئاخۆ مەزنی خوازییەکەی تۆزێك ناواقع بینانە نەبوو؟ ئایا بەراستی توانا و لێهاتووی تەواوی هەبوو بۆ نووسینی کتێبێکی پڕ فرۆش، یان

لاپەڕەکانی بە سەرلێشێواویە بەژانە پرش‌وبلاوەکانی دەروونی خۆی پڕ دەکردەوە؟

زیاتر لە ساڵێک بوو کارەکەی بێبووە مۆتەکەی رۆژانەی‌و ئازاری دەدا. بەرپرسەکەی زۆربەی بەیانیان بە خوێندنەوەی رۆژنامەوە خەریک بوو و بەر لەوەی بچێت بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ کە سێ سەعاتی پێدەچوو، چەندین یادداشتی دەنووسی. ئەوەیش بەردەوام رای خۆی دەگۆڕی‌و هەندی فرمانی لێکدژی دەردەکرد.

بەڵام کێشە تەنیا بەرپرسەکەی نەبوو، بەڵکوو ئەو هاوکارانەش کە لەگەڵیدا بوون لە کارەکەیان بێزارو ماندوو بوون. دەتوت بە تەواوی ئەقڵیان لەدەست داوە. وەک بڵێی تێکڕا دەست لە ناو دەستی یەکتر وازیان لە هەموو شتێک هێناوە. نەیدەوێرا بە هیچ کامیان بڵێ خەون‌و خەیاڵی ئەوەی لە سەر دایە واز لە کارەکەی بێنێ‌و ببێتە نووسەر. دەیزانی کە ئەوان ئەم قسەیەی بە گاڵتە دەزانن. کاتێک لە سەر کارەکەی بوو خۆی لە هەموو دنیا بە جیا دەزانی، وەک بڵێی لە وڵاتێکی غەریبایەتیە کە ناتوانێ بە زمانی ئەوان بدوێ.

بەیانی هەموو دووشەممەیەک نەیدەزانی بە چ شێوەیەک هەفتەیەکی‌تر لە دایرە بەسەر بەرێ. بە تەواوی لەگەڵ ئەو هوموو فایلەی سەر مێزەکەی‌و پێویستییەکانی ئەوانەی بۆ فرۆشی جگەرەو ئوتۆمبیل‌و ساردییەکانیان سەردانی ئەوێیان دەکرد، هەستی بە ناموێیی دەکرد...

Scanned with CamScanner

شەش مانگ پێشتر نامەی دەست لە کارگێشانەوەکەی نوسیبوو، زۆر جار بەو نامەوە چوبووە ژووری بەرپرسەکەی. بەڵام قەت نەیتوانیبوو ئەوەی دەیویست ئەنجامی بدات. گاڵتە جار بوو. ئەگەر سێ، چوار ساڵ بەر لە ئێستا بایە دوو دڵ نەدەبوو، بەڵام دەتوت ئێستا نەیدەزانی چی بکات. شتێك پاڵ پێوەدەنا بۆ دواوە - ئایا جۆرە وزەیەك بوو - یان ترسنۆکی بوو؟ دەتووت ئەو بوێرەی جارانی لە دەستداوە کە هەمیشە لە رابردوودا بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی یاریدەی دەدا.

بە سۆزیمەوەی بیر بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی کارێ بەپێی سەرسوڕمان لەوەی کە ئایا سەرئەنجام بەراستی بەختەوەر دەبێت، جارەبوان مایەوە تا کاتی بکات. ئایا ببوو خەیاڵاتییەکی هەمیشەیی؟

ئاخۆ بێتوانایەکەی هی ئەوە بوو کە تا بینەقاقا چووبووە ژێر باری قەرزەوە؟ یان رەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە خەریك بوو پیر دەبوو: پرۆسەیەك - هەرکە ئاواتەکانی داهاتوودان لەدەست بدەین - بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر دەست پێدەکات؟

رۆژێك کە زۆر هەستی بە رۆژ رەشی و داماری دەکرد، لەپڕ بیری لەوە کردەوە سەردانی مامێکی بکات کە زۆر دەوڵەمەند ببوو. رەنگە ئەو بتوانی ئامۆژگاریەکی بکات و لەوەش باشتر رەنگە پارەیەکی بداتێ.

Scanned with CamScanner

مامی کوڕە، کابرایەکی خوێن گەرم بوو، بێ سێ‌ودوو رازی بوو ببینێ. بەڵام رازی نەبوو قەرزی بداتێ، ئاخر لەو بڕوایەدا بوو بەو کارەی هیچ چاکەی لە گەڵدا نەکردووە.

مامی پاش گوێ گرتن بۆ چیرۆکی کڕوزانەوەکەی لێی پرسی: "چەند سالّت تەمەنە؟"

کوڕە لاوەکە بە ترس‌و لەرزەوە لە ژێر لێوەوە وتی: "سی‌ودوو ساڵ."

"هیچ دەزانی کاتیك جوهان پاول گەتی(Johan paul Getty) تەمەنی بیست‌و سێ ساڵ بوو خاوەنی یەك ملیۆن دۆلار بوو، کاتێکیش من لە تەمەنی تۆدا بووم، نیوملیۆن دۆلارم هەبوو؟ کەواتە تۆ بۆ دەبی لەم تەمەنەدا ناچار بی قەرز بکەی؟"

"تانەم لێدەدات. وەك کەر کار دەکەم. هەندێ جار هەفتەی زیاتر لە پەنجا سەعات..."

"ئایا بەڕاستی پێت وایە زۆر خۆ هیلاك کردن خەڵك دەوڵەمەند دەکات؟"

"لەو بڕوایەدام. هەمیشەش لەسەر ئەو بڕوایە بووم."

"سالّی چەندت دەست دەکەوێ؟ ٢٥٠٠٠ دۆلار؟"

کوڕە گەنجەکە وەڵامی دایەوە: "بەڵێ لەو دەوروو بەرەدا."

"ئایا پێت وایە ئەو کەسەی کە ٢٥٠,٠٠٠ دۆلاری دەست دەکەوێ، هەفتانە دە ئەوەندەی تۆ کار دەکات؟ بێگومان نا! کەواتە ئەگەر ئەم کەسە دە ئەوەندەی تۆی دەست دەکەوێ بە بێ ئەوەی لە

Scanned with CamScanner

تۆ زیاتر کار بکات، دەبێ کارێکی جیاواز لە کارەکەی تۆ بکات. دەبێ نهێنییەك لە کارەکەیدا هەبێت کە تۆ لێی بێ ئاگای."

"وایە."

"شانسی باش، خۆ بەلایەنی کەمەوە ئەمەیان دەزانی. تەنانەت زۆربەی خەڵك ئەمەش نازانن. ئەوەندە بە دوای بژێویەوەن کە توزێك ناحەسێنەوە و بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن دەکرێ لە کێشە دارایییەکانیان رزگاریان بێت. زۆربەی خەڵك ئامادە نین سەعاتێك لە کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی لەوە بکۆڵنەوە کە چۆن دەوڵەمەند ببن و بۆ قەت دەوڵەمەند نەبوون."

کوڕە گەنجەکە ناچار بوو دان بەو راستیانەدا بنێ کە، سەرەڕای پلە خوازی و خەون بینین بە وەدەست هێنانی سەروەت و سامانەوە، قەت کاتێکی بۆ ئەوە تەرخان نەکردبوو، دانیشێ و بە تەواوی رەوشی خۆی هەڵسەنگێنێ. دەتووت هەموو شتێك بیری بە لاڕێدا دەبرد و نەیدەهێشت بەرەو رووی ئەو ئەرکە گرنگە ببێتەوە کە بایەخێکی ئاوا روون و چارەنووس سازی هەبوو.

مامی کوڕە تۆزێك بێدەنگ بوو، پاشان بزەیەکی هاتێ.

"بڕیارمدا یارمەتیت بکەم تا لەو رەوشە رزگارت بێت. دەتنێرمە لای پیاوەی کە یارمەتی دام دەوڵەمەند بم. پێی دەڵێن دەوڵەمەندی لەنەکاو(نانی). هیچت لەسەر بیستووە؟"

کوڕە گەنجەکە وتی: "تای ئێستا هیچم لەبارەیەوە نەبیستووە."

بۆیە نەم ناوەی هەڵبژاردوە چونکە ئیدعای ئەوە دەکات کە پاش دۆزینەوەی رازی راستەقینەی سەروەت و سامان، لەپڕ دەوڵەمەند

Scanned with CamScanner

بوو. ئەو ئیدیعای ئەوە دەکات کە دەتوانێ یارمەتی هەموو کەس بدات بۆ ئەوەی خێرا دەوڵەمەند بن، یان لانیکەم زەینییەتی دەوڵەمەندێك بەدەست بێنن."

مامی رووی کردە ئەو نەخشەیەی بە پشت سەریەوە هەڵواسرابوو، ئاماژەی کرد بە شارێکی بچووك و تا رادەیەك وێرانە.

"قەت چووی بۆ ئەوێ؟"

"نا"

"ئەرزشی ئەوەی هەیە تاقی بکەیتەوە. بچۆ بیدۆزەرەوە. رەنگە رازەکەیت پێبڵێ. لە نایابترین و جوانترین خانووی ئەو شارەدا دەژی، بێ ماندوو بوون دەیدۆزیتەوە."

"ئەی بۆچی خۆت ئەو رازەم پێ ناڵێیت؟ ئیتر ناچار نابم ئەو هیلاکییەی بەر خۆم بدەم و بچم بۆ ئەوێ."

"تەنیا لەبەر ئەوەی کە ڕێم پێنەدراوە. کاتێك کابرای دەوڵەمەند، ئەم رازەی بۆ ئاشکرا کردم، یەکەم کاری ئەوە بوو کە سوێندیدام بە کەسی نەڵێم، بەڵام وتی دەتوانم خەڵك بنێرمە لای."

گەنجەکە تەواوی ئەم شتانەی بەلاوە سەیر بوو، بەڵام سەرنجی ئەویشیان بەرەو لای خۆیان رادەکێشا. بێگومان حەزی دەکرد بزانێ ئەم شتانە چین.

"لەوە دڵنیای کە ناتوانی هیچم پێبڵێی؟ هیچ شتێك؟"

"وەك پێم وتی. تەنیا ئەوەندەم لەدەست دێت رادەسپێرم بەو دەوڵەمەندە."

Scanned with CamScanner

مامی کوڕه کاغەزێکی هێنا و قەڵەمەکەی هەڵگرت و بەپەلە چەند دێرێکی لەسەر نووسی. پاشان نامەکەی نوشتاندەوە و خستییە ناو زەرفێکی نامەو دایە دەست برازاکەی.

وتی: "ئەوەش نامەیەکەو تیادا تۆم پێناساندوە، ئەمەش ناونیشانەکەیەتی! بەڵام دوا وتەم کە ماوە پێتی بڵێم ئەوەیە کە: دەبێ بەڵێنم پێبدەی، نامەکە نەکەیتەوە. بەڵام گەر هاتوو کردیشتەوە، ئەگەر دەتەوێ هەر کاریگەری هەبێت لەسەرت، دەبێ وا بنوێنی کە نامەکەت نەکردۆتەوە. بەڵام کارێک بیکەی چۆن دەتوانی وا پیشان بدەی کە نەکراوە؟"

کوڕه هیچ تێنەدەگەیشت مامی باسی چی دەکات، بەڵام رازی بوو. مامی تۆزێک سەیرو سەمەرە بوو، بەڵام هەر چۆنێک بێت خەریک بوو پیاوەتی لەگەڵدا دەکرد، هەر بۆیە بڕیاری دا واز لەم مەسەلەیە بێنێت. زۆر بە گەرمی سپاسی کردو ڕۆیشت.

Scanned with CamScanner

بەشی دووەم

دیدارێ گەنجەکەو باخەوانی پیر

کوڕە بەرەو ئەو شارە رێکەوت کە کابرای دەوڵەمەندێ لێبوو، لە کاتێکدا کە زەینی لە ئوتۆمبیلەکەی خێراتر بوو. بیری لەوە دەکردەوە، بڵێی بینینی ئەم پیاوە چەند گران بێت؟ ! . خۆ بەخێرهاتنی میوانێکی لەناوەخت دەکات! بڵێی شتێوەی دەوڵەمەند بوونە نهێنی ئامێزەکەی بۆ ئاشکرا بکات؟"

ئەگەرچی مامی پێی وتبوو نامەکە نەکاتەوە. بەڵام هەر کە گەیشتە نزیک ماڵی کابرای دەوڵەمەند، ختورەیەک بە مێشکیدا هاتو نامەکەی کردەوە، شوکە بوو، دڵی وەپەلەپەل کەوتو لەشی سەر ئارەقە گەڕا. تیا مابوو نەیدەزانی مامی هەڵەی کردوە یان گاڵتەی لەگەڵدا کردوە، ئاخر"نامە"کە تەنها لاپەڕەیەکی سپی بوو!

کە گەیشتە بەردەم ماڵی کابرای دەوڵەمەند، چاوی بە پاسەوانێک کەوت. پاسەوانەکە دەتووت پەیکەرە، وەک نەو قەڵایەی پاسەوانی لێدەکرد وشکو رەق بوو.

Scanned with CamScanner

پاسەوانەکە بە رەقی پرسیاری کرد: "چیم لە دەست دێت، بۆت یکەم؟"

"حوز دەکەم چاوم بە دەوڵەمەندی ئانی بکەوێ."

"ئایا مەوعیدتان هەیە؟"

"نا، بەڵام.."

"ئەی نامەت هێناوە؟"

کوڕە سوچێکی نامەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خێرا خستییەوە ناو گیرفانی.

پاسەوانەکە وتی: "دەکری نامەکەت سەیر بکەم؟"

کوڕە قسەکانی مامی بیر کەوتەوە کە: "ئەگەر هاتوو نامەکەت کردەوە، دەبێ وا پێشان بدەی کە نەتکردۆتەوە."

نامەکەی دایە دەست پاسەوانەکەو ئەویش سەیری کرد". بەڵام سەیر بوو هیچ نەحەپەسا."

وتی: "زۆر باشە" و نامەکەی دایەوە بە کوڕەکەو وتی: "دەتوانی بێیتە ژوور."

پاسەوانەکە شوێنی راگرتنی ئوتۆمبیلەکەی پیشاندا و تا بەردەم دەرگای خانووە رازاوەکەی کابرای دەوڵەمەند(کە لەسەر شێوازی تیۆدۆرەکان دروست کرابوو) ڕێنوێنی کرد. خزمەتکارێکی زۆر ڕێک پۆش دەرگاکەی کردەوە.

پرسی: "دەتوانم یارمەتیت بدەم؟"

"دەمەوێ دەوڵەمەندی ئانی(لەپڕ.ئەو کەسەی لە پڕ دەوڵەمەند بووە) ببینم."

Scanned with CamScanner

لەم کاتەدا ناتوانێ بتانبینێ. تکایە لە باخەکەدا چاوەڕوان بە."

خزمەتکارەکە کوڕەی تا بەردەم درگای باخێک برد کە لە ناوەڕاستەکەیدا حەوزێکی زۆر جوانی تیابوو. دەستی کرد بە پیاسە کردن لە ناو باخەکەو گۆڕانی وتن بەسەر گوڵە جوانەکانو بنچکو دارەکانی، لە نەکاو چاوی کەوت بە باخەوانێک کە بە سەر گوڵێکی سوردا نووشتابۆوە. وای دەنواند تەمەنی حەفتا یان هەشتا ساڵ بێت، کلاوێکی حەسیری لێوار پانی بەسەرەوە بوو کە چاوەکانی شاردبوونەوە.

هەر کە لێی نزیک بۆوە، کابرای باخەوان دەستی لە کارەکەی هەڵگرتو بە بزەیەک بەخێر هاتنی کرد. چاوەکانی شینو گەش بوونو دەبریسکانەوە.

بە زمانێکی شیرینو دۆستانە لێی پرسی: "بۆ هاتوی بۆ ئێرە؟"

"هاتووم چاوم بە دەوڵەمەندی ئانس بکەوێت."

"بۆ دەتەوێ چاوت پێبکەوێت؟ هەڵبەت ئەگەر لە پرسیارەکەم نێگەران نابی؟"

"هاتووم بزانم چ ناموژگاریەکم دەکات..."

باخەوانەکە بەرەو لای گوڵە سورەکان چوو، وەستاو ڕووی کردە کوڕەکە: "ئەرێ بەڕاستی دە دۆلاریەکت پێیە؟"

کوڕەکە خەریک بوو سور هەڵدەگەڕا، پرسی: "دە دۆلار؟ هەر ئەو دە دۆلارەم پێیە."

"زۆر باشە، منیش هەر پێویستم بەوەندەیە."

Scanned with CamScanner

باخەوانەکە پیاوێکی بە نەزاکەت دیار بوو. قورسی و سەرنجڕاکێشیەکی بێوێنە بە هەڵس و کەوتییەوە دیار بوو.

کوڕە وەڵامی دایەوە: "بەڕاستی حەزم دەکرد بتدەمێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە پارەی گەڕانەوەم پێنامێنێ."

"بۆ دەتەوێ ئەمڕۆ بگەڕێیتەوە؟"

کوڕە گەنجەکە بە حەپەساوییەوە وتی: "نا، مەبەستم ئەوەیە، نازانم... تا چاوم بە کابرای میلیۆنەر نەکەوێ، نامەوێ بڕۆم."

"ئەی ئەگەر ئەمڕۆ پێویستت بەم پارەیە نیە، بۆ ناتەوێ بە قەرز بیدەی بە من؟ رەنگە سبەینی پێویستت پێی نەبێت. کێ ئەزانێ سبەینی چی روودەدات؟ رەنگە سبەینێ دەوڵەمەند بیت."

کوڕە ئەم بیانووەی زۆر بە لۆژیکی نەدەزانی، بەڵام پارەکەی دایە. باخەوانەکە بزەیەکی هاتێ:

"زۆربەی خەڵک لەوە دەترسن داوای شتێك بکەن و سەرئەنجام کە شتێکیان دەوێ، وەك پێویست پێی لەسەر داناگرن. ئەمە هەڵەیە."

لەم کاتەدا خزمەتکارەکە هاتە باخەکەو بەو پەڕی ڕێزەوە بە باخەوانە پیرەکەی وت:

"بەڕێز، دەکرێ دە دۆلارم بدەیتێ؟ ئەمڕۆ نانەواکەمان دەڕواو سوریشە لەسەر ئەوەی کە پارەکەی وەرگرێ. منیش دە دۆلارم کەمە."

کابرای باخەوانیش دەستی بە گیرفانە هەراوەکەیدا کردو سەفتە پارەیەکی گەورەی دەرهێنا. وادیاربوو چەند هەزار دۆلارێکی پارە پێبوو، ئاخر کوڕە گەنجەکە جیا لە گەڵای سەد دۆلاری شتێکیتری

Scanned with CamScanner

بەرچاو نەهات، تەنیا ئەو دە دۆلارییە نەبێ کە لە سەریان داندرابوو. باخەوانەکە ئەو دە دۆلارەی -کە هەر ئێستا لە کوڕەکەی بە قەرز وەرگرتبوو- هەڵگرت و دای بە خزمەتکارەکە، ئەویش سپاسی کرد و بە ئەدەبەوە نوشتایەوە و خێرا چووە ناو بیناکەو وون بوو.

کوڕە گەنجەکە تووڕە بوو. چۆن ئەو باخەوانە دڵی هات ئەو دە دۆلارەی لێ بستێنێ کە هەر ئەوەشی شك دەبرد، ئەویش لە کاتێکدا کە گیرفانی خۆی پڕ بوو لەو پارانەی کە لە هەموو تەمەنیدا نەدیبوو؟

لە کاتێکدا هەوڵی دەدا تووڕەییەکەی بشارێتەوە پرسی: "بۆ ئەو دە دۆلارەت لە من ستاند؟ خۆ تۆ پێویستیت پێ نەبوو!"

وتی: "بێگومان پێویستم پێی بوو. سەیرکە بزانە هیچ پارەیەکی دە دۆلاریم پێیە، بە پەنجە گەورەکەی پارەکانی بژارد. هیوادارم وا بیر نەکەیتەوە کە سەد دۆلاریم دەدا بەو کابرایە!"

"باشە ئەو هەموو پارەت بۆ پێیە؟"

باخەوان وەڵامی دایەوە: "ئەمە پارەی بەردەستمە. هەمیشە بۆ کاری پێویست و لەنەکاو ٢٥,٠٠٠ دۆلار لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم."

کوڕە گەنجەکە، بە سەر سوڕماوی و تووڕەییەوە وتی: "٢٥,٠٠٠ دۆلار؟"

لەپڕ هەموو شتێك ئاشکرا بوو: خزمەتکاری هەمیشە بە ئەدەب و ئەو هەموو پارە بۆ بەردەست...

"تۆ دەوڵەمەندی نانیت، وایە؟"

Scanned with CamScanner

باخەوانەکە وەڵامی دایەوە: "کەواتە، بە هاتنت شادمانم."

"بەڵام پێم بڵێ، چۆنە تا ئێستا دەوڵەمەند نەبووی؟ ئایا هەرگیز بە شێوەیەکی جدیی ئەم پرسیارەت لە خۆت کردوە؟"

"ئەوەی راست بێت، نا."

باشە، رەنگە ئەمە یەکەم کارێك بێت کە پێویستە بیکەی. ئەگەر دەتەوێت، بەرامبەر بە منو بە دەنگی بەرز بیر بکەرەوە. هەوڵدەدەم سەرە هەودای ژکارەکانی دەوڵەمەند نەبوونت بدۆزمەوە."

کوڕە پاش چەند هەوڵێکی لاواز وازی لەم کارە هێنا.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "دەبینم رانەهاتووی بە دەنگی بەرز بیر بکەیتەوە. ئایا دەزانی زۆر گەنجی هاوتەمەنی تۆ هەر ئێستا دەوڵەمەندن؟ تەنانەت هەندێکیان ملیۆنەرنو ئەوانیی‌تریش خەریکە دەبنە ملیۆنەر. ئایا دەزانی ئەرەستۆ ئۆناسیس لە تەمەنی بیستو شەش سالێدا کە چوو بۆ بەریتانیا تا ئیمپراتۆریەتی کەشتی‌یەوانی دامەزرێنیت، ٥٠٠,٠٠٠ دۆلاری لە بانکدا هەبوو؟"

"تەنیا بیستو شەش سال؟"

"بەڵێ. بەڵام کاتێك دەستی دایە کارەکەی، تەنها خاوەنی چەند سەد دۆلارێك بوو، نە بڕوانامەیەکی زانکۆی هەبوو، نە مامێکی دەوڵەمندیشی هەبوو."

" بەڵام ئێستا کاتی نانی ئێوارەیە. حەز دەکەی لەگەڵما بیت؟"

"زۆر سپاس، زۆریشم پێخۆشە."

Scanned with CamScanner

کوڕە گەنجەکە شوێن کابرای دەوڵەمەند کەوت، هێشتاش لەو تەمەنەدا زۆر بە گوڕ هەنگاوی دەنا. چوونە ژووری نانخواردن، بەر لەوەی بچنە ژوورەوە خواردنی دوو نەفەریان دانابوو.

"فەرموو دانیشە" کابرای دەوڵەمەند دەستی راداشت بۆ کۆتایی مێزەکە، ئەو شوێنەی ئەوی لێوەستابوو، زۆرتر خانەخوێ لێی دادەنیشت. کابرای دەوڵەمەند لە لای راستی میوانە گەنجەکەو رێک بەرامبەر بە سەعاتێک دانیشت کە بە شێوەی پەرداخ دروست کرابوو و ئەم دروشمەی لەسەر هەڵکەندرابوو: "کات نالێتوونە".

خزمەتکارەکەی بە سوراحییەکی پر لە شەربەتەوە هاتە ژوورو پەرداخەکانی بۆ پڕ کردین. کابرای دەوڵەمەند پەرداخەکەی بەرز کردەوەو وتی: "وەرە با بەخۆشی یەک ملیۆن دۆلارەکەتەوە نۆشی بکەین."

قومێکی خواردەوە، بەدرێژایی ئەو شەوە تەنیا ئەو قومەی خواردەوەو زۆر کەمیش نانی خوارد، تەنیا چەند پارووێکی بچووکی بە گۆشت ماسییەوە خوارد.

کابرای دەوڵەمەند لە کوڕە گەنجەکەی پرسی: "لە کارەکەت رازی؟"

"پیم وایە، رەوشی دایرەکەم تۆزێک قورسە."

"لەوە دلنیابە کە پێویستە ئەو کارەی دەیکەی خۆشبوێت. تەواوی ئەو دەوڵەمەندانەی دەیانناسم -لەماوەی ئەم چەندین

Scanned with CamScanner

سـانەدا ژمارەیـەکی بەرچـاویانم ناسـیوە- کارەکانیـان خـۆش دەویست، کار بۆ ئەوان چالاکییەك بووە کە چێژیان لێوەرگرتووە واتـە: سـەرگەرمییەکی خـۆش بـووە. هـەر بۆیـە دەوڵەمەندەکان زۆر بەکەمی دەچن بۆ پشودانو حەسانەوە. بۆ دەبێ خۆیان لە کارێك بێبەش بکـەن کە ئەوەندە بە لایانـەوە خۆشـە؟ هـەر بۆیـە لەوپـەڕی دەوڵەمەندیشدا کار دەکەن.

"گەرچی پێویستە چێژ لە کارەکەت وەرگری، بەڵام ئەمە بە تـەنیا بەس نیـە. بۆ دەوڵەمەند بوون پێویستە بە نهێنییەکانی بزانـی. پێم بڵێ بزانم ئایا بەڕاستی بڕوات بەوە هەیە کە نهێنییەك لە ئارادایە؟"

"بەڵێ، بڕوام بەوە هەیە."

" زۆر باشە، ئەمە یەکەم هەنـەگاوە. زۆربـەی خـەڵك بڕوایـان بـەوە نیـە کـە بۆ دەوڵەمەند بـوون چـەندین راز هەیـە. لـەو بڕوایـەدا نین کـە دەتوانن دەوڵەمەند بن و لە راستیشدا هەقیانە. ئەگەر وا بیر بکەیتەوە کـە نـاتوانی دەوڵەمەند بیـت، ئەسـتەمە دەوڵەمەند ببـی. دەبـێ بـەو بڕوایەوە دەست پێبکەی کە دەتوانی دەوەڵەمەند ببـی، پاشـان دەبـێ بە شۆڕو شەوقەوە خوازیاری دەوڵەمەندی بی. زۆربەی خـەڵك ئامادە نـین ئـەم نهێنیانـە وەرگـرن. تەنانـەت ئەگـەر ئـەم نهێنیانـەیان بـە شێوەیەکی زۆر سادە بۆ ئاشکرا بکرێت. گەورەترین بەربەست بۆ ئـەوان نـەبوونی خـەیاڵ کردنـە. هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە نهێنیـەکانی دەوڵەمەند بوون تا ئەو رادەیە لە دنیادا دەپارێزرێن.

Scanned with CamScanner

کابرای دەوڵەمەند لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "تۆزێك لە نامە دزراوەکەی ناو چیرۆکی "ئەدگار ئالان پۆ" دەچێ. بیستووتە؟ ئەم چیرۆکە سەبارەت بە نامەیەکە کە پۆلیس بە دوایدا دەگەرێ و هەرگیز نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە، ئاخر لە جیاتی ئەوەی لە شوێنێکدا شاردرابێتەوە -لە شوێنێکدا بوو کە قەت شکیان بۆی نەدەچوو- لەبەر چاوان بوو! نەبوونی خەیاڵکردن لەواندا و دەمارگیرییان چاویان داندرابێ. هەر بۆیە، نەیاندۆزیەوە."

کۆپە گەنجەکە بە شێوەیەك سەرنجی قسەکانی کابرای دەوڵەمەندی دابوو دەتووت ئەفسون کراوە. تەنگەتاوی دۆزینەوەی ئەم رازانە بوو. هەرچۆنێك بێت لەوە دڵنیا بوو کە: تەنانەت ئەگەر کابرای دەوڵەمەند رازێکیشی لا نەبوایە، بەڵام بەڕاستی لە دروست کردنی دیمەنێکی سەرنجراکێشدا ماموستا بوو.

Scanned with CamScanner

بەشی سێیەم

قۆزتنەوەی هەلو

دەستدانە مەترسی(ریسک کردن)

"باشە ئێستا ئامادەی لە پێناو وەرگرتنی رازەکانی دەوڵەمەندیدا چەند بدەی؟"

ئەو پرسیارە کوڕە لاوەکەوی حەپەساند.

"تەنانەت ئەگەر بمویستایە پارەیەکیش بدەم، خۆ هیچ شك نابەم."

"ئەی ئەگەر پارەت هەبایە، ئامادە بووی چەند بدەی؟ شتێك بڵێ، هەر چەند کە پێت خۆشە. یەکەم ژمارە کە بە مێشکت دەگات."

کوڕ لاوەکە چیتر نەیدەتوانی خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە بدزێتەوە.

کابرای دەوڵەمەند وەڵامێکی زۆر روونی دەویست.

وەڵامی دایەوە: "نازانم، سەد دۆلار...؟"

Scanned with CamScanner

کابرای دەولەمەند دای لە قاقای پێکەنین.

"تەنیا سەد دۆلار؟ کەواتە بەراستی لەو بڕوایەدا نیت ئەو رازانە هەبن، لەو بڕوایەدای هەن؟ بێگومان ئەگەر بڕوات پێی بوایە، ئامادە بووی زۆر زیاتر بدەی. باشە، بواریکی‌ترت پێدەدەم. ژمارەیەکی‌تر بڵێ. ئەمە گەمە نیە، مەسەلەیەکی زۆر چارەنووس سازە."

کوڕە لاوەکە بیری لێکردەوە و وتی:

: "بەلامەوە گرنگ نییە کە وەڵامی بدەمەوە. بەڵام ئەوەندە بزانە کە تەواو نابووتم."

"نیگەرانی نەوە مەبە."

کوڕە لاوەکە بە واق وڕماوییەوە وتی: "ئاخر ئەگەر پارەشم نەبێ، دەستم بەستراوە."

کابرای دەولەمەند دەنگی هەڵبڕی‌و وتی: "هەی لە من! ڕێیەکی دوورو درێژمان لە پێشە! ئەوەتا دنیا دنیایە، دەولەمەندەکان بۆ ئەوەی دارایییەکانیان زیاتر بکەن، کەڵکیان لە پارەی کەسانی‌تر وەرگرتووە. مەبەستم پارەی نەخدە. جیا لەوە، خۆ دەبێ دەستە چەکەکەت پێببێ..."

کوڕە لاوەکە خەریک بوو حاشای لێبکات، بەڵام سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە –خوا دەزانێ بۆچی– دەستە چەکەکەی لە گیرفانی نابوو: چوار دۆلارو نیوی لە حیسابەکەیدا هەبوو! بە خەیاڵیدا هات درۆ بکات، بەڵام کابرای دەولەمەند نیگایەکی وەها تیژی هەبوو، دەتووت دەتوانێ زەینی کەسی بەرامبەری بخوێنێتەوە.

Scanned with CamScanner

کوڕه لاوەکه گوێی له دەنگی خۆی بوو به تووره تور- وەك بڵێی رازێکی قوڵو نگریس دەدرکێنێ- دەڵێ: "بەڵێ پێمه."

بـی ئـەوەی بیـیـەوێ -وەك ڕۆبـۆت - چـەکەکەی لـە گیرفـانی دەرهێنا، گەرچی بۆ ساتێك کەفوکوڵی لاساری بە سەریا هات. وای هەسـت دەکـرد کـە ئـەم پیـاوە ئەفسـونی کـردوە، وەك بڵێـی. خەوانـدوێتی، لەگـەڵ ئەوەشدا، لـە کـابرای دەوڵەمەنـد نەدەترسـا، چونکه دیار بوو نییەتی خێری هەیە، هەرچەند دەتووت خەریکی رابواردنه.

کـابرای دەوڵەمەنـد وەڵامـی دایـەوە: "زۆر باشـە، ئێستا لـەو بڕوایەدا کە هیچ کێشەیەك لە ئارادا نیە؟

قەڵەمێکی جوانی هەڵگرتو دای بە کوڕه لاوەکه.

"چەندت پێ باشه لە سەر چەکەکه بینووسەو ئیمزای بکه."

"ئاخر نازانم چەند بنووسم."

"باشه، بنووسه ٢٥,٠٠٠ دۆلار."

کابرای دەوڵەمەند راشکاوانەو بەبێ دوودڵی ئەم ژمارەیەی وت.

کوڕه لاوەکه هاواری لێبەرز بۆوە: "چی؟ ٢٥,٠٠٠ دۆلار؟ گاڵتە دەکەی!"

کابرای دەوڵەمەند وەها بە ئارامی وەڵامی دایەوە: "باشه، ئەگەر دەتەوێ بنووسه ٥٠,٠٠٠ دۆلار" ئیتر کوڕه نەیدەزانی بە جدییەتی یان گاڵتەی لەگەڵدا دەکات.

Scanned with CamScanner

" تەنانەت ٢٥,٠٠٠ دۆلاریش ئیجگار زۆر بوو. هەر چۆنێك بێت، تۆ ناتوانی ئەم پارەیە وەگری. تەنیا تۆپەیی بەڕێوەبەری بانکم پێدەبڕێ، كە پێیوایە شێت بووم و لە راستیشدا هەقیەتی!"

"من هەر بەم چەشنە گەورەترین مەعامەلەی خۆم ئەنجام دا. چەكێكی ٢٥,٠٠٠ دۆلاریم ئیمزا كرد، ئەوكات كەوتمە چنگەگڕێ بۆ ئەوەی پەیدای بكەم. بەڵام ئەگەر هەر ئەو كات و لەو شوێنەدا چەكەكەم ئیمزا نەكردبایە، هەڵێكی گەورەم لە كیس خۆم دەدا."

وتی: "ئەمە یەكێك لە گەورەترین پەندەكانی كارو كاسپیم بووە. ئەوانەی دەوەستن هەلومەرجێكی باش بێتە بەرەوە، قەت هیچ كارێك ناكەن. كاتی لەبار بۆ دەست پێكردن، ئێستایە!

دەرسێكی تر كە دەتوانی لەم راهێنانە بچووكە وەری گری ئەوەیە كە : "ئەگەر دەتەوێ لە ژیاندا سەركەوتوو بیت دەبێ لەوە دڵنیا بیت كە مافی هەڵبژاردنت نیە. دەبێ پشت لە دیوار قایم بكەی. ئەوانەی دوودڵن لە خۆ خستنە مەترسییەوە(ریسك كردن)و بە بیانووی ئەوەی هەموو پێویستییەكانیان لەبەر دەستدا نییە خۆی نێدەدزنەوە، قەت هیچیان نابێ بە هیچ. هۆكارەكەی زۆر سادەیە. هەر كات تەواوی دەرگاكانی دەرچوون لەسەر خۆت داخەیو پشت لە دیوار قایم دەكەی، تەواوی هێزە ناوەكییەكانت وەگەر دەخەیت. بە هەموو بوونتەوە دەتەوێ شتێك رووبدات. ئەی كوڕی گەنج كەواتە

ئێستا بۆ دوودڵی؟ پشت بنێ بە دیوارەکەوە. ئەو چەکە ٢٥,٠٠٠ دۆلارییە بدە بە من."

کوڕەکە چەکەکەی نووسی، لەسەرەخۆ ژمارەکانو پاشان پیتەکانی پڕ کردەوە. بەڵام کە ویستی ئیمزای بکات، هەستیکرد ناتوانێ.

"لە هەموو تەمەنمدا وەها چەکێکم ئیمزا نەکردوە."

"ئەگەر بەڕاستی دەتەوێ دەوڵەمەند بیت، دەبێ رۆژێك دەستی پێبکەی. پێویستە رابێیت تا بتوانی چەکی زۆر لەوە گەورەتریش ئیمزا بکەی. ئەمە دەستپێکی کارەکەیە."

بەڵام کوڕە لاوەکە ئێستاش نەیدەتوانی ئیمزای بکات. هەموو شتێك بەو خێراییە رووی دابوو. بەتەما بوو چەکێکی ٢٥,٠٠٠ دۆلاری بداتە دەست پیاوێك کە هەر ئێستا ناسیبووی، ئەویش لە بەرامبەردا بەڵێنی ئاشکرا کردنی چەند رازێکی ناڕۆشنی پێدابوو.

کابرای دەوڵەمەند پرسیاری کرد: "چ شتێك ناهێڵێ ئەو چەکە ئیمزا بکەیت؟ سەرجەمی شتەکانی ژێر ئاسمان رێژەیین. ئەوەندە ناخایەنێت کە هەر بیر لەم ژمارەیەش ناکەیتەوە."

کوڕە لاوەکە لە ژێر لێویەوە وتی: "لە بەر رادەی پارەکە نییە."

"ئەی لەبەر چییە؟ دەزانم بۆ ناتوانی ئیمزای بکەیت. لەوە دڵنیا نیت رازەکانم بتوانن دەوڵەمەندت بکەن. ئەگەر بەڕاستی بەو قەناعەتە گەیشتبای، خێرا ئیمزات دەکرد. بڵێ بزانم، ئەگەر دڵنیا بوویتایە ئەم رازانە یارمەتیت دەدەن تا لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بە بێ ئەوەی پێویست بکات لە ئێستا زیاتر کار بکەیت -یان

Scanned with CamScanner

تەنانەت کەمتریش کار بکەیت- سەد هەزار دۆلارت دەست بکەوێت، ئاخۆ چەکەکەت ئیمزا دەکرد."

"ئەگەر وایە ئیمزای بکە" گرنتی ئەوەت دەکەم کە دەتوانی ئەو پارەیە بەدەست بێنی."

"ئایا ئامادەی بینووسی؟"

کابرای دەوڵەمەند جارێکی‌تر لە قاقای پێکەنینی دا.

"ئافەرین کوری گەنج. دەتەوێ پشتیوانی لە خۆت بکەی. زۆر جار ئەمە بە پارێزەوە کار کردنە. تەنانەت ئەگەر تەواو دڵنیاش بیت لە سەرچاوەکانی خۆت، واش بەو مانایە نیە حەتمەن دەبێ بڕوا بکەی بە یەکەم کەس کە دێتە ڕێت."

لەسەر مێزەکە هەستا، چەکمەجەکەی گەڕاو بەڵێن نامەیەکی ئامادەی دەرهێنا. کوڕە گەنجەکە ئەمەی زۆر پێخۆش نەبوو. ئایا کابرای دەوڵەمەند، رازەکانی خۆی بە شێوەی بەرهەمێکی زۆر، بۆ هەموو حەسەن‌و حسێن‌و هەمزەیەک ئاشکرا دەکات؟

کابرای دەوڵەمەند بەڵێنامەکەی ئیمزا کردو دایە دەست کوڕە گەنجەکە، بەشێوەیەکی هاکەزایی چاوێکی پێداخشاندو وادیار بوو رازی بوو بەوەی کە نووسرابوو. ئەوجار پیرە پیاوەکە ڕای گۆڕی.

وتی: "من بۆچوونێکی‌ترم هەیە، پێت چۆنە گرەو بکەین؟"

پارەیەکی ئاسنی لە گیرفان دەرهێنا و لە ناو دەستیدا هەڵیدا.

"وەرە با شێرو خەت بکەین. ئەگەر من دۆڕاندم، ئەو ۲۵,۰۰۰ دۆلارەی لە گیرفانمدایە بۆ تۆ. ئەگەر منیش بردمەوە ئەوا چەکەکەت

Scanned with CamScanner

ئەدەی بە من. وەرە با لەهەر دوو حاڵەتەکەدا بەڵێنامەکە فەرامۆش بکەین."

کوڕە گەنجەکە وتی: "تەنیا کێشە هەبێت، هەر ئەوەیە کە پێم وتی. هیچ پارەیەك لە حیسابەکەمدا نیە. تەنانەت ئەگەر ئەم چەکەشت بدەمێ، ناتوانی وەریگری."

کابرای دەوڵەمەند وتی "قەی ناکا. پەلەم نیە. با رێکەوتی ساڵێکی‌تری لەسەر بێت؟"

کوڕە گەنجەکە دوودڵ بوو.

باشە. بەم شێوەیە گرەوەکەم قبوڵە."

لە دڵی خۆیدا لێکی دابۆوە، ساڵێکی بەدەستەوەیە تا بانکەکە بگۆڕێ‌و حیسابەکەی داخات، یان چەکەکەی راگرێ. هیچ لەدەست نادات. دەیتوانی بە بێشنیارەکەی کابرای دەوڵەمەند لە ماوەی چەند چرکە ساتێکدا(ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکات) ببیتە خاوەنی ٢٥,٠٠٠ دۆلار!

بەبێ ئەوەی بییەوێ، بزەیەکی هاتێ کە نیشانەی رازی بوونی بوو. خوا خوای بوو کابرای دەوڵەمەند هەست بە پێکەنینەکەی نەکات.

ئەو کات کابرای دەوڵەمەند خاڵێکی‌تری لێزیاد کرد کە سەلمێنەری شك‌و گومانی کوڕە گەنجەکە بوو.

"شتێك هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر گرێوەکەت دۆڕانت. دەبێ سوێند بخۆیت کە ڕێزی ئەم چەکە بگری."

Scanned with CamScanner

کوڕە گەنجەکە خێرا سوێندی خوارد، بەڵام هەر کە کابرای دەوڵەمەند ویستی دراوەکە هەڵبخات، لەپڕ رایگرت.

پرسیاری کرد: "دەکرێ سەیری دراوەکە بکەم؟"

کابرای دەوڵەمەند پێکەنی.

"بێگومان. بەڕاستی شیرینی بەڵامەوە. بە پارێزەوە هەنگاو دەنێیت. ئەمە یارمەتیت دەدات زۆر تووشی هەڵە نەبیت. بەڵام وریابە بواڕە باشە لە کیس نەدات."

کابرای دەوڵەمەند، دراوەکەی دایە دەست. هەر کە کوڕە گەنجەکە هەر دوو ڕووی دراوەکەی بە ووردی سەیر کرد، دەوڵەمەندەکە لێی پرسی شێرت دەوێ یان خەت.

"خەت."

کابرای دەوڵەمەند دراوەکەی هەڵدایە ئاسمان: دڵی وا کەوتە لێدان کە تا ئەو کاتە شتێوای بەخۆیەوە نەدیبوو. یەکەم جار بوو هەڵی بردنەوەی ٢٥،٠٠٠ دۆلاری بۆ ڕەخسابوو!

لەگەڵ ئەوەی کە سەیری خول خواردنی دراوەکەی دەکرد بە ئاسمانەوە، تا دەهات دڵەڕاوکێکەی زیاتر دەبوو. دراوەکە کەوتە سەر مێزەکە.

کابرای دەوڵەمەند بە شادمانییەوە وتی: "شێر!" بەڵام خێرا بۆ دەربڕینی هاوخەمی وتی: "بەداخم."

نەدەکرا بڵێی لە دڵەوە یان تەنیا لە ڕووی ئەدەبەوە بوو کە ئەو قسەیەی کرد.

Scanned with CamScanner

کوڕه گونجەکه کاتێك چەکەکەی ئیمزا دەکرد نەیدتوانێ خۆی کونترۆڵ بکات و تۆزێك نەلەرزێت. رەنگە رۆژگارێك بێتەبەرەوە کە بە ئیمزا کردنی چەکی لەوە زیاتر رابێت، بەڵام بەڕاستی لەم کاتەدا هەستێکی سەیری تێدا دروست دەکرد.

چەکەکەی دا بە کابرای دەوڵەمەند و ئەویش تۆزێك سەرنجی دایەو نوشتاندییەوەو خستییە گیرفانییەوە.

کوڕه گەنجەکه وتی: "ئێستا دەتوانی نهێنیەکانم پێبڵێی"

کابرای دەوڵەمەند وتی: "بێگومان، ئەرێ پەڕه کاغەزێکت پێیە؟ هەموویانت بۆ دەنووسم. بەم جۆرە، لە بیرت ناچنەوە."

کورە گەنجەکه لە مەبەستی قسەی کابرا تێنەگەیشت. بێگومان مەبەستی دەوڵەمەندەکه ئەوە نەبوو کە تەواوی رازەکان لەسەر پەڕه کاغەزێك بنووسێ: بە تایبەت ئەو رازانەی کە هەر ئێستا ٢٥,٠٠٠ دۆلاری پێدابوون!

"ببورە کاغزەم پێنیە."

"مەگەر کە هاتی بۆ ئێرە نامەیەکت پێنەبوو تا بە منت بناسێنن؟ تەواوی ئەو کەسانەی بە دریژایی ئەم چەند ساڵە مامت ڕەوانەی لای منی کردوون، هەموویان نامەی ئەویان پێبووە."

کوڕه گەنجەکه نامەکەی لە گیرفانی دەرهێنا.

نامەکەی دا بە کابراو لە کاتی کردنەوەی نامەکەدا زۆر وورد سەرنجی دەموچاوی کابرا بەسالاچووەکەی دا. بەڵام کابرای دەوڵەمەند هیچ بەوە نەشڵەژا کە بینی نامەکە بەتاڵە. قەڵەمەکەی

Scanned with CamScanner

هەنگرت، نوشتایەوە سەر مێزەکەو وێستی شتێکی لەسەر بنووسێ، بەڵام لەو کاتەدا بە کوڕەکە گەنجەکەی وت بچێت خزمەتکارەکەی بۆ بانگ بکات.

دەوڵەمەندەکە پێی وت: "لەو بەری هۆڵەکە، لە چێشتخانەکەیە."

کە کوڕە گەنجەکە لەگەڵ خزمەتکارەکەدا گەڕایەوە، کابرای دەوڵەمەند خەریک بوو زەرفی نامەکەی دادەخست و زۆرێش شادمان دیار بوو.

بە خزمەتکارەکەی وت: "ئەم کوڕە قۆزە ئەمشەو لێرە دەمێنێتەوە. دەکرێ ژوورەکەی پێشان بدەی؟"

ئەوکات رووی کردە گەنجەکەو وتی: "رازەکان لێرەدان."

وەستا و نامەکەی دایەو زۆر ژیرانە تەوقەی لەگەڵدا کرد، وەک بڵێی هەر ئێستا یەکێک لە گرنگترین مەعامەلەکانی ژیانی ئەنجامدابێ.

تەنیا شتێکم لە تۆ دەوێ ئەوێش ئەوەیە کە: دەبێ بوەستی تا لە ژوورەکەتا تەنیا دەبی، ئەوکات نامەکە بکەرەوەو رازەکان بخوێنەوە. مەرجێکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەر لەوەی ئەو شتە بخوێنیتەوە کە نووسیومە دەبێ بەڵێن بدەی بەشێک لە ژیانت تەرخان بکەی بۆ فێرکردنی ئەم رازانە بەو کەسانەی وەک تۆ شانسی چاکیان نییە. ئەگەر رازی بیت، ئەوا دواین کەسی کە راستەوخۆ ئەم رازانەی دەدەمێ. ئیتر کارەکەم لێرەدا کۆتایی دێتو ئەوکات دەتوانم لە باخێکی گەرەتردا چاودێری گوڵە سورەکانم بکەم.

Scanned with CamScanner

وتی: "ئەگەر هەست دەکەی ئامادەیی ئەوەت تێدا نییە ئەم رازانە بە خەڵکی‌تر بڵێی، ئێستاش دەتوانی پەشیمان ببیتەوە. بەڵام بێگومان لەو حاڵەتەدا ناتوانی نامەکە بکەیتەوە. منیش چەکەکەت دەدەمەوە. تۆش دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوەو دریژە بەو ژیانە بدەی کە تا ئێستا هەتبووە."

ئێستا کە ئیتر نامەی رازەکانی لە دەستدابوو، بواری گەڕانەوە نەمابوو. هەستی پەیجورییەکەی جولا بوو.

وەڵامی دایەوە: "بەڵێن ئەدەم."

Scanned with CamScanner

بەشی چوارەم

کەونەنە زیندانی کوڕە گەنجەکە

زۆری پێنەچوو، کوڕە گەنجەکە لە ژوورەکەیدا بە تەنیا مایەوە، ژوورێکی ئەوەندە خۆش و پۆشتە و پەرداختە بوو کە سەری سوڕمابوو. بەرەولای تەنیا پەنجەرەی ژوورەکە چوو کە روو لە باخەکەو زۆریش لە زەوییەوە بەرز بوو. دەیتوانی ئەو شوێنە ببینێ کە سەرەتا کابرای دەوڵەمەنی لە حەینی چاودێری کردنێکی نەرم و پڕ سوزو خۆشەویستی لە گوڵە سوورەکان بینیبوو.

شەوێکی مانگەشەو بوو، هەموو لایەک روونا ک بوو. پڕ لە هیواو چاوەڕوانی بوو. سەرئەنجام ئەو رازانەی بۆ ئاشکرا دەبوو کە چەندین ساڵی ئازگار بوو لێیان دەگەڕا.

بە ئەسپایی زرەفی نامەکەی کردەوەو نامەکەی دەرهێنا، دووبارە لاپەڕەکە هیچی تیا نەنووسرابوو! ئەم دیواودیوی نامەکەی سەیر کرد. هەر دوو لای نامەکە سپی بوو. ئەوەندە گەمژە بوو هێشتبووی ئەو پیاوە پیرە هەڵیخەڵەتێنێ! لە بەرامبەر شتێکدا کە هەر بوونی نەبوو چەکێکی ٢٥،٠٠٠ دابوویە کە پارەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو!

تازە دەیتوانی چی بکات؟ وای کردبوو بکەوێتە داوێکی هەڵخەڵەتێنەرەوە. تەنیا یەک ڕێگە چارەی شک دەبرد. ئەویش ئەوەبوو کە خێرا رابکات. کێ دەزانێ؟ ڕەنگە گیانیشی لە مەترسیدا بێت. ئیتر نەیدەویست شەو لەوێ ڕۆژ بکاتەوە.

Scanned with CamScanner

بیری کردەوە باشترین کار ئەوەیە بە بێدەنگی رابکات. بە ئەسپایی و لەسەر لەپی پێ بەرەو دەرگاکە رۆیشت و هێواش دەسکی درگاکەی سوڕاند، بەڵام درگاکە لەو دیوەوە داخرا بوو. پەنجەرەکە تەنیا رێگەی دەرچوونی بوو، بەڵام ئەویش نۆ مەتر لە زەوییەوە بەرز بوو. ئەگەر خۆی هەڵدایە ئەوا بێگومان ملی دەشکا. تەنیا چارەی ئەوە بوو زەنگ لێبدات بەڵکو خزمەتکارەکە بێ بە لایەوە. زەنگی لێداو چاوەڕوان مایەوە. کەس نەهات.

جارێکیتریش زەگەکەی لێدایەوە. بەڵام هیچ باس نەبوو. پێدەچوو زەنگەکە کار نەکات. ماڵەکە تەواو کپ و بێدەنگ بوو. زیندانی کرابوو.

لەسەر قەرۆڵەکە پاڵکەوت و رووداوەکانی ئەو رۆژەی، بە خێرایی هاتەوە پێش چاو. نەیدەتوانی لە بەرامبەر ئەو هەستی بێهوودەییەی کە دایگرتبوو هیچ کارێک بکات. ٢٥,٠٠٠ دۆلاری دابوو بەو لاپەرە سپیەی کە لەو لاوە فڕێدرابوو، دەتووت نووشتاوەتەوە بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکات.

سەرئەنجام خەوی لێکەوت. لە خەویدا کەسێکی نەناس پەیتا پەیتا داوای لێدەکرد قەوانەیەکی ئەستوور کە زۆر گرنگ بوو ئیمزا بکات، وەک بڵێی ژیانی بەوەوە بەسترابێتەوە. بە تووندی نارەزایەتی دەربڕی. دەبێ هەڵیەک رووبدابێ: قەوانەکە هیچی تێدا نییە...

Scanned with CamScanner

بەشی پێنجەم

پەروەردە کردنی بڕوا

سبەینێ بەیانی کوڕە گەنجەکە وا داهێزرا بوو دەتووت ئوتۆمبیلێکی سێ تەنی بە سەریدا ڕۆیۆشتووە. لە ئاوێنەدا سەیرێکی خۆی کرد. بە جلەکانیەوە خەوتبوو پیاو لێی دەترسا، بەڵام ئەمە تەنیا ئیرادەی پتەو کرد. تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە: کابرا پیرەکە بدۆزێتەوە و "رازەکان"ی بداتەوە و چەکەکەی وەرگرێتەوە. پەنجەکانی لە قژی ڕۆکرد و بەرەو درگاکە ڕۆیشت. بیری کردەوە دوێنێ شەو درگاکە داخرابوو. کەچی ئێستا کرابۆوە. بە تورەییەوە ڕێکەوت و چووە ژوورێ نان خواردنەکە. سەیری کرد کابرای دەوڵەمەند زۆر ئاسودە لە سەر مێزەکە دانیشتووە و هەمان جلی دوێنێی لەبەردایە، پاک و خاوێن بوو بەڵام وەک جلی باخەوانەکان لە رادەبەدەر شی ببۆوە. کڵاوە گەورە لێوار پانەکەی بەرامبەر بە خۆی لە سەر مێزەکە دانابوو.

کابرای دەوڵەمەند دراوەکەی هەڵدەخست و هەر جارێک کە دەکەوتە سەر مێزەکە، دەیژمارد. بێ ئەوەی چاو لە سەر دراوەکە هەڵگرێ لە ژێر لێوەوە وتی: "نۆ."

"دە... مەلعوون!" سەری هەڵبڕی.

Scanned with CamScanner

وتی: "قەت نەمتوانیوە دە جار زیاتر هەڵیخەم. هەمیشە ئەو دە جارە هەر چونێکم بوێ بۆم دێت، بەڵام جاری یازدەهەم حەتمەن دەیدۆڕێنم. گەرچی هەر جارەو بە شێوەیەك هەڵی داوێم."

کۆڕە گەنجەکە تێگەیشت کە شەوی پێشوو تێکەوتووە.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "باوکم کە چاوبەست(شعبدەباز)ێکی لێزان بوو هەمیشە تا پانزە جار هەرچی بویستایە دەیهێنا. ئەو لێهاتوویەیم وەرنەگرتووە."

گەنجەکە داوای کرد دراوەکە ببینێ. کابرای دەوڵەمەند بە شادمانییەوە دراوەکەی دایەو ئەویش دراوەکەی هەڵدایە سەر مێزەکە. شێر، خەت، شێر، خەت بێگومان دراوەکە ساختە نەبوو. پێدەچێ میکانیزمێکی نهێنی هەبێ کە ئەو هەستی پێنەدەکرد.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "دوێنێ هیچ شتێکی ناشەرافەتمەندانە سەبارەت بە گرێوەکەمان لە ئارادا نەبووە. من تەنیا لێزانی خۆم لە مامەڵە کردن لەگەڵ پارەدا پیشاندا. هەندێ کەس لێزانیو شەرافەت تێکەڵ دەکەن بەڵام ئەم دووانە زۆر جیاوازن پێکەوە."

کۆڕە گەنجەکە نامەکەی راوەشاندو خستییە سەر مێزەکە.

"کاکی بەڕێز، چاکت فریودام. زۆر ئاسان ٢٥،٠٠٠ دۆلارت لە بەرامبەر کاغەزێکی سپی دەست کەوت."

کابرای دەوڵەمەند وتی: "ئەوە رازی سەروەتو سامانە."

"باشە: پێویستە رووتی کەیتەوە. پێتوایە گەمژەم؟"

"گەمژە؟ بێگومان نەخێر. بەس ئەوەندەیە تێناگەیت. زۆر سروشتییە هێشتاش زەینت کامڵ نییە."

Scanned with CamScanner

"ڕەنگە وابێ، بەڵام بێگومان دەزانم کاغەزی نووسراو لە نەنوسراو جیا بکەمەوە."

"دڵنیات دەکەم کە هەر بەڕاستی دەتوانی بەو لاپەڕە سپییە زۆر دەوڵەمەند بیت. ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا ئەوە تەنیا شتێك بوو پێویستم پێی‌بوو تا لەپڕ دەوڵەمەند بم. بەڵام لەبەر ئەوەی دەبێ خیرا بگەڕێمەوە و چاودێری گوڵە سورە خۆشەویستەکانم بکەم، یارمەتیت دەدەم. وورد گوێ بگرە، لەبەر ئەوەی هەر کە بە سەرکەوتوویەوە ئەم رازانەت بەکار هێنا، دەبی فێری کەسانی‌تریان بکەی. هەر کە خۆت لە کۆت‌وبەندی هەژاری رزگار کرد، دەبێ ئەو ڕێگایە پیشانی ئەو کەسانە بدەی کە هێشتا دەست‌وبالیان بەستراوە: دەکرێ داوات لێبکەم ئەو بەڵێنیەی دوێنی دات، دووپاتی بکەیتەوە؟"

بێگومان، کابرای دەوڵەمەند، کابرایەك بوو زوو خەڵکی بە قەناعەت دەگەیاند. تۆزێك پێشتر، کوڕە گەنجەکە خۆی ئامادە کردبوو بە لەعنەتی بکات و کەچی ئێستا بە وردی گوێی لێگرتبوو.

سەر لە نوێ بەڵێنیەکەی دووپات کردەوە.

"دەبێ لەوە ئاگادارت بکەمەوە کە رەنگە وابزانی دەوڵەمەند بوون زۆر ئاسانە. بەڵام مەهێڵە سادەییەکەی فریوت بدات. هەر کات تووشی شك و گومان دەبیت، قسەکەی موتزارتت بیر بکەوێتەوە کە دەڵێ: "بلیمەتی لە سادەییدایە. سەرتا بە گومان دەبی. کە کات تێپەڕی و دەوڵەمەندی بە شێوەیەکی موگناتیسی و بە چاوەڕوان نەکراوترین شێوەی مومکین بەرەو لات بێت، ئیتر وردە وردە تێدەگەیت."

Scanned with CamScanner

"بەتەواوی و لە ناخمەوە نەمە ناواتم بوو: تێگەیشتن و پەی
پێبردن!"

"چ باشتر. هەر کە ئەم رازەت زانی، ئەو کات تێدەگەی کە بۆ
دەبێ بڕوات پێی هەبێ. بەڵام لە سەرەتادا، سەرەڕای سادەییەکەی
ئەم رازە هەر وا سەیر دەنوێنێ و ناتوانی بڕوای پێبکەیت و لێی
تێبگەیت. هەر بۆیە، پێویستە داوات لێبکەم، تۆزێک بڕوات هەبێت
ئەگەر ئەم رازە هەبێت، بە هۆی بڕواکەتەوەیە کە بووی بە خاوەنی
هەموو شتێک و ئەگەریش بوونی نەبێت، هیچ لە دەست نادەی."

Scanned with CamScanner

بەشی شەشەم

نەرکیز کردنە سەر نامانج

کابرای دەولەمەند وتی: "سەربەستی هەر پرسیارێکت لە مێشکایە دەتوانی لێم بپرسی." بە وەلامەکانیان دڵخۆش دەبم. پاش ماوەیەکی‌تر ناتوانی ئەم کارە بکەی. کاتێکی کەم پێکەوە دەبین. هەر بۆیە کاتەکە بە قسەو باسی بەلاش بەفیڕۆ مەدە. ئەمەش قەڵەم. ئایا پەڕە کاغەزەکەت پێیە؟"

" ئەوەتا لەسەر مێزەکەیە."

"ئایا بەڕاستی دەتەوێ دەولەمەند بی؟"

"گومان لەوەدا نیە کە دەمەوێ."

"زۆر باشە. ژمارەی ئەو پارەی دەتەوێو ئەو ماوەیەش کە دیاری دەکەی تا بەدەستی بێنی، بینووسە."

"ئایا پێت وایە بە هێنانە سەر کاغەزی ژمارەکان، لە ئاسمانەوە پارەم بە سەردا دەباری؟"

کابرای دەولەمەند وتی: "بەڵێ پێم وتی کە نەم رازە سادەیە. تەواوی نەو دەولەمەندانەی ناسیومن، پێیان وتووم. هەر کە ژمارەیەکیان نووسیوە و ماوەیەکیان دیاری کردوە بۆ بەدەست

Scanned with CamScanner

هێنانی، دەوڵەمەند بوون. ئەگەر نەزانی بۆ کوێ دەچی، رەنگە بە هیچ شوێنێك نەگەیت."

"وەك سیحرو جادووی دەبینم."

"بەڵام هەر بەو شێوەیە کە دەیبینی: سیحری ئامانجێکی وەدیهاتوو."

وەرە با لە گۆشە نیگایەکی‌ترەوە لە مەسەلەکە بڕوانین. وای بێنە پێش چاوی خۆت لە هەوڵی دۆزینەوەی کارێکدای. هەموو کارە پێویستییەکانت کردوەو ئێستا بانگ کراوی بۆ چاو پێکەوتن(مقابلە). ئەوەندەی پێناچێت، ئاگادار دەکرێی کە وەرگیراوی. ئەوکات تێدەگەی کە کارێکی تازەت دەست کەوتووەو دەبیتە خاوەنی پارەیەکی زۆر. کاردانەوەت چی دەبێ؟ بە دەست پێکردنی کارەکە، زۆر شادمان دەبی. هەڵبژێران لە ناو دەیان‌و بگرە سەدان کەسی پاڵێوراودا: شاکارێکی سەیرە! و بۆ نموونە، لەبەر ئەوەی سێ مانگە بێکاری، پێت وایە بێکارییەکی چەند باش بووە، بەڵام هەر کە شۆرو شەوقی هەوەڵت نامێنی، پاشان چ کاردانەوەیەکت دەبێ؟"

"باشە، دەمەوێ بزانم لە کەیەوە کارەکە دەست پێدەکات‌و بە روونی مانای پارەی زۆر چییە. ئاخر هەموو شتێك ڕێژەییە، دەمەوێ رادەی مووچەو ئیمتیازەکانی‌تری کارەکەم بزانم."

"زۆر باشە، بۆ نموونە ئەگەر لە بەڕێوەبەرە تازەکەت بپرسی، مەبەستی لە پارەی زۆر چییەو ئەویش هەر ئەوەندە بڵێ، پارەیەکی زۆرت دەستدەکەوێ، رازی دبی یان نا؟ لەوەش خراپتر رەنگە گۆمان

Scanned with CamScanner

لە راستگۆییەکەشی بکەی. رەنگە وابیر بکەیتەوە هەر ئەوەی کە نایەوی پارەیەکی دیاریکراو بڵێیت، بەو مانایە بێت کە ئەو ماستە بێ موو نیە و ئەگەری زۆری ئەوەش هەیە، مووچەکەشت ئەوەندە زۆر نەبێت، رەنگە ئەگەر، رازی نەبێت رێکەوتی دیاریکراوی دەست بەکار بوونەکەت پێبڵێ، هەر بەڕاستی دەکەوێتە گومانەوە. مەگەر نا؟ هەوڵدەدەی وەقسەی بێنی."

کوڕە گەنجەکە رازی بوو: "پێم وایە هەر بەو شێوەیە کە تۆ باسی دەکەی."

"ئەگەر هەرچەند سوریش بیت بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارانە نەزانی، پێدەچێ هەستی و بۆ دۆزینەوەی کارێکیتر روو لە شوێنیتر بکەیت. لە راستیشدا هەقی خۆتە کارێکی لەو چەشنە بکەیت."

"راستە، پێشنیارەکە تەواو نارۆشن و نادیارە."

دیار بوو کابرای دەوڵەمەند شادمانە، تاوێك وەستاو، بزەیەکی هاتێ کە نیشانەی قەشمەری -بەڵام بە نییەتێکی باشەوە- بوو.

"ئەو پرسیارەی لە کەسە گریمانەییەکەت کرد -کە قەرار بوو داتمەزرێنێ- مەگەر بۆ ئەوە نەبوو تا راستییەکانت بۆ دەرکەوێ؟ تەنیا ئەوەت بەڵاوە گرنگ نەبوو بزانی پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێ. دەتویست رادەی پارەکەش بزانی. تەنیا زانینی ئەوەی کە کارێکت دەست کەوتووە شادمانی نەدەکردی، دەتویست رۆژی دەست بەکار بوونەکەشت بزانی و رەنگ بوو بتویستایە هەمووی ئەمانە بنووسرێن، چونکە نووسینی رێکەوتن نامەکە پشتگیری

ڕێکەوتنی زارەکی(شەفەیی) دەکات. قسە دەڕوا بەڵام نووسین دەمێنێتەوە.

"ئەو شتەی زۆربەی خەڵك -یان لانی کەمەکەی کەسە سەرنەکەوتوەکان- لێی بێئاگان ئەوەیە کە، ژیان هەر ئەو شتەمان پێدەبەخشێ کە دەمانەوێ. هەر بۆیە یەکەم کار کە پێویستە بیکەی ئەوەیە کە ئەگەر نەوەی دەتەوێ داوای بکەی نارۆشن بێت، ئەوەشی بە نسیبت دەبێ بەو رادەیە تێکەڵوپێکەڵو نارۆشنە. ئەگەر کەمت بوێ کەمت دەست دەکەوێو زۆریشت بوێ، زۆرت دەست دەکەوێ.

"هەر داوایەکت هەیە، پێویستە بە تەواوی ڕوون بێت. کاتێك پارەیەکت مەبەستە، دەبێ ڕادەو ماوەی بەدەست هێنانەکەشی دیاری بکەی؟ دەزانی خەڵك زۆرتر چی دەکەن؟ تەنانەت ئەوانەی پارەو -پارەی زۆریشیان- دەوێ تووشی ئەم هەڵەیە دەبن: ڕادەی تەواوی پارەکەو ماوەی بەدەست هێنانەکەی دیاری ناکەن. ئەگەر دەتەوێ بزانی وایە یان نا، پرسیار لە هەندێك کەس بکە بزانە دەیانەوێ ساڵی داهاتوو چەندەیان دەست بکەوێ. داوایان لێبکە خێرا وەڵامت بدەنەوە. ئەگەر ئەو کەسە لە ڕێگەی بەختەوەریدا هەنگاو بنێ، ئەگەر بەڕاستی بزانێ بۆ کوێ دەچێ و ئەگەر بەلایەوە گرنگ نەبێت ڕازەکەیت بۆ بدرکێنێ، دەتوانێ خێرا وەڵامت بداتەوە. ئەگەرچی لە دە کەسدا نۆیان ناتوانن زۆری لە مێشکیان بکەن و وەڵامەکەت بە ئاسانی بدەنەوە. ئەمە باوترین هەڵەیە. ژیان دەیەوێ بزانێ بە ڕوونی چیت لێی دەوێ. ئەگەر داوای شتێك نەکەیت، شتێکیشت دەست ناکەوێ.

Scanned with CamScanner

پیرە پیاو وتی: "ئێستا با تاقیت بکەمەوە. وتت دەتەوێ دەوڵەمەند بیت."

"بێ گومان."

"پێم بڵێ بزانم دەتەوێ سااڵی داهاتوو چەندت دەست کەوێت."

کوڕە گەنجەکە هەستی کرد ناتوانێ وەاڵم بداتەوە. هیچ گرفتێکی لەگەڵ بەڵگەکەی پیرە پیاوەکەدا نەبوو. لە راستیدا لە ناخی دڵیشەوە بە راستی دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبوو دان بەوەدا بنێ کە لە ریزی زۆربەی ئەو کەسانەدایە کە دەیانەوێ دەوڵەمەند بن، بەاڵم نازانن دەیانەوێ چەندەیان دەستکەوێ. شەرم دایگرت. ناچار دانی بەوەدا نا کە: "نازانم. بەاڵم الم وایە هەستم بە یەکێك لە هەڵەکانم – رەنگە سەرەکیترین هەڵەش– کردبێ."

"هەڵەیەکی جدییە، پێویستە چارەسەر بکرێ. وەرەو ئەو ژمارەیەی لە میشتایە بینووسە."

گەنجەکە لە ژێر لێویەوە وتی: "هەر بەڕاستی هیچ شتێکم بە میشکدا نایەت."

"بەاڵم زۆر ئاسانە. ئەو ژمارەیە بنووسە کە حەز دەکەی سااڵی داهاتوو بە دەستی بێنێ. دەزانم چی بکەم. چەند دەقیقەیەك موڵەتت ئەیەمێ بۆ ئەوەی بیری لێبکەیتەوە. بەاڵم هەر کە موڵەتەکە تەواو بوو دەبێ ژمارەکە بنووسی. پێشتر ماوەکەیمان دیاری کردوە: لەم پۆوە تا سااڵنێکی تر. هەر بۆیە ئەوەی پێویستە بیری لێبکەیتەوە رادەی پارەکەیە. دەست پێبکە! کات بە فیڕۆ مەدە!"

Scanned with CamScanner

هەرکە ئەوەی وت، سەعاتە پەرداخە ئالتوونییەکەی سەر مێزەکەی هەڵگرت و سەروبنی کرد.

گەنجەکە خێرا هەستی بەکرانەوەیەک کرد لە مێشکیا، تێگەیشت کە لە هەموو ژیانیا ئەمە یەکەم جارە کە دەبێ بەم جۆرە قوڵە بیری لەسەر شتێک چڕ بکاتەوە. خۆی بۆ کونترۆڵ نەدکراو هەموو جۆرە ژمارەیەکی بە مێشکا دەهات. کات بە خێرایی تێدەپەڕی. کە دواین دەنکە زیخ کەوتە خوار، هێشتا ژمارەیەکی زوونی، دەستنیشان نەکردبوو.

کابرای دەوڵەمەند هێشتا چاوی لەسەر سەعاتەکە هەڵنەگرتبوو، وتی: "چ ژمارەیەکت لە مێشکایە؟"

سەرئەنجام کوڕە گەنجەکە گەورەترین ژمارەیەک کە دەیتوانی بە خەیاڵیدا بێت، خستییە مێشکییەوە و بە ئەسپایی ژمارەکەی نووسی.

کابرای دەوڵەمەند هاواری کرد: "هەر ٥٠,٠٠٠ دۆلار؟ خۆ ئەوە هەر هیچ نییە. هەرچەند ئەمە دەستپێکی کارەکەیە. پێم باشتر بوو بنووسی ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار. زۆری دەوێ تا دەوڵەمەند بی. بەڵام دەبینی ئەوەندەش هیلاکت ناکات وەک خەڵک بیری لێدەکەنەوە. سەرەڕای ئەوەی چ کارێک هەڵدەبژێری، ئەم کارەی کە پێیدەڵێن "کار کردن لە گەڵ خۆد"، گرنگترین کارە کە پێویستە لە ژیاندا ئەنجامی بدەی.

Scanned with CamScanner

سەرکەوتووەکان هەرگیز ناهێڵن هەلومەرج نازاریان بدات. کە سەیری ژیانی مرۆڤە گەورەکانی رابردوو دەکەی، دەبینی هەلومەرج و رەوشی ژیانی ئەوانیش هەروا دژوار -تەنانەت زۆر جاریش دژوارتر لە هی ئەم سەردەمە- بووە. بەڵام ئەم دژواریە بۆتە هۆی ئەوەی تا ئەوان بۆ دەست راگەیشتن بە هێزە شاراوەکانی ناخیان قوڵتر رۆچن. ئەو مرۆڤە گەورانە بڕوایەکی قوڵیان بەوە هەبووە کە دەتوانن کاری گەورە بکەن. تەواوی ئەوانەی دەوڵەمەند بوون، بڕوایەکی پتەویان بەوە هەبوو کە دەتوانن دەوڵەمەند بن و هەر بۆیە بەختەوەرییان لە ئامێز گرت.

"بەڵام با بچینەوە سەر باسی لاپەڕەکەی خۆمان: بێگومان ٥٠,٠٠٠ دۆلار گەورەترین ژمارە نەبوو کە بە میشکتا هات، وایە؟"

"راستە، گەورەترین ژمارە نەبوو."

"ئەی گەورەترین ژمارە چەند بوو؟"

"جۆرەها ژمارە بە میشکما دەهات."

"بۆ نموونە؟"

"١٠٠,٠٠٠ دۆلار."

"ئەی بۆچی ئەو ژمارەت نەنووسی؟"

"نازانم. پێم وابوو ناتوانم بەدەستی بێنم."

"تا ئەو کاتەی لەو بڕوایەدا نەبی کە دەتوانی بەدەستی بێنی، هەر وەک خۆت دەمێنیەوە."

Scanned with CamScanner

"لەبەر ئەوەی لە ٥٠,٠٠٠ دۆلارەوە دەستت پێکرد، دەبێ زۆر
هەوڵبدەین، ئەگەر ئەم کارە نەکەین، زۆری پێدەوێ تا دەوڵەمەند بی.
هەر بۆیە گەورەترین ژمارەیەک کە ئێستا پێتوایە دەتوانی بەدەستی
بێنی بینووسە. زەینت بکەرەوە.
کۆپە گەنجەکە پاش کەمێک بیرکردنەوە نووسی ٧٥,٠٠٠ دۆلار؟
کابرای دەوڵەمەند لە وەڵامی ئەم کارەیدا خێرا وتی: "پیرۆزە، لە
ماوەی چەند چرکەساتێکدا، ٢٥,٠٠٠ دۆلارت دەستکەوت، خراپ
نییە!"
"خۆ هێشتا دەستم نەکەوتووە."
"وەک ئەوە وایە دەستت کەوتبێت. گەورەترین هەنگاوت
هەڵگرتووە. بە دیاری کردنی ٧٥,٠٠٠ دۆلار لە جیاتی ٥٠,٠٠٠ دۆلار،
بەرفراوانتر لە خۆت روانیوە. هەنگاوێکی گەورە نییە، بەڵام هەر چۆنێک
بێت پێشکەوتنە. خۆ شاری "رۆما" بە شەوێک دروست نەکراوە.
"ناخت -ناخی هەموو مرۆڤێک- جۆرە رۆمایەکە. ئەوەی جێگەی
سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم شارەش هەر بەو جۆرەیە کە وێنای
دەکەی(چۆنی سەیر بکەی بەو شێوەی دەبینی). فراوانی شارەکەت
پەیوەستە بەو سنورەی بۆی دیاری دەکەی. بە زیاد کردنی ئەو
ژمارەی نووسیت، سنوری شارەکەت فراوانتر کرد. رۆمای دەروونت
گەشەی کرد و ئەمەش تەنیا سەرتای کارەکەیە."
"بە درێژایی مێژوو، تێکڕای بیرمەندە ژیرەکان وتوویانە
گەورەترین بەربەست، سنورێکە کە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دادەنێ. لەم
ڕووەوە گەورەترین لەمپەری سەر ڕێگەی بەختەوەری، لەمپەری

Scanned with CamScanner

زەینییەکانت چوارچێوەو سنووری ژیانت فراوانتر بکەی. بەم جۆرە هەلومەرج و ڕەوشی ژیانت وەها دەگۆڕێ، وەک بڵێی سیحرو ئەفسوون ڕوویداوە. بە پێی ئەو ئەزموونەی هەمە سوێندت بۆ دەخۆم ئەم شتە ڕاستە."

کوڕە گەنجەکە پرسیاری کرد: "بەڵام چۆن دەتوانم لەوە تێبگەم کە بەربەستەزەینییەکانم چین؟ ئەمانەش هەموویان هەم ڕاست دەنوێنن وهەمیش تەواو دابڕاو خەیاڵی دێنە پێش چاو."

کابرای دەوڵەمەند وتی: "ئێستا شێوەی پەیبردن بەو چوارچێوەو سنورەم بۆ ڕوون کردیتەوە کە پەیوەندی بە شێوەی لەخۆ ڕوانینەوە هەیە. کە ئەو ژمارەت نووسی، ئەو شێوە ڕوانینەت ئاشکرا کرد. بەڕاستی بینینی ئەوەی کە هەر کەسێک سەبارەت بە خۆی چۆن بیر دەکاتەوە، شتێکی سەرنجڕاکێشە. هەرکات کەسێک ئەم ڕاهێنانە تاقی بکاتەوە، ئەو ژمارەی دەینووسێ چۆنیەتی لە خۆ ڕوانینی ڕاستەقینەی پیشان دەدات. لەگەڵ چوارچێوەو بەربەستە زەینییەکانی خۆیدا ڕووبەڕوو دەبێت کە لەگەڵ ئەو بەربەستو چوارچێوانەی لە ژیانیدا لەگەڵیان بەرەو ڕووە، تەواو وەک یەک وان. بەو مەسەلەیە بزانی یان نا، ژیان لە بەرامبەر ئەو چوارچێوانەدا مل کەچ دەکا کە خۆی بۆ خۆی دیاری کردوە. ئەوانەی تووشی شکست دەبن لە هەموان کەمتر ئاگاداری ئەم بنەما سەرەکییانەی بەختەوەری و دەوڵەمەندین. کەسانی سەرکەوتوو بەم دیاردەیان زانیوەو زۆرترین کاریان لەسەر چۆنیەتی "لە خۆ ڕوانین" کردوە.

Scanned with CamScanner

"سەرەتا، ئاسانترین رێگە بۆ کار کردن لەسەر شێوەی "لەخۆراگرتن" ئەوەیە کە کەسەکە لاپەڕەیەکی سپی بێنێ و بەردەوام ژمارەی گەورەتری لەسەر بنووسێ. وەرە با ئەمجارەش راهێنانەکەمان دەست پێبکەینەوە. ئەم جارە ژمارەیەکی زۆر ئازایانە بنووسە."

کوڕە گەنجەکە چەند چرکەیەک بیری کردەوەو بە نابەدڵییەوە نووسی ١٠٠,٠٠٠ دۆلارو وتی ئەمە گەورەترین ژمارەیەکە کە دەتوانێ تەسەوری بەدەست هێنانی بکات.

رەنگە گەورەترین ژمارەیەک بێت کە بتوانی تەسەوری بکەی! بەڵام بێگومان گەورەترین ژمارە نییە کە دەتوانی بەدەستی بێنی. ژمارەیەکی زۆر بچووک و خۆ بەکەمگرانەیە. هەندێک کەس لە مانگێکدا ئەو بڕە پارەیە بەدەست دێنن، هەندێک لە هەفتەیەکداو تەنانەت هەندێک کەس لە رۆژێکداو لە هەموو رۆژێکی ساڵدا دەستیان دەکەوێ. هەر چۆنێک بێت، پیرۆزبایت پێدەڵێم. باش پێشکەوتووی: داهاتەکەت کردۆتە دوو ئەوەندەو بە شێوەیەکی بەرچاو چوارچێوەو سنورە زەینییەکانت بەرفراوان کردوە. بەڵام نەک بەو رادەی کە من بەدڵمەو نامەوێ زۆری و پەلەت لێبکەم. پێویستە بە دیاری کردنی ئامانجێک دەست پێبکەی کە هەم بوێرانەو لەهەمان کاتیشدا گونجاو بێت.

"نهێنی هەموو ئامانجێک ئەوەیە کە هەم مەزنیخوازانە بێتو هەم بتوانی دەستت پێی رابگات. بەڵام لە بیرت بێت کە زۆربەی خەڵک، زۆر خۆپارێزن: لە هەڵوەشاندنی سنورە زەینییەکانیان دەترسن. لەمپەرە زەینییەکانی خۆیان کردۆتە جۆرە خوویەک. راهاتوون ڕوو

Scanned with CamScanner

بکەنە دەرەوە. بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ژیان هەر ئەمەیە. لە خەیاڵ کردنێ دەترسن.

"نابی لە فراوان کردنی سنورە زەینییەکانت بترسی. ئەوەی کە دەتوانی بە نووسینی ژمارەکان و لە ماوەی سەعاتێکدا بیکەی سەرسوڕهێنەرە. لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا توانیوتە ئامانجەکەت دوو ئەوندە لێبکەیت. دواتر، کە بە تەنیا بووی، ئەم راهێنانەی تر بکە. لە ژوورەکەت دانیشە و ئاڕاستەی چارەنووسی دارایی دیاری بکە و بەم شێوەیە بینووسە: لەم ڕۆژە تا ٦ ساڵی تر دەوڵەمەند دەبم. ڕەنگە نارازی بیت لە بەرامبەر ئەو راستییەدا کە شەش ساڵی ڕەبەقی پێدەچێ تا دەوڵەمەند ببی. منیش لە گەڵتام. بەڵام وەگەڕ خستنی(چالاک کردنی) کلیلی ئەو نهێنییەی کە چارەنووسی دارایی و شانس و بەخت مسۆگەر دەکات هەر تەنیا چرکەیەک دەخایەنێت.

"من، خۆم بە پارەیەک کە ٢٥,٠٠٠ دۆلاری ئێستا دەکات دەستم پێکرد -کە دەوڵەمەندێکی بەسالاچوو بە قەرز دایمێ- و پێنج ساڵ و نۆمانگی تەواوی پێچوو تا یەکەم ملیۆن دۆلاری خۆم بەدەست هێنا. لەو کاتەوە بە کەڵک وەرگرتنی بەردەوام لەم بنەمایە، توانیومە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە نووسینی ژمارەی گەورەتر، ئەو پارەیە چەندین ئەوەندە لێبکەم. هەمیشە ئەم بنەمایە هەندێک کەسی خستۆتە پێکەنین و گاڵتەیان پێی هاتووە و لەبیریشت بێ لەو جۆرە شتانەش هەر ڕوودەدا. هەرچۆنێک بێت ئەوانەی پێدەکەنن دەوڵەمەند نین!"

کۆرە گەنجەکە بە تێفکرینەوە سەرێکی بۆ لەقاند، هێشتا بە تەواوی قەناعەتی نەکردبوو. زۆر ئاسان دیار بوو.

Scanned with CamScanner

کابرای دەوڵەمەند دریژەی بە قسەکانیداو وتی: "بێگومان ئەم بنەمایە لەسەر ئەو کەسانە کاریگەرە کە دەیانەوێ لە دەوڵەمەندی واوەتر بچن. ئەگەر چی هەموویان ڕێزی مەزنیخوازی دەگرن. ئەمە جوانی ئەم ڕازەیە. ئەم خاڵە بۆ هەموو کەسێك وەك یەك وایە: لە خۆبەکەم گرترینیانەوە بگرە تا شکۆمەندترینیان. دەتوانی وابکەی هەموو ساڵێك ٥٠٠٠ دۆلار بە داهاتەکەت زیاد بکەیت، یان هەموو ساڵێك داهاتەکەت دوو بەرابەر زیاد بکەی: ئەم زیاد کردنە دەکرێ لە هەموو ڕووەکانی ژیاندا بێت.

"کەواتە ئەگەر کێشەیەك نیە، بچۆرە ژوورەکەت و ماوەیەك لەوێ بە، تا منیش سەرێك لە گوڵە سورە بەنرخەکانم بدەم. ئەو ڕستە بنووسە کە پێم وتی: "لەم ڕۆژە تا شەش ساڵیتر دەوڵەمەند دەبم و هەروا دەوڵەمەند دەمێنمەوە". ئەوکات ڕێکەوتی ڕۆژو مانگو ساڵەکەش بنووسە. هەر هەستێکت لا دروست بوو —هەر چییەك بوو— بێ سێ ودوو بینووسە. لەسەر مێزەکەی ژوورەوە چەند لاپەڕەیەکی سپی لێیە. ئەوەت لەبیر بێت: تا ئەو کاتەی خوو بە ئامانجی دەوڵەمەند بوونەوە نەگری و ئەم ئامانجە نەبێتە بەشێك لە ژیان و قوڵترین بیرکردنەوەکانت، هیچ شتێك ناتوانێ یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بیت.

"ئێستا بڕۆ و بیر لەو بنەمایە یان دەستەواژە تەئکیدیە بکەرەوە کە پێم وتی. با لە ماوەی شەش ساڵی داهاتوودا، بنەمای ڕێپیشاندەرت بێت."

Scanned with CamScanner

بەشی هەشتەم

کاریگەری ونە

پاش سەعاتێك خزمەتکارەکە هات کوپە گەنجەکە -کە بە قوڵی لە بیری ئەو راهێنانە سەیرو نامۆیەدا بوو کە کابرای دەوڵەمەند بۆی دانابوو و وادیار بوو کە هەر کات تێناپەڕێ- لەگەڵ خۆیدا ببات.

خزمەتکارەکە وتی، کابرای دەوڵەمەند لە باخچەکەدا چاوەڕوانێتی و بێ ئەوەی قسەیەك بکات تا لای کابرا لەگەڵیا ڕۆشت. خانەخوێ لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و لەو گوڵە سوورە رامابوو کە تازە لێی کردبۆوە. هەر کە گوێی لە نزیك بوونەوەی دەنگی پێی کوپە گەنەجەکە بوو، سەری هەڵبڕی، هەر بەڕاستی مرۆڤێکی نوورانی بوو، وا دەهاتە پێش چاو لە حاڵەتێکی تەواو شادمانیدا بووبێت.

پرسی: "راهێنانەکە چۆن بوو؟ بە خێر گوزەرا؟"

"بەڵێ، بەڵام پرسیارم زۆرە."

"دەزانم! بۆیە لێرەم."

داوای لە کوپە گەنجەکە کرد لە تەنیشتیەوە دانیشێ.

بە پیرە پیاوەکەی وت: "ئەوەی بە تایبەت ئازارم دەدات ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ئەم رستە شێتانەیەش بنووسم و بیری لێبکەمەوە،

Scanned with CamScanner

چۆن لە ماوەی شەش ساڵدا دەوڵەمەند دەبم. چۆن دەتوانم خۆم بەو قەناعەتە بگەیەنم کە دەتوانم دەوڵەمەند بم؟ ئاخر تەنانەت نازانم لە چ بوارێکدا کار بکەم و هەست دەکەم هێشتا زۆر گەنجم و زووە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم."

"گەنجێتی رێگر نیە. زۆر کەسی لە تۆ گەنجتر دەوڵەمەند بوون. گەورەترین رێگر بێئاگاییە لەو نهێنیانە، یان زانینیان و بە کار نەهێنانیانە."

"من ئامادەم بە کاریان بێنم. تەنیا کێشە ئەوەیە کە پێموانیە بتوانم راستگۆیانە خۆم بەو قەناعەتە بگەیینم کە دەتوانم دەوڵەمەند بم."

"لە بنەڕەتەوە تەنها بە یەک شێوە دەتوانی ئەم کارە بکەی، هەر بەو شێوەی کە خۆت هان دەدەی تەنانەت ئەگەر بشتهەوێ ناتوانی دەوڵەمەند بیت(بە تەڵقین بەخۆ کردن).

لە ماوەی چەند رۆژ، یان بەلایەنی زۆرەوە تا چەند هەفتەی داهاتوو، مەیل و خواستی دەوڵەمەندێکی "ئانی"(کت وپڕ) لە خۆتا پەروەردە دەکەی. بێگومان ماوەیەکی دەوێ تا ئەوەی لە ماوەی چەندین ساڵدا داترشتووە، لێکی هەڵوەشێنیەوە.

"رازی پەروەردە کردنی ئەم کەسێتییە لە وتەی ئاوێتە بە وێنا کردندایە، رێگەیەکی تایبەت کە ئەندێشەکان بە هۆیەوە خۆیان ئاشکرا و بەیان دەکەن. هەر ئەندێشەیەکت لە میشکا بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانتا خۆی دەردەخا. تا مرۆڤ مەیلی بەهیزتر بێت ئەندێشەکانی بەهێزتر دەبێ و خێراتر دێتەدی و پێگەکانی ژیانی

Scanned with CamScanner

دادەڕێژێ. هەراکلیتۆس(Heraclitus)ی فەیلەسوفی یۆنانی کۆن کە بێگومان پێی ئیلهام کرابوو، دەڵێ: "چارەنووس واتە مەیل و ئەندێشە."

"ویستن باشترین هەوێنی مانەوەی ئەندێشەکانە. تا خواستەکە بەهێزتر بێت، ئاواتەکەت خیراتر دێتەدێ. ڕێگەی دەوڵەمەند بوون ئەوەیە کە لە ناخی دڵەوە بتەوێ دەوڵەمەند بیت. بەختەوەری لە هەموو بوارێکی ژیاندا، دڵ گەرمی و سور بوونی پێویستە."

کوڕە گەنجەکە وتی: "لە ناخی دڵەوە حەز دەکەم دەوڵەمەند بم. بە دڕێژایی تەمەنم هەر کارێك توانیبێتم ئەنجامی بدەم، کردومە. بەڵام تا ئێستا هیچ کامیان کارێگەر نەبوون."

"پێویستی بە خولیایەکە ئارامت لێهەڵگری، بەڵام ئەوەش هەموو شتەکان نییە. ئەوەی تۆ نیتەو پێویستە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت خاوەنی بی، بڕوایە. دەبێ بۆوات بەوە بێ کە دەوڵەمەند دەبیت."

"چۆن دەتوانم ئەو بڕوایە لە خۆمدا دروست بکەم؟"

"زۆر کتێبم لەو پەیوەندییەدا خوێندۆتەوەو ئەوەی کە ماموستاکەم فێری کردم لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی بە دەستم هێناون دێتەوە: بڕوا تەنها بە دووپات کردنەوەی بەیت(وتە) لە ناخی مرۆڤدا دروست دەبێ. قسە کارێگەرییەکی سەیری لەسەر ژیانی ناوەوەو دەرەوەی ئێمە هەیە. قسە توانایەکی ڕەهای هەیە. زۆربەی خەڵك هەر ئاگایان لەم بنەمایە نیەو سوودی لێوەرناگرن. ئا، قسەکەم راست دەکەمەوە. زۆر جار کارێگەرییەکانی قسە لە دژی خۆیان بەکار دێنن."

Scanned with CamScanner

کوڕە گەنجکە وتی: "نامەوێ قسەیەکی پێچەوانەی قسەکانی تۆ بکەم، بەڵام پێم وایە ئیتر ئەوە زیادە ڕۆییە. لە ڕاستیدا تێناگەم ئاخر قسە چۆن دەتوانێ یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم. بێگومان بایەخیان هەیە، بەڵام زۆر شتی گرنگترو باشترو بەهێزتر هەیە."

کابرای دەوڵەمەند وەڵامی نەدایەوە. کەمێك بیری کردەوەو ئەوکات وتی: "لە ژوورەکەمو لە ناو ئەو مێزەدا کە شتی لەسەر دەنووسم، دەفتەرێکی بچووکی تیایە کە بە شێوەیەکی زۆر باش ئەم مەسەلەیە شی دەکاتەوە. زۆر کەمە، بڕۆ بیخوێنەوەو لێی تێبگەو پاشان وەرەوە خواڕەوە، ئەوکات درێژە بە قسەکانمان دەدەین."

کوڕە گەنجەکە گەڕایەوە ژوورەکەی درگاکەی داخستو لە چەکمەجەی مێزەکەدا بۆ دەفتەرەکە دەگڕا، بەڵام نامەیەکی کەوتە بەر چاو کە وادیار بوو بۆ ئەو نووسرا بێ، هەرچەند ناوی ئەوی بەسەرەوە نەبوو: نامەیەک بۆ دەوڵەمەندە گەنجەکە.

نامەکەی هەڵپچڕی. بە قەڵەمێکی سوور تەنیا لەسەری نووسرابوو: خوات لەگەڵ. ئیمزا: دەوڵەمەندی "ئانی"

کوڕە گەنجەکە کەوتە دڵەکوتە. لەو دەمەدا لە پشت سەریەوە دەنگێکی سەیری بەر گوێ کەوت. ئاوڕی دایەوەو چاوی کەوت بە کۆمپیوتەرێك کە تا ئەو کاتە هەستی پێنەکردبوو. خێرا خێرا لە سەر شاشەکەی هەندێ وشە دەنوسرا. هەمووشیان یەك ڕستە بوون و دووپات دکرایەوە.

تەنیا یەک سەعاتی دیکە دەژی

تەنیا یەک سەعاتی دیکە دەژی

Scanned with CamScanner

تەنیا یەک سەعاتی دیکە دەژی

ئەگەر ئەمە گاڵتەیە، بەڕاستی گاڵتەیەکی بێ مانایە. گەرچی دەبوو گاڵتە بێ. بۆچی کابرای ملیۆنەر لە پڕ دەیویست ئەو کوڕە بمرێ؟ خۆ ئەو گەنجە هیچ خراپەیەکی لە گەڵدا نەکردبوو. بەڵام هەموو شتێکی ئەو شوێنە سەیر بوو. پێدەچوو کابرای دەوڵەمەند شێتێك بێ و نیازە خراپ و جنایەتکارییەکانی لە پشت روالەتێکی چاکەکارانەوە حەشار دابێ.

کوڕە گەنجەکە بەشێوەیەکی ترسناك تاسابوو. هەر چونێك بێ لەوە دڵنیا بوو کە: تەنانەت ئەگەر گاڵتەش بوایە، ئیتر گیانی خۆی نەدەخستە مەترسییەوە. رایدەکرد و چەکەکەی و بۆچوونە ئەفسوناویەکانی کابرای دەوڵەمەندی لەبیر دەکرد کە بۆ رازی کردنی خەیاڵە گەمژانەکانی کەڵکی لێوەردەگرت.

نامەکەی تۆپڕاو بەرەو درگاکە چوو، بەڵام ئەمجارەش داخرابوو. ترسی لێنیشت. دەسکی درگاکەی راوەشاند، ویستی بە زۆر درگاکە بکاتەوە، بەڵام هیچ سودی نەبوو. کوڕە ئیتر دەهری ببوو. رایکرد بەرەو پەنجەرەکە و سەیری کرد کابرای دەوڵەمەند لە باخەکەیدا خەریکی کاری خۆیەتی. بانگی کرد، وەڵامی نەدایەوە.

هەر کە خزمەتکارەکەش هاتە ناو باخچەکەوە، کوڕە شێت ئاسا بانگی کرد. بەڵام دەتوت هەر هاواریشی نەکردووە، وەڵامی نەدایەوە.

Scanned with CamScanner

ئیتر ئەمە چ مەترسییەکی ترسناک بوو رووی تێکردبوو. چەند جاری‌تر بانگی کردن. دوای خزمەتکاری یەکەم، خزمەتکارێکی‌تریش هاتە ناو باخەکەوە. ئەویش دەتووت هەر گوێی لە هاوارو بانگە بانگی ئەم بەسزمانە نییە. کوڕە تا دەهات هیوا بڕاوتر دەبوو.

هەروا کە هیوا بڕاوانە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، چاوی کەوت بە تەلەفۆنێك. کە گەمژەیە! ئەی جاری پێشوو بۆ بیری لەوە نەکردبۆوە؟ رەنگە ئەوەش وەك کۆمپیوتەرەکە هەر لەویا بووبێ و نەیبینیوە.

تەلەفۆنی کرد بۆ سەرپەرشتیاری کارەکان و داوای ژمارە تەلەفۆنی نزیکترین بنکەی پۆلیسی کرد. ئەویش ژمارەیەکی دایە... دەنگی بەجوانی نەدەبیستراً. خێرا ژمارەکەی وەرگرت، بەڵام پەیوەندی‌تری لەگەڵدا بوو. چەندین جار ئەو ژمارەی وەرگرت. کە سەرنجی ژمارەکەی‌دا سەیر دەکات تەلەفۆنی بۆ ژوورەکەی خۆی کردوە!

شێتانە بۆ شتێك دەگەڕا تا درگاکەی پێ بکاتەوە. کە لە پاڵ پەنجەرەکەوە تێپەڕی، پیاوێکی بینی بەرەو ئەو خانوو دەهات. عەبایەکی رەشی فش‌و هۆڵ لەبەرداو کلاوێکی لێوار پانی رەشیشی لەسەردا بوو. کوڕە زندقی چوو، تا ئەو رادەیەی کە خەریك بوو لە ترسان دڵی بوەستێ. دەبێ کێ بێ جیا لە کەسێکی پیاو کوژ کە بۆ کوشتنی ئەو دیاری کرابوو؟ روون‌و ئاشکرا بوو کە کەوتبوە تەڵەوە. دەمرێ.

Scanned with CamScanner

هێندەی پێنەچوو، گوێ لە دەنگی پێیەك بوو كە زۆر بە قورسی هەنگاوی هەڵدێنایەوە و لە ژوورەكەی ئەونزیك دەبۆوە. ناهەقی نەبوو. ئەجەڵی هاتبوو. بە دوای شتێكدا دەگڕا تا بتوانێ پارێزگاری پێی لە خۆی بكات، كەڵو قوژبنی ژوورەكەی پشكنی، بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. گوێی لە دەنگی كلیلێك بوو كە خەریك بوو درگاكەی دەكردەوە. دەسكی درگاكە سوڕا، درگاكە كرایەوە.

لەناو درگاكەدا، سێبەرێكی تاریك و رەشی بینی پاشان خێرا زەلامێكی وەك پەیكەر بێدەنگ و بێ جوڵە، لە ناو درگاكەدا زەق بۆوە. ئەوكات پیاوەكە دەستی برد بۆ گیرفانی. كوڕە گەنجەكە وایزانی، چەقۆیەك، شتێك دەردێنێ، بەڵام ئەو غەریبە نەناسە لە جیاتی چەقۆ، كاغەزێكی دەرهێنا. كلاوەكەی بەرز كردەوە و گەنجەكە، كە بە هەناسە سواریەوە چاوەڕێی خراپترین شتی دەكرد، سەیر دەكات كابرای دەوڵەمەندە.

كابرای دەوڵەمەند وتی: "ئەو كاغەزەت لە بیر چوو كە لە ناو باخچەكەدا ژمارەكانت لە سەر دەنووسی. دەفتەرە بچكۆلانەكەت دۆزییەوە كە باسم كرد؟"

كوڕە گەنجەكە بە تۆڕەییەوە وتی: "نا، لە جیاتی دەفتەرەكە ئەوەم دۆزییەوە."

نامەكەی لەسەر عەرزەكە هەڵگرتەوە.

كوڕە گەنجەكە لێی پرسی: "مانای ئەم سیناریۆیە نامۆیەی ئێستا ئەنجامتدا، چییە؟ هیچ دەزانی دەمتوانی راپێچی بەردەم یاسات بكەم؟"

Scanned with CamScanner

"بەڵام خۆ ئەوانە هەندێ وشەن‌و هیچی‌تر. وشەیەکی لەسەر کاغەز نووسراوو چەند وشە لە سەر شاشەی کۆمپیوتەرێك. ئەی خۆ تۆ وتت بڕوام بە کاریگەری وشە نیە؟ ئێستا سەیری خۆت بکە بزانە چت بەسەر هاتووە..."

کوڕە گەنجەکە لەپڕ تێگەیشت، کابرا باسی چی دەکات.

"تەنیا ویستم دەرسێکی خێرات فێر کەم. ئەزموون، مامۆستایەکی زۆر باشترە لە تیۆرێکی رووت‌و پەتی. ئەزموون واتە ژیان.

مەگەر فەلسەفەی گۆتە هەر ئەوە نەبوو؟ خۆڵەمێشی رەنگی تیۆرەو سەوز رەنگی درەختی ژیانە.

"ئێستا تێگەیشتی وتە تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە؟ توانایەکی ئەوندە کارێگەری هەیە کە تەنانەت پێویست ناکات حەتمەن راست بێت تا کار لە خەڵك بکات. دڵنیابە هەرگیز نیەتێکی خراپم بەرامبەر بە تۆ نەبووە."

کوڕە گەنجەکە کە بەرە بەرە هێور دەبۆوە، لێی پرسی: "چۆن بمزانیایە؟"

"دەکرا مێشکت بەکار بێنی‌و پرسیار بکەی، چ پێویست دەکات بتکوژم؟ خۆ تۆ هەرگیز ئازارێکت بۆ من نەبووە. خۆ ئەگەر خراپەیەکیشت بۆم هەبایە، هەرگیز کاتی خۆم بە تۆڵە ئەستاندنەوە بە فیڕۆ نەدەدا. هەر ئەوەندەم لە خوا دەوێ دەست‌و باڵم کراوە بێ تا ئاگام لە گوڵە سورەکانم بێت.

Scanned with CamScanner

"دەبوو پشت بە هەستی لۆژیکیت ببەستی. بەڵام تێگەیشتی کە لەم کاتانەدا لۆژیک چەند دەستە وەستانە. بەراستی ئەوکات کە لە پەنجەرەکەوە بانگت دەکردین و ئێمە وامان دەنواند کە نابیستین، تەواو هیوابڕاو ببووی. هەڵەی تۆ لە خوێندنەوەی وشەکاندا نەبوو، بەڵکو لەوەدا بوو کە بڕوات بەو وشانە کرد. بەم کارە، لە ڕووی غەریزەوە ڕەچاوی گەورەترین یاسات کرد کە بەسەر زەینی مرۆڤدا حاکمە: کاتێک خەیاڵ و لۆژیک لەبەر یەک ڕاچن، هەمیشە خەیاڵ سەردەکەوێ."

ئەوکات کابرای دەوڵەمەند چەند لاپەڕەیەکی لە پرتەرەکە ڕاکێشا و دایە دەست کوڕە گەنجەکە: "بە هەڕەشەیەک پەشۆکای کە هەر ڕوو لەتۆ نەبوو."

لەسەرەوەی لاپەڕەکەی ناوی نەناسێک نووسرابوو. کوڕە گەنجەکە تاسابوو، نەک هەر هەڕەشەکە ساختە بوو بەڵکو هەر لە بنەڕەتیشەوە ڕووی لەو نەبوو.

Scanned with CamScanner

بەشی نۆیەم

پەی بردن بە ناخی گوڵی سور

کابرای دەوڵەمەند بە کوڕە گەنجەکەی وت: "ئەمڕۆ زۆر شتی گرنگ فێر بووی هیوادارم ئەوانەت بە میشکو هەروەها بە دڵ وەرگرتبێ.

"ئێستا تێگەیشتی، بمانەوێو نەمانەوێ، وتە کاریگەریەکی قوڵی بەسەر ژیانمانەوە هەیە. ئەندێشە -تەنانەت گەر درۆش بێت- ئەگەر پێت وابێ راستە، دەتوانێ کاریگەری بەسەرمانەوە هەبێت. کاتێک فێر دەبی بەها و ئەرزشی ئەندێشە دیاری بکەی -واتە ئەو ئەرزشەی کە تۆ پێی‌دەدەی- زەینت دەتوانێ ئاسودەیی بەدەست بێنێتەوە یان ئەو ئاسودەییە بپارێزێ."

کابرای دەوڵەمەند تۆزێ مات بوو، پاشان بەم شێوەیە درێژەی بە قسەکانی‌دا.

"لە داهاتوودا هەر کە تووشی کێشەیەک بووی -ریگای گەیشتن بە سەروەتو سامان پڕە لە کۆسپو تەگەرە- ئەم هەڕەشە تایبەتە بیر خۆت بێنەرەوە. لەبیرت بێت، ئەم هەرەشە چەندە پەیوەندی بە تۆوە بوو ئەو کێشەی بەرو رووت بۆتەوە هەر ئەوەندە پەیوەندی بە تۆوە هەیە. رەنگە پێت وابێت ئەمە شتێکی ناواقع بینانەیە، چونکە

Scanned with CamScanner

ئەوە تۆی کە دەبێ بەرەو رووی ئەو کێشە ببیتەوە. بەڵام هیچ پێویست ناکات کۆڵی پێوە هەڵگری یان وابکەیت کێشەیەک ئەوەندە لە خۆت گەورە بکەیتەوە زیانت پێبگەیەنێت. ئێستا کە گەیشتوویتە ئەم شوێنە –کە ئاسان نیە– دڵنیابە لەزانینی ئەرزش داناندا بوێتە مامۆستا و دەتوانی هەموو خەون و خەیاڵەکانت بێنیتەدی.

"پێویستە ئەوە بزانی، رەنگە ئەو سەفەرە تا گەیشتن بە زاڵ بوون و باڵا دەستی، سەفەرێکی دوورو درێژو ئەستەم بێت، بەڵام هەرگیز لێی سارد مەبەرەوە. بە دڵنیایەوە ئەرزشی ئەو خۆ ماندوو کردنەی هەیە. رۆژێک تێدەگەی کە زاڵ بوون بەسەر چارەنووس و وەدیهێنانی خەونەکانت، دوا ئامانجی ژیانەو ئەوانیتر ئەو بایەخەیان نییە."

هەر دووکیان بێدەنگ بوون و قوڵ رۆچوون. کوڕە گەنجەکە خەمێکی لە چاوی کابرای دەوڵەمەندا بەدی دەکرد...

کابرای دەوڵەمەند وەک بڵێی، هەموو ئەو شتانە بخاتەوە سەر یەک کە تا ئێستا وتبوونی، وتی: "ژیان لەسەر زەوی –بە گوێرەی شێوەی بیر کردنەوەت– دەتوانێ باخێکی پڕ لە گوڵی سوور یان جەهەنەمێک بێت. زیاتر بیر لە گوڵی سور بکەرەوە. هەر کات تووشی کێشەیەک هاتی بچۆرە ناخی گوڵی سورەوەو ئەوەت لە بیربێ کە پێویست ناکات کوڵ بە کێشەکانەوە هەڵگرێ."

بە شێوەیەکی زۆر تایبەت پێی لەسەر ئەو قسەیە داگرت کە: "زۆربەی خەڵک لەو قسە تێناگەن کە ئێستا باسم کرد. لەو بڕوایەدان گەشبینی رەها واتە کاڵ فامی. بەڵام زۆر لەوە قوڵترە کە ئەوان بیری

Scanned with CamScanner

لێدەکەنەوە. دنیا جیا لە رەنگدانەوەی ناخی مرۆڤ شتێکی‌تر نیە. هەلومەرج و رەوشی ژیانت ناوێنەیەکەو ناخت پیشان دەدات. تەرکیز بکەرە سەر ناخی گوڵی سور، ئەو راستی و ئیلهامەت دەست کەوێت کە بۆ رێنمایی کردنت لە تەواوی ژیانتا پێویستتە.

"دوو نهێنی سەروەت و سامانی راستەقینەشت(کە بریتین لە): عەشق بۆ ئەو کارەی دەیکەیت و خۆشویستنی کەسانی‌تر، بۆ ناشکرا دەبێت."

Scanned with CamScanner

بەشی دەیەم

زاڵ بوون بە سەر زەبنی ناهۆشیار(نەست)دا

دەوڵەمەندی بە سالاچوو دوای ئەو دەستە واژە دڕێژەی کە لەناخی دڵیەوە دەریبڕی، ماندوو دیار بوو، چەند دەقەیەک بێدەنگ بوو. ئەوکات زۆر بە ووردیو بە پێدا گرتن لە سەر هەر وشەیەک بەم شێوەیە دڕێژەی بە قسەکانیدا.

"ئەو بنەما یان دەستە واژە تەئکیدیەی دام بە تۆ بەرادەیەک بەهێزە کە ئەگەر لە سەرەتادا بەس لەو بڕوایەدا بێت کە زۆر کەم پێدەچێ رەنگە دەوڵەمەند ببی، ئەوا دەبی بە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی دنیا. بەو شێوەیەی کە مامەڵەت لە گەڵ پەیامی کۆمپێتەرەکەدا کرد، هەر واش مامەلە لەگەڵ ئەم بنەمایەدا بکە: وەبزانە راستە. ئەگەر بڕوات هەبێت کە کارێک دەکەیت، بێگومان دەکەیت."

کۆڕە گەنجەکە وتی: "سەبارەت بە کۆمپیۆتەرەکە، هێشم فریو بخۆم. تووشی ئالۆزی هاتم. بەڵام ئەم بنەمایە تەواو جیاوازە. ناتوانم بڕوا بکەم لەم ڕۆوە تا شەش سالی تر، دەوڵەمەند دەبم."

"تەنانەت ئەگەر ئێستاش بڕوات بەم بنەمایە نەبێت، واش هەر بە کەڵکت دێت. تا زیاتر لە ناختا بیچەسپێنی، بەهێزتر دەبێ. نابێ

Scanned with CamScanner

وەلامی عەقڵ(زەینی ئیستدلالی) یان زەینی هۆشیار بدەیتەوە. هەرەشەکە وەبیر خۆت بێنەرەوە. بەشێك لە بوونت -خەیاڵت- لێی وەڕاست گەڕا، خەیاڵ ئەو شتەیە کە هەندێك کەس پێیدەڵێن زەینی ناهۆشیار. زەینی ناهۆشیار هەموو ژیانت دەبا بەڕێوە. دەتوانم چەندین سەعات لەسەر تیۆری زەینی ناهۆشیار قسەت بۆ بکەم. بەڵام هەر ئەوەندە بەسە بۆ تۆ کە بزانی وشە(وتە) کاریگەری لەسەر زەینی نیوە هۆشیار دادەنێ. ئایا ئێستا تێدەگەی بۆچی ناتوانی بڕوا بەو راستییە حاشا هەڵنەگرە بکەی کە لە ماوەی کەمتر لە شەش ساڵدا دەوڵەمەند دەبیت؟"

"بەداخەوە، تێناگەم."

"راستیەکەی ئەوەیە کە ساڵیانی ساڵ بە خۆت وتووە ناتوانی. ئەم وشانە بە قوڵی لە زەینی نیوە هۆشیارتا نەخشاون. لەراستیدا هەموو ئەو ئەزموونو ئەندێشانەی لە ژیانتا هەتبوونو تەواوی ئەو قسانەی لە رابردوودا بیستوتن، لە زەینی نیوە هۆشیارتا هەڵگیراون. لە درێژماوەدا ئەم یادەوەرییە سەرسوڕ هێنەرە، جۆری لە خۆ رووانیت پێکدێنێت. بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەی ئەزموونەکانی پێشووت و وتوێژی دەروونیت تۆیان بەو قەناعەتە گەیاندوە کە کەسێك نیت بتوانی دەوڵەمەند بیت. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بابەتیانە قسە بکەین، تۆ تەواوی ئەو مەرجانەت تیایەو زۆر ئاسانتر -لەوەی کە تەسەوری دەکەی- دەتوانی ئەنجامی بدەی. وەك هەموو کەسێکی تر. شێوەی لە خۆ روانین ئەوەندە بەهێزە کە بێ ئەوەی هەستی پێبکەی دەبێ بە چارەنووست. بە شێوەیەکی سەرسوڕ

Scanned with CamScanner

مێنەرانە رەوش و هەلومەرجی دەرەکی، خۆیان لەگەڵ ئەو شێوە
روانینەدا دەگونجێنن کە دەڕوانیتە خۆت."

"رەنگە بتوانم. بەڕاستی حەز دەکەم تاقی بکەمەوە. کێشە ئەوەیە
نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم."

"بیر لەو هەرەشەیە بکەرەوە کە ئەزموونت کرد. خۆ راست نەبوو.
بەڵام بە شێوەیەك کاری تێکردی دەتوت راستە. ئەو کارەی پێویستە
بیکەی ئەوەیە کە ئەو فێڵە لە خۆت بکەی. ئەمجارەشیان زەینی
ناهۆشیار، لە جاری پێشوو زیرەکتر نابێت. لە سەردەمی منالیتەوە
-هەر تەڵقینێکت قبوڵ کردبێ، ئەگەرچی درۆش بووبێت- لە
راستیدا فێڵت لە زەینی ناهۆشیارت کردوە. رەنگە شتێکت قبوڵ
کردبێ کە هەر راست نەبووبێت. کەواتە ئێستاش هەمان شت تاقی
دەکەیتەوە. لە رێگەی ویست و ئیرادەشەوە دەتوانی کار بکەیتە سەر
زەینی ناهۆشیارت، ئەوەندە ئاسانە وەك بڵێی مالباجێنەیە. هەر کە
بە مەیلی تۆ کەوتە ژێر کاریگەریەتەوە، دەتوانی، ئەوەی دەتەوێ
بەدەستی بێنی. بۆچی؟ چونکە زەینی ناهۆشیارت قەناعەت دێنێ
کە دەتوانێ تەواوی ئەمانە بەدەست بێنێ. هەر بەو شێوەی کە ئێستا
ئەو راستییە قبوڵ دەکەیت کە ناتوانی شتێکی زیاترو باشتر
بەدەست بێنی، ئەو راستیەش قبوڵ دەکەی کە دەتوانی. ئەمە هەمان
شتە شاراوەکەی پێشترە کە باسمان کرد. مرۆڤ رەنگدانەوەی ئەو
ئەندێشانەیە کە لە زەینی ناهۆشیاریدا کەڵەکە بووە.

"گرنگترین کار ئەوەیە کە بە باشترین شێوەی گونجاو، پێت وابێ
ئەو شتەی بەخۆتی تەڵقین دەکەی راستە. بۆ پێویستە کار لەسەر

Scanned with CamScanner

زەینی ناهۆشیار بکەین؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئەگەرچی بەهێزە بەڵام ناتوانێ راست و درۆ لە یەکتر جیا بکاتەوە."

"وایە، بەڵام ئەگەر لە نێوان زەینی هۆشیارو زەینی ناهۆشیاردا کێشمەکێش هەبوو، چی رووەدات؟ ئەگەر زەینی ناهۆشیارم ئامانجی سەروەت بەدەست هێنان قبوڵ نەکات چی روو دەدات؟"

"باشترین رێگە چارە دووپات کردنەوەیە. ئەم تەکنیکە پێی دەوترێ "تەڵقین بەخۆ کردن". هەموومان لە ژیانماندا بەکاری دێنین. هەموو رۆژێک لە ژێر کاریگەری تەڵقینە دەرەکی و دەروونیەکان داین. گفت وگۆی دەروونی کە هەموومان لەگەڵیدا بەسەر دەبەین، ژیانی دەروونیمان دروست دەکات. هەندێک لە ئێمە بەردەوام بە خۆمان تەڵقین دەکەین کە هەرگیز سەرکەوتوو نابین، چونکە لە خێزانێکی سەرنەکەوتوودا لەدایک بووین یان لە رابردوودا شکستمان خواردوە، یان رەنگە لەبەر ئەوەی پێمان وایە خوێندەواری، پارە، پسپۆڕی، ئەقڵ، توانای بەڕێوە بردن یان شانس و بەختی پێویستمان نیەو هەزارو یەک شتی تری لەو بابەتە. هەر بۆیە لە شکستێکەوە بەرەو شکستێکی تر هەنگاو دەنێین. چونکە ناهۆشیارانە وامان لە خۆمان روانیوە، نەک لەبەر ئەوەی مەرجە پێویستەکانی بەختەوەریمان تێدا نیە.

کابرای دەوڵەمەند لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "هەندێ کەس لەو بڕوایەدان هەرگیز هاوسەرێکی باشیان دەست ناکەوێ، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەموو مەرجەکانیان تێدایە بۆ ئەوەی هاوسەرێکی باشیان دەست بکەوێ. ئەو هاوسەرە گریمانەییە وەک تاعون لێیان

Scanned with CamScanner

رادەکات. توانای لە خۆ روانین(بالا دەستی ئەو وێنەی لە خۆیانیان هەیە) -کە رەنگدانەوەی زەینی ناهۆشیارە- لەو کارە بەرپرسە. زەینی ناهۆشیار رەوشێك دەخولقێنێ کە وا لەوانیتر دەکات تخوونی نەکەون.

"بەلام دووپات کردنەوەی بنەما سلبییەکان کە وەها کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ژیانمان هەیە، دەکرێ بە شێوەی جیاواز کەلکی لێوەرگیرێ، ئەمە هەر ئەو کارەیە کە ئێمە دەیکەین. زەینی ناهۆشیار کۆیلەیەکە کە دتوانێ ببێتە ئەربابمان، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە زۆر بەهێزە. بەلام کوێرێشەو دەبێ فێربی بزانی چۆن فێڵی لێبکەی."

کورە گەنجەکە لە هەموو ئەو شتانە تێنەدەگەیشت کە کابرای دەولەمەند دەیوت، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی بە زانینو پەیبردن بە شتەکان بوو.

کابرای دەولەمەند وتی: "باشی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە پێویست ناکات بڕوات پێی بێت تا بتوانی سودی لێوەرگری. بەلام بۆ ئەوەی ئەنجامێکت دەست بکەوێت پێویستە بەکاری بێنی: خۆیان بە شێوەیەکی سیحری بەرەو رووت نایەن. هوموو شتێك -وەك وتم- پەیوەندی بە دووپات کردنەوەوە هەیە. تەنانەت ئەگەر سەرەتا بڕواشت پێی نەبوو -لانی کەم- تاقی بکەرەوە. ئەو ماوەیە بەسە بۆ ئەوەی هەست بە کاریگەریەکەی بکەی.

"رەنگە پێت وابێ ئەمە شتێکی ساویلکانەیە، بەلام ئەوە بزانە کە بەتواناترین راز(نهێنی) دنیایە. وتە کاریگەریەکی گەورەی هەیە.

Scanned with CamScanner

یەکەم قسەی یوحەنا لە کتێبی پیرۆزدا ئەوەیە کە: "سەرەتا وشە بوو". تەڵقین بەخۆ کردن، دەورێکی باڵای لە ژیاندا هەیە. ئەگەر لێی بەئاگا نەبیت، زۆر دژی خۆت بەکاری دێنی. بەڵام ئەگەر لێی بەهرەمەند بی، هەموو ئەو توانا و دەسەڵاتە مەزنەی هەیەتی لە خزمەتو لەبەر دەستی تۆدا دەبێت."

کوڕە گەنجەکە وتی: "باشە وابزانم بەو قەناعەتەت گەیاندوم تاقی بکەمەوە. ئەگەرچی دەبێ دان بەو راستییەدا بنێم کە ئێستاش هەندێك بەگومانم."

"قەیناکا. بەڵام لە بیرت بێت کە لە جیاتی پێوانە ئەقڵییەکان با ئەنجامەکان پێوانەی داوەرییەکانت بن. ئێستا لەگەڵم وەرە با پێت بڵێم دەبێ چی بکەی."

Scanned with CamScanner

بەشی یازدەهەم

ژمارەکان و یاساکان

کابرای دەولەمەند لە پشت مێزەکەی دانیشت و بانگی کوڕەکەی کرد. قەڵەم و کاغەزێکی هەڵگرت و چەند ژمارەیەکی لەسەر نووسی. وتی: "با بنەما یان دەستەواژە تەئکیدیەکەت بەم شێوە بێت. نوسیبووی: "تا کۆتایی ئەم ساڵ ٣١٢٥٠ دۆلار دارایيم دەبێ. ساڵ بە ساڵ و بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئەم ارابیانە دوو بەرابەر دەکەم و تا (ئێرەی بە بەتاڵی هێشتبۆوە) دەبم بە ملیۆنەر.

بە کوڕە گەنجەکەی وت: "پێویستە ئەوە بزانی کە دارایی و داهات دوو شتی جیاوازن. دارایی ئەو بڕەیە کە پاش لێدەرکردنی خەرجییەکان و باجەکان بە سافی بۆت دەمێنێتەوە. دارایی دەکرێ ملک و زەوی، ئاڵتوون، بەرهەمە هونەرییەکان، خشڵ، کۆمەڵە بەهاکان و هتد لە خۆ بگرێ. ئێستا ئەگەر دەتەوێ لە ماوەی شەش ساڵدا ببیتە کەسێکی ملیۆنەر یان دەولەمەند -پێشنیارەکەشم شتێکی واقعبینانەیە- پێویستە دەستەواژەکەت لەگەڵ ئەو نموونەدا بگونجێ. ئەگەر بێتوو تا کۆتایی یەکەم ساڵ، ببیتە خاوەنی

Scanned with CamScanner

داریيەکی ٣١٢٥٠ دۆلاری‌و هەموو ساڵێك ئەو داراییە دوو ئەوەندەی ساڵی پێشوو لێبکەی لەماوە شەش ساڵدا دەبی بە ملیۆنەر!

بۆ دەبێ هەموو ساڵێك داراییەکانم دوو ئەوەندە لێبکەم؟ چونکە کارێکی سادەیە‌و زەینی نیوەهۆشیار دەتوانێ بە ئاسانی ئەنجامی بدات‌و بیرهێنانەوەشی بۆ تۆ کارێکی ئاسانە‌و هەروەها گەشەی بەردەوامی تۆش دەستەبەر دەکات.

"ئەگەر پێتوایە ئەمە دەستپێکێکی لەڕادەبەدەر مەزنیخوازانەیە، ساڵێکی‌تریش مەجال بدە بە خۆت. لەماوەی حەوت ساڵیشدا دەوڵەمەند بی هەر باشە! ئەوکات ئامانجی یەکەم ساڵت، بەدەست هێنانی داراییەکی بە بڕی ١٥٦٥٢ دۆلار دەبێ. کە پێت دەڵێم بەدەستی دێنی، بڕوا بە قسەکەم بکە. ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتبێتی کە لە کۆتایی یەکەم ساڵدا، ماڵێکی بچکۆلانەی ١٥٦٢٥ دۆلاریت دەبێ، دەبیتە خاوەنی ئەو خانووە."

"هاوکات لەگەڵ ئەم دەستەواژە تەئکیدیەدا کە: بەردەوام بە دەوڵەمەندی دەمێنمەوە (رێکەوتی رۆژو مانگ‌و ساڵی، شەش یان حەوت یان هەشت ساڵی داهاتوو) دانێ. پێویستە چەندین ئامانجی کورت ماوەش بۆ خۆت دیاری بکەی کە وەك چەندین رێنما -بە درێژایی سەفەری بەرو دەوڵەمەندی- پاڵنەرت بن. هەروەها دیاری کردنی ئامانجی ساڵانەش پێویستە.

بە قوتابیەکەی وت: "هەر چۆنێك بێت، گرنگترین شت ئەوەیە ئامانجەکانت بنووسی. قەڵەمێك بەدەستەوە بگرەو مەترسە، یاری بە

ژمارەو سالەکان بکە. هیچ مەترسییەکی نیە. تا زووتر یاری بەم ژمارانە بکەی، زیاتر لەگەڵیانا رادێی.

بە ملیۆنان کەس دەیانەوێ دەوڵەمەند بن، بەڵام تەنانەت لە سەدا یەکیشیان، ئەو راهێنانە ناکات کە نەخشەی ئەو ڕێگایەی دەیەوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بیگرێتە بەر، بکێشێ و بیهێنێتە سەر کاغەز. تۆ وەک ئەوانم نێ! پلان و بەرنامەو لیستەکانت دیاری بکەو پلانەکانت هەڵسەنگێنە تا پلانێکی گونجاو هەڵبژێرێ. ئەمە بەرنامەی تۆیە.

"بۆ ئیلهام وەرگرتن ، کەڵک لەو نموونانە وەرگرە کە بۆم نووسی، بەڵام ئەوکات لێگەڕێ با توانای خەیاڵت وەگەڕ بکەوێ. پێویستە لە خەون بینین بە دەوڵەمەندییەوە دەست پێبکەی. ئەوکات پێویستە بزانی بە چ شێوەیەک خەون و خەیاڵەکانت بگۆڕی بۆ چەندایەتی، واتە ئەو خەون و خەیاڵانەنە بکەیت بە کۆی پارەو ڕێکەوتەکان. لە راستیدا ئەمە یەکەم راهێنانە کە پێویستە ئەنجامی بدەی. یاری بە ژمارەکان بکە. ئەوەندەی پێناچێ، دەبینی ئەم گەمە بچکۆلانەیە، دەریدەخات لە راستیدا تۆ کێی.

"کاری سادەی نووسینی ئامانجەکان و ڕێکەوتەکان و کۆی ژمارەکان، یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی خەونەکانت بێنێتەدی.

"هەر کەسێک دەیەوێ دەست لە ئەندێشەی دەوڵەمەند بوون لە ماوەی پێنج شەشە ساڵدا هەڵنەگری، دەبێ ئەو راستییە بزانی کە: ئەگەر ئێستا داهاتی ساڵانەی ٢٠,٠٠٠ دۆلارەو بۆ نموونە ناتوانێ چاوەڕوانی ئەوە لە خۆی هەبێت کە داهاتی ساڵانەی لە سەدا دە

Scanned with CamScanner

زیاتر بێت و تەنیا بتوانێ کەمێکی لێ‌پاشەکەوت یان سەرمایە گوزاری بکات، هەرگیز دەوڵەمەند نابێت، ئەگەر تەنیا هەر ئەو کارەی خۆی بکات و کاری‌تر لە پاڵەوە نەکات.

"هیچ شتێکی ئەم مەسەلەیە بۆ لۆمە کردن نابێ. بێگومان تەنیا بینینێکی بابەتیانەی بنەمای دوو چەندان کردنی سالانەی سەروەت و داراییەکان، تاکە رێگای دەوڵەمەند بوون نیە، بەڵام نهێنیەکی تێدایە -دیاری کردنی بڕی داراییەکان و ماوەیەک بۆ بەدەست هێنانی- بۆ هەموو ئەو کەسانە جێگەی بایەخە کە دەیانەوێ لە بوارێکدا بە بەختەوەری بگەن.

"بۆ نموونە رەنگە بتەوێت هەموو ساڵێک ٥٠٠٠ دۆلار بە داهاتەکەت زیاد بکەیت. ئەگەر ئێستا سالانە ٢٥,٠٠٠ دۆلار بەدەست دێنی، رەنگە بتەوێ ٣٠,٠٠٠ دۆلارت دەست بکەوێ بۆ ئەوەی بتوانی هەندێک خۆشتر بژی. یان رەنگە ئێستا ٣٠,٠٠٠ دۆلارت دەست بکەوێ و بتەوێ ٤٠,٠٠٠ دۆلارت دەست بکەوێ بۆ ئەوەی بتوانی بێ نیگەران بوون خانووەکەت بگۆڕی. یان رەنگە بتەوێ بتوانی سەیارەیەکی باشترو تازەترت هەبێ.

"بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، تەنیا ئەم رستەیە دووپات بکەرەوە: ئەمساڵ ٥٠٠٠ یان ١٠,٠٠٠ دۆلار بە داهاتەکەم زیاد دەکەم و ٣٠,٠٠٠ یان ٤٠,٠٠٠ دۆلار (هەر ژمارەیەک کە دەتەوێ) بەدەست دێنم."

"پێویست ناکات بزانی بە چ شێوەیەک ئەو کارە دەکەی. تەنیا پێویستە لەوە تێبگەی کە ئەگەر تەنها هیوات ئەوەیە مەعاشەکەت لە

Scanned with CamScanner

ەدا دە زیاد بکات و نەتەوێ بە شێوەیەکی نایاساییانە کار بکەیت،
ۆ ئەوەی بتوانی بە ئامانجەکەت بگەیت یان دەبێ پلەکەت بەرز
ێتەوە یان کارەکەت بگۆڕی. ڕەنگە ئەم مەسەلەیە ڕوون و ئاشکرا
ێت، بەڵام بە هەزاران کەس ئاواتە خوازن ڕەوشی داراییان باش
ێت و لەو پەیوەندییەشدا هیچ کارێك ناکەن. ئاخۆ ئەمە نەزانییە؟
ایا لەبەر ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی خەڵك ڕۆژ تا ئێوارە گلەو
کازندە دەکەن، لە بنەڕەتەوە لە ژیانی خۆیان ڕازین؟

"هەر کە هەستت بەوە کرد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت پێویستە
گۆڕانکاری لە ژیانتا دروست بکەی، ڕەنگە پێتوابێ هیچ بوارێکت
لەبەر دەمدا نیەو ڕەنگە بیربکەیتەوە نەعلەتی‌خوا لە شەیتان، ئاخر
من چۆن ئەو ٥,٠٠٠ یان ١٠,٠٠٠ دۆلارە زیادییە بەدەست بێنم کە
پێویستمە. خۆت سەخڵەت مەکە، ئەو مەسەلەیە ئەوەندەش جدیی
نیە. تەنیا زەینی نیوەهۆشیارت بە ئامانجەکەت پڕ بکەو بەردەوام
ژمارەو ڕێکەوتەکان بنووسەرەوەو کارت نەبێ، ئاخر زەینی
ناهۆشیارت کارەکانی‌تری ئەنجام دەدات. ئەوکات هۆشیارانە قوڵی
لێهەڵماڵە. چونکو تێگەیشتووی کە مەسەلەکان بە هەوانتە باشتر
نابن، وریای هەلەکان بەو هەر کە هەلێکت بۆ ڕەخسا خێرا بیقۆزەوە،
مەهێڵە ترس بڕستت لێببڕێ. زۆرن ئەو کەسانەی ترس نەیهێشتوە
بە خەونەکانیان بگەن. هەر بۆیە نابێ دووڵ بیت لە هەڵێنانەوەی
ئەو هەنگاوانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت، پێویستن.

"کاتێك بەرنامە ڕێژییەکەت دروست بێت، زەینی ناهۆشیارت زۆر
شتی سەرسوڕ هێنەرت بۆ دەخولقێنێ. کە فرمانی پێبدەی ١٠,٠٠٠

Scanned with CamScanner

دۆلار بە داهاتەکەت زیاد بکات، بێگومان ئەو کارە دەکات. هەموو رۆژێک، بیری بێنەرەوە، تا ئەرکەکەت ببێتە گرنگترین خولیای ئەو ئەوکات وەک رۆکێتێک کە لە دوورەوە کونترۆڵ دەکرێت، بەسەر تەواوی ئەو لەمپەرانەدا زاڵ دەبێت کە بێنە سەر ڕێی ئامانجەکەی.

هەروەها وتی: "ئامانج چییە؟ کەی دەبێ تەقینەوەکە ڕووبدات؟ ئامانجەکە ١٠,٠٠٠ دۆلارەو ڕێکەوتی تەقینەوەکەش لە ئێستاوە ساڵێک (ساڵێکی‌تر ئەم کاتە). تواناکانی زەینی ناهۆشیارو ئامانجی دیاری کراو بەم جۆرەیە.

"کاتێک بە ئامانجەکانت گەیشتی، لە بیرتبێ، زۆربەی خەڵک لەڕادەبەدەر خۆپارێزن. لەو بڕوایەدا نین، هیچ بایەخێکیان هەبێت.

بەرەبەرەو لەژێر لێوەوە ئەم نهێنییەی بۆ کوڕە گەنجەکە ئاشکرا کرد: "چەندین ساڵ بەر لە ئێستا دەمەویست بۆ یەکێک لە کۆمپانیاکانم بەڕێوەبەرێک دیاری بکەم. بەو قەناعەتە گەیشتم ساڵانە ٨٠,٠٠٠ دۆلار وەک مووچە بدەم بەو کەسەی کە ئەو پۆستەی پێدەسپێرم. کاتێک گەیشتینە سەر ئەوەی لەسەر مووچەکەی قسە بکەین، بەدەنگێکی تووڕەوە وەک بڵێی فرمانم بەسەردا دەکات پێی وتم: بە کەمتر لە ٥٠,٠٠٠ دۆلار مووچەی ساڵانە رازی نابم."

"پاش بیرکردنەوەیەکی دوورو درێژ، وەک بڵێی خاترم گرتبێ وتم: پێموایە بە لەبەرچاو گرتنی پێشینەیەک کە هەتە بە ٥٠,٠٠٠ دۆلار رازیم.

Scanned with CamScanner

"ئەگەر داوای ٦٠,٠٠٠ یان ٧٠,٠٠٠ دولاریشی بکردایە هەر دەمدایە. لە راستیدا، ئەوەندە بە گفت‌وگۆکە شادمان ببووم، ئامادە بووم تا ١٠٠,٠٠٠ دۆلاریش بدەم.

"سەرئەنجام ئەو کەسەی لە ماوەی چەند دەقیقەدا بە لایەنی کەمەوە ٣٠,٠٠٠ دۆلاری لە کیس خۆیدا. پارەیەکی زۆرەو بۆیە ئەو بڕە پارەیەی لە دەستدا چونکە خۆی بە شیاوی وەرگرتنی سالانە ٨٠,٠٠٠ دۆلار نەدەزانی. پێویستە ئەوەش بڵێم کە، کاتێک بینیم ئەوەندە بە خۆی رەوا دەبینێ بۆ ساتێک تووشی دوودڵی بووم‌و لەسەریدام داینەمەزرێنم. باشترین بواری بۆ رەخسابوو تا پیشانی بدات بایی چەندەیە. بەڵام بەو هەڵوێستەی لە ئاست خۆیدا نواندی پێی وتم، شارەزاییەکەی لە کاری بەڕێوەبردندا هەر ٥٠,٠٠٠ دۆلار دێنێ، لە کاتێکدا من لە کەسێک دەگەڕام کە شایستەی ٨٠,٠٠٠ دولار بوایە. ئایا دەبوو بڕیاری هەڵە بدەم؟ داهاتوو سەلماندی کە کەسێکی باشم هەڵبژادوەو پارەیەکی زۆریشم بۆ گەڕایەوە. تەنیا عەیبی ئەو کەسە نەبوونی متمانە بەخۆ بوون‌و بەکەم گرتنی خۆی بوو. بەرەبەرە لە ماوەی چەندین ساڵدا بەسەر ئەم کەموکوڕیەدا سەرکەوت‌و مووچەکەشی چەندین قات زیادی کرد، بەڵام بەڕاستی دەیهێنا.

"ئەو شتەی پێویستە لەم نموونە سادەیە فێری بیت ئەوەیە کە، لەگەڵ ئەم کەسەدا بە شێوەیەک مامەڵەم کرد کە ژیان لەگەڵ ئێمەدا دەیکات. ژیان هەر ئەو شتەمان پێدەبەخشێ کە چاوەڕوانیمان لێیەتی. نە کەمترو نە زیاتر. ئەگەر چی لەبیری دەکەین کە ژیان

Scanned with CamScanner

هەمیشە ئامادەیە زۆر زیاتر لەوەمان پێببەخشێ کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "قسەم زۆر کرد. لە تەاوی ئەم قسانە چیت دەستکەوت؟"

کوڕە گەنجەکە وتی: "زۆر لەوە مەزنتر دەنوێنێ کە راست بێت."

کابرای دەوڵەمەند وەڵامی دایەوە: "بەڵام هەر ئەم شێوازە سادە بچکۆلانەیەو هیچی‌تر نا،من‌و ئەو کەسانەشی دەوڵەمەند کرد کە ئەم نهێنییەم بۆ باسکردوون."

"وەك وتم وشە ئامرازێکی لەڕادە بەدەر بەتوانایە. تا بیرکردنەوەو تێڕوانینت بە هێزتر بێ، ئەو وشانەی بە زمانتا دێن دەبن بە بنەماگەلێکی رەسەن‌و رەگ ئازۆتر. هەر شتێك بە پێداگریەوە بڵێیت -لە بڕوای پتەوو قوڵی دەروونیەوە سەرچاوەی گرتبێ‌و بە دووپات کردنەوە بەهێز بووبێ- زۆر خێرا دێتەدی.

پێویستە راهێنان بکەیت. هیچ کەسی‌تر ناتوانی بە جێی تۆ بیکات. پێویستە بەیانیان‌و شەوانە لانی کەمەکەی پەنجا جارو تەنانەت زیاتریش، بنەماکەت (دەستەواژە تەئکیدی) بە دەنگی بەرز دووپات بکەیتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا راهێنانە. لە هەوڵەوە درێژ دەبووم‌و هەر جارەو یەکێك لە پەنجەکانم لە زەوی دەکوتا. هەموو شتێك پێویستی بە راهێنانە."

"رەنگە سەرتا ئاسان نەبێت. زەین حەز دەکات بەملاولادا بڕوات. کە دەجار دووپاتت کردەوە، بیرت بۆ شتی‌تر دەچێ، زەینت بگێڕەوە بۆ سەر کارەکەت‌و سەر لەنوێ لە هەوڵەوە دەست پێبکەرەوە تا

Scanned with CamScanner

بتوانی بگەیت بە ٥٠ جار. ئاخر ئەگەر نەتوانی وەها دسپلینێك
رەچاو بكەی، وا باشترە بیر لە دەوڵەمەند بوون نەكەیتەوە.

"ئەی كوڕی لاو، من ئەم زۆرانبازییەت پێ پێشنیار دەكەم و
دڵنیام دەتوانی ئەنجامی بدەی. ئەوەی پێویستە ئەوەیە: كۆڵ
نەدەی."

"بۆ دەبێ ئەو رستەیە بە دەنگی بەرز دووپات بكرێتەوە؟"

چونكە بەو شێوەیە كاریگەریەكەی لەسەر زەین بەهێزتر دەبێ.
وەك بڵێی ئەو فرمانەی دەیدەی بە زەینی ناهۆشیارت لە دەرەوەڕا
دێت و هەر بۆیە لە بڕیاری كەسێكی سەروی خۆت دەچێ. لەسەر
یەك ریتم دووپاتی بكەرەوە، وەك وێردو دۆعا یان وەك بوداییەكان
دەڵێن "مانترا"، ئەوەندە ناخایەنێت ئەو بنەمایە ڕێگەی خۆی
دەدۆزێتەوە.

"رەنگە لە سەرەتادا بە بیستنی دەنگی خۆت و دووپات
كردنەوەی ئەو رستەیە هەست بە شەرم بكەی، بەڵام بەرەبەرە لە
گەڵیا رادێی. ئەو ئامانجەی بۆ خۆتت دیاری كردبوو -كە لە
سەرەتادا زۆر بەرزەفڕانەی دەنواند- هەر زوو وای لێدێ بتوانی
پێی بگەی و تەنانەت زۆر ئاسان دەبێ بەلاتەوە."

"دەترسم تووشی هەستێكی گاڵتەجاڕانە ببم."

"بەتایبەت لەو كاتانەدا دەبێ پێداگر بی. دەبێ بەسەر
شكوگومانداسەركەوی. بیر لە من بكەرەوە كە شایەتێكی زیندووی
ئەو مەسەلەیەم. تەنانەت ئەگەر بێتوو لە باخێكی زۆر دوورتر
لێرەش بم، تواناكانم لەگەڵتا دەبن. لەو كاتەدا كە تووشی

Scanned with CamScanner

شك‌وگومان دەبی، بیری خۆتی بێنەرەوە من بەڵێنم پێداوی کە بەختەوەر دەبی."

"کوڕە گەنجەکە کە وەک پێویست بە قەناعەت نەگەیشتبوو، پرسیاری کرد: "دڵنیای؟"

"زۆر دڵنیام. تۆش وەک من دەوڵەمەند دەبیت. تەنیا کاتی دەوێ بۆ ئەوەی بەڕاستی دەوڵەمەند ببیت. ئەوەندەی پێناچێ لە دەروودا دەوڵەمەند دەبیت و ئەمەش گرنگترین شتە."

"تەنانەت ئەگەر دینارێکی خۆشت نەبی..."

"بەردەوامبە لەسەر دووپات کردنەوەی بنەما(دەستەواژە)کە. بەرەبەرە لە دەروونەوە هەست بە گۆڕان دەکەی. رۆژ بە رۆژ ئامانجەکەشت زیاتر بە شتێکی سروشتی دەزانی. هەر بەو شێوەی کە ئەو جۆرە لەخۆ روانینە بێبایەخانەیە، بۆتە دەروونیترین بەشی ناخت، ئەویش دەبێتە بەشێك لە ژیانت. دەکرێ ئەوەی لە رابردوودا زەینت کۆی کردۆتەوە، شێوەیەکی‌تر وەرگرێ. بەم جۆرە دەتوانی وەک دەتەوێ داهاتووت بنەخشێنی و سەرئەنجام خۆت چارەنووسی خۆت دیاری دەکەی. تەنانەت ئەگەر دانیشی پێدانەنێین، ئایا بەڕاستی ئەوە خەون و خەیاڵی ناخمان نیە؟"

کوڕە لاوەکە رازی بوو، هەروەها هەستی زاڵبوون بەسەر چارەنووسیدا بە تەواوی دەروونی داگرتبوو. قسەکانی پیرە پیاو زۆر لەوە مەزنتر بوو کە ئەو لەسەرەتادا لێی تێگەیشتبوو. خۆ بێگومان شێوازەکانی کەمێك سەیرو نامۆ دیار بوون. بەڵام رەنگە کاریگەریش بن.

Scanned with CamScanner

بەشی دوانزەیەم

ژیانێکی بەختەوەرانە

کابرای دەوڵەمەند بە قوتابیە لاوەکەی وت: "بۆ یارمەتیدان و پشتگیری کردنت، دەستەواژەیەکی تەئکیدیتریشت پێدەڵێم کە لە هەموو بوارەکانی ژیانتا قازانجی گەورەو مەزنی هەیە بۆت. لە ناوەوەو دەرەوە دەتگۆڕێ. لە راستیدا وات لێدەکا سەرەوەتی راستەقینەت دەست بکەوێ، ئاخر سەرەوەتی راستەقینە خۆ تەنیا بەدەست هێنانی سامانی مادی نیە. سەرەوەتی راستەقینە زۆر بەرفراوانتر لەوەیە.

"بنەما داراییەکەت وادەکات بە هەموو ئامانجە دارایەکانت بگەیو بگرە زیاتریش. بەڵام مادام بە دوای سەروەتەوەی هەمیشە نەم راستییەت لەبیر بێت کە نەگەر شادمانیو بەختەوەریت لەدست بچێ، هەموو دنیایش هی تۆ بێ بایەخی نیە. دەکرێ راکردن بە شوێن پارەدا زۆر بە ئاسانی ببێتە خولیایەکو نەهێلێت چێژلە ژیان ببینیو هەر وەک وتوویانە: "سودی چیە نەگەر مرۆڤ هەموو دنیای دەست بکەوێ، بەڵام رۆحی لە دەست بدات؟" پارە خزمەتکارێکی بێوێنەی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاغایەکی زاڵمیشە"

Scanned with CamScanner

"ئایا مەبەستت ئەوەیە، ناکرێ لە یەک کاتدا هەم سەروەتیشت هەبێ و هەم بەختەوەریش بیت؟"

"هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە. بەڵام دەبێ زۆر وریا بیت ئاسۆکەت لە دەست نەدەی. جۆن دی- رۆکفیلەر (John D. rokefeeller) یەکێک لە گەورە دەوڵەمەندەکانی دنیا بوو، کێشە دەروونییەکان و قورسی نیگەرانیەکان وەها تێکیانشکاند لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ببوە پیرە پیاوێکی کزو لاوازو گەدەی بە شێوەیەک خراپ ببوو کە هەر تەنیا دەیتوانی نان و شیر بخوات. ئاخر بەردەوام لەوە دەترسا پارەکانی لەدەست بدات و دەوروو بەرەکەی خیانەتی لێبکەن. پارە ببوە ئاغای و بەسەریدا زاڵببوو. هەر بۆیە نەیدەتوانی چێژ لەو هەموو پارەی ببینی. لە راستیدا لەو سکرتێرە سادەیە هەژارتر بوو کە دەیتوانی بە حەزو چێژەوە خواردنەکەی بخوات."

کوڕە گەنجەکە وتی: "سەروەتم لا شیرین دەکەی و پاشان دەمترسێنی لێی"؟

کابرای دەوڵەمەند وتی: "مەبستم ئەوە نیەی ئەو بنەمایە(دەستەواژە تەئکیدیە)ی هەر ئێستا پێتی دەڵێم کۆمەکت دەکات تا نەکەوێتە داوێکەوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی بە شوێن سەروەت و سامانەوەن، تێیکەوتوون. ئەو کەسانەی ئێستاش لە ڕاستیدا هەژارن، بێبەزەییانە کار دەکەن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان. هەر کە یەکەم پارەیان دەست دەکەوێ، بیر لە قوڵترین مەزنیخوازییەکانیان دەکەنەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر و زیاتر خولیای بن. ئەو کاتەی سەروەتێکی گەورەشیان دەست

Scanned with CamScanner

دەکەوێ، ترسی لەدەستدانی ئەو سەروەت و سامانە حەجمینیان لێهەڵدەگرێ.

ئەمە دەستەواژەیەکە کە دکتۆری بەناوبانگی "ئەمێل کۆیە" دەیدا بە نەخۆشەکانی: "رۆژ لە دوای رۆژو لە هەموو رووبەکەوە ژیانم باشترو باشتر دەبێت". هەموو شەوان و بەیانیانێك پەنجا جار ئەم دەستەواژەیە دووپات بکەوە و هەروەها ئەگەر توانیت لە ماوەی رۆژیشدا زیاتر دووپاتی بکەیتەوە، کاریگەری زۆرتری دەبێ لەسەرت."

کوڕە سەیری کرد بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەم پیاوەی لە تەنیشتیەوە دانیشتووە، بەڕاستی یەکەم کەسە لە هەموو تەمەنیا بینیویەتی ئەوەندە شادمان و بەختەوەر بێت.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "زۆربەی خەڵك دەیانەوێ بەختەوەر بن، بەڵام نازانن چییان دەوێ. هەر بۆیە بەناچاری بەبێ ئەوەی قەت دەستیان پێی رابگات سەر دەنێنەوە. تەنانەت ئەگەر پێشی بگەن، چۆن بزانن ئەو شتەیە کە بە شوێنیا وێڵن؟ ئەوانیش رێك لەو کەسانە دەچن کە بە دوای سەروەت و سامانەوەن و ئەگەر خێرا لێبان بپرسی دەتەوێ لە ساڵدا داهاتەکەت چەند بێت، زۆربەیان ناتوانن وەڵام بدەنەوە. ئەگەر نەزانی بۆ کوێ دەچی، بە هیچ شوێنێك ناگەی."

گەنجەکە باش لەمە تێدەگەیشت. قوڵ رۆچوو، بیری کردەوە بۆچی قەت بەر لە ئێستا بیری لەو شتە نەکردۆتەوە. هەرگیز ئەو بوارەی بە خۆی نەداوە تا بە روونی بزانی چی دەوێ، یان ئەوەی بە

Scanned with CamScanner

ووردی بیر لە یەك بە یەکی شتەکان بکاتەوە. ئەوکات هەر لەوێ سوێندی خوارد لە داهاتوودا زۆر لەوە زیاتر بیر بکاتەوەو بیر لە مەسەلە گرنگەکانی ژیانی بکاتەوە.

کابرای دەولەمەند وتی: "بێگومان بەختەوەری بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. بو هەر کام لە ئێمە -تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی زۆر بیریان لەم بوارە کردۆتەوە- بەختەوەری گەلێك مانای هەیە. بەڵام من کلیلی بەختەوەریت ئەدەمە دەست. بەم کلیلە دەتوانی بەبێ هیچ دردۆنگییەك، لە هەموو ساتێکی ژیاندا تێبگەی، ئەو کارەی دەیکەی بەختەوەری بەدواوەیە یان بە پێچەوانەوە. پرسیار لە خۆت بکە: ئەگەر بڕیار بێت ئەم شەو بمرم، ئایا دەمتوانی لە سەرەمەرگدا بە خۆم بڵێم هەموو ئەو کارانەم ئەنجامداوە کە دەبوو لەم رۆژەدا ئەنجامی بدەم؟

"هەر کات ، هەر رۆژێك ئەوەی ویژدانی دەروونت هەست دەکات دەبی هەر ئەو رۆژە ئەنجامی بدەی، ئەنجامتدا، هەموو رۆژێك هەست دەکەی سەربەستی کە ئەم دنیایە جێبێڵی. بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا بیت لەوەی ئەو کارە دەکەی کە پێویستە بیکەی یان نا، ئەوا پێویستە خۆت بە کارێکەوە سەرقاڵ بکەی کە حەزت لێیەتی. ئەو کەسانەی کارێك دەکەن کە حەزیان لێی نیە، بەختەوەر نین. هەموو کات بیر لەو شتانە دەکەنەوە کە حەز دەکەن بیکەن. کاتێك خەڵك بەختەوەر نەبن، ئامادە نین لە نەکاو بمرن."

کورە گەنجەکە وتی: "تەنانەت من هێشتا ژیانم دەست پێنەکردوە تۆ وا باس لە مردن دەکەیت وەك بڵێی تەواو نزیکە."

Scanned with CamScanner

"دان بەوەدا ئەنێم کە رەنگە ئەم فەلسەفەیە لە یەکەم نیگادا ناشرین بنوێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەدا سەد ئەمە فەلسەفەی ژیانە. ئەوانەی قەت وەک پێویست چێژ لەو کارە وەرناگرن کە دەیکەن، یان ئەوانەی وازیان لە خەونەکانیان هێناوە، گروپی مردوە زیندوەکان پێک دێنن. بۆ ئەوەی بە باشی لە مەبەستم تێبگەی، ئەو پرسیارە لە خۆت بکەو لە ناخەوە وەڵامی بدەرەوە. ئەگەر درۆ بکەی تەنها درۆت لەگەڵ خۆتا کردوەو لەم یاریەدا، دەدۆڕێی. ئەگەر بتزانیایە سبەینێ دەمری، ئایا بەرنامەکانی ئەمرۆت نەدەگۆڕی؟ ئایا بەشێوەیەکی جیاواز لەم ئەمرۆ مامەڵەت لە ژیاندا نەدەکرد؟"

"بێگومان، دەتکرد."

"پێدەچوو کارە پێویستەکانت دەست پێکردایە: ئەگەر وەسیەتت نەنووسیبوایە، دەتنووسی. مانْاوایت لە خێزانەو کەسوکارەکەت دەکرد. وەرە با وای دانێین تەواوی ئەم کارانە بە سەعاتێک کۆتاییان دێ، ئەی بیستوسێ سەعاتەکەیترت چی لێدەکرد؟ ئەم پرسیارە لە تەواوی ئەو کەسانە بکە کە دەیانناسی. دەتوانی تەواوی وەڵامەکان لە دوو گروپدا جێبکەیتەوە. ئەو کەسانەی بەختیان رەشەو چێژ لە ژیانیان نابینن، پێت دەڵێن کارێکیتریان دەکردو ئەگەر هەر بیستوچوار سەعاتیان لە ژیاندا ماوە، بۆ خۆیان بە کارێکەوە خەریک بکەن کە لێی بێزارن؟

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "گروپی دووەم کە بەداخەوە کەمایەتین، هەر ئەو کارە دەکەن کە لە هەموو رۆژانی ژیانی ئاساییاندا ئەنجامی دەدەن. پێت وایە شتێک بگۆڕن؟ تەواوی شۆڕو

Scanned with CamScanner

شەوقی ئەوان لە کارەکەیاندایە. کەواتە زۆر زوونو ئاشکرایە تا ئەجەل دەبێتە میوانیان لەسەر ئەو کارە بەردەوام دەبن. "بانۆ" لە گروپی دووەم بوو. لەسەرەمەرگدا خەریکی پیداچوونەوەی دوایین پارچە موزیکی خۆی بوو. بەڵام ئەوە بزانە کە پێویست ناکا حەتمەن بلیمەت بی ئەوجا دەتوانی تا دواساتەکانی ژیان کار بکەی. هەر کام لە ئێمە، دەتوانین بە شێوەی خۆیو لە کارەکانماندا بلیمەت بین. تەنانەت ئەگەر کەسێش بە بلیمەتمان نەزانێ. بلیمەتی واتە ئەنجامدانی ئەو کارەی چێژی لێوەردەگری. ئەمەیە هۆشیار بوونی راستەقینە لە ژیاندا. مرۆڤی مام ناوەندی، لە ترسی قسەی خەڵك یان لە ترسی لەدەستدانی ئاسایش، هەرگیز خۆی لە قەرەی ئەو کارە نادات کە حەزی لێیەتی."

کوڕە گەنجەکە پرسیاری کرد: "ئەو ئاسایشەش کە زۆر کات تەنیا هەر خەیاڵەو هیچی‌تر، وانییە؟"

"راستە. کەواتە ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: ئەگەر بڕیار بوایە سبەینێ بمرم، دوایین سەعاتەکانی ژیانم بە چییەوە خەریك دەبووم؟ ئایا رازی دەبووم سێبەری خودی راستەقینەم بوومایە؟ ریز بۆ خۆم دانەنێم؟ و کارێك ئەنجام بدەم کە لێی بێزارم؟ وا تەسەور بکە بانگی دۆستێکی خۆت دەکەی بۆ ماڵەوە، تا لە کارەکانتا یارمەتیت بدا. ئاخۆ ناشرینترین کاری پێدەسپێری بیکات؟ بێگومان ، نا. ئەی کەوایە بۆ ئەو کارانە بەسەر خۆتا دەسەپێنی کە ئاوا بەلاتەوە سوك و سەلیمن؟ بۆ دەبێ خراپترین دوژمنی خۆت بی؟ ئاخر بۆ نەبێتە باشترین دۆستی خۆت؟"

Scanned with CamScanner

ساتێك بیدەنگی بالی بەسەرا کێشان، پاشان پیرە پیاوەکە، راستەوخۆ لە کوڕە گەنجەکەی پرسی: "ئەگەر بڕیار بوایە سبەینێ بمری چیت دەکرد؟ ئایا بەڕاستی هەر ئەوەت دەکرد کە تا ئێستا کردوتە؟"

"نا، ئەو کارەم نەدەکرد."

"ئێستا، ئەم لایەنەت لەبەر چاو بێ. ئایا ئەوە بە بێئەدەبی نازانی کە پێتوابێ سبەینێ نامرێ؟"

کوڕە گەنجەکە هەستی نیگەرانی تیا دروست بوو. پیرە پیاو زۆر جار پیشانی دابوو، خاوەنی توانانەیەکی سەیرە لە پێشبینی کردنی داهاتوودا. ئایا مەبەستی ئەوە بوو بەم زووانە دەمرێ؟ وەك بڵێی کابرای دەوڵەمەند دەیزانی کوڕ گەنجەکە بیر لە چی دەکاتەوە.

بە ئاشکرا رایدەبوارد. وتی: "نیگەران مەبە، سبەینێ نامرێ. زۆریش ئەژی. بەڵام بێڵە با مەبەستەکەم روون بکەمەوە. ئایا ئەوە بەبێ ئەدەبی نازانی کە خەڵك لەو بڕوایەدان تەمەنێکی زۆریان بەبەرەوە ماوە؟ لە زۆر بواردا، لەناکاو مەرگ بەربینگ بە مرۆڤ دەگرێ. بەڵام خەڵك بەو خەیاڵەوە دەژین کە دەبێ بیدەن، ئەمرۆ بە سبەی پێشە و بەردەوام ئەو بڕیارانەی کە دەبێ بیدەن، ئەمرۆ بە سبەی پێدەکەن. بە خۆیان دەڵێن: ئێستا کاتم بە دەستەوە ماوە، دوایی ئەم کارە دەکەم. تا پیر دەبن و دەبینن هێشتا هیچیان نەکردوە."

کوڕە گەنجەکە وتی: "ئەم مەسەلەیە ئەو قسەیەم بیر دێنێتەوە کە، ئەگەر گەنجەکان دەیانزانی و ئەگەر پیرەکان بیانتوانیایە!"

Scanned with CamScanner

"ڕێك وایە. کەواتە رازی بەختەوەری ئەوەیە، هەموو ڕۆژێك بە شێوەیەك بژی وەك بڵێی دواین ڕۆژی ژیانتە و ئەوکارە ئەنجام بدە کە حەزت لێیەتی تا وەك پێویستە لەو ڕۆژەدا بژی. ئەگەر هەر تەنها چەند سەعاتت بە دەستەوە بوایە، چیت دەکرد؟ چونکە بە ڕاستی چەند سەعاتێکی زۆر کەمت ماوە. دەڵێی هەمیشە کاتێك پەی بەوە دەبەین کە مەجالێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نەماوە. بەڵام ئیتر درەنگە. کەواتە پێویستە نازا بی و خێرا دەست پێبکەی. بەم بیر کردنەوەوە بژی: تا ئەوەی مەبەستمە ئەنجامی نەدەم، نامرم. نامەوێ بەو ئەندێشە ترسناکەوە بمرم کە، کۆمەڵگە فریوی دام، یان کۆمەڵکە خراپ بەکاری هێنام و خەون و خەیاڵەکانی بەفیڕۆ دام. نابێ بەو ئیحساسە ترسناکەوە بمری کە، ترسەکانت گەورەتر بوون لە خەونەکانت و قەت نەتزانی، بەڕاستی حەزت لە چییە. پێویستە بزانی چۆن نازا بی."

کوڕە گەنجەکە وتی: "تەواو لە گەڵتام. بەڵام ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە نەزانم حەزم لە چ کارێکە، دەبێ چی بکەم؟ هیچ کارێك شك نابەم بێ ژانەسەر بێت."

"زۆر ڕاستە. تەنانەت ئەو کارەی زەوق و شەوقیشمان تیا دروست دەکات، لایەنی سلبی خۆی هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی بزانی بەڕاستی حەزت لە چ کارێکە، ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: ئەگەر نێستا ملیۆنێ دۆلارم لە بانکدا بوایە، ئاخۆ هەر ئەم کارەم دەکرد کە ئێستا دەیکەم؟ ئەگەر بە ڕوونی وەڵامەکەت "نا" بێت، وەك پێویست حەزت بە کارەکەت نییە. ئادەی پێم بڵێ بزانم، چەند کەس لەو

Scanned with CamScanner

خەڵکە ئەگەر لە پڕ دەوڵەمەند ببن، هەر ئەو کارە دەکەن کە ئێستا
مەیانە؟ زۆر کەمن و ئەو کەسانەش کە وەڵامی ئەرێ دەدەنەوە،
پێشتر هەر دەوڵەمەند بوون. زۆربەی دەوڵەمەندەکان خۆیان
خانەنشین ناکەن (دەستبەرداری کارەکەیان نابن)و تا دوا ساڵەکانی
ژیانیان هەر کار دەکەن. تەنانەت دەتوانم بڵێم تەواوی
دەوڵەمەندەکان –لانی کەمەکەی ئەو دەوڵەمەوندانەی خۆیان، خۆیان
پێگەیاندوە– بۆیە دەوڵەمەند بوون چونکو عاشقی کارەکەیانن.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "ئیتر بەڵگە هێنانەوە بەسە. پێویستە
چیتر لە کارەکەت وەرگری. ئەوانەی هەر ئەو کارە دەکەن کە بیزارن
لێی، دووقات تاوانەکەی دەدەنەوە. نەك هەر حەزیان بە کارەکەیان
نیە، بگرە ئەم کارە دەوڵەمەندیشیان ناکات. لە راستیدا زۆربەی
خەڵك لەم دژێنە نامۆیەدا دەژین. پرسیار ئەوەیە، باشە بۆچی؟
وەڵامەکەشی ئەوەیە کە تەنبا لەبەر ئەوەی لە یاساکانی بەختەوەری
بێئاگان و ترسیش هۆیەکی‌ترە. بە چەسپان بە جۆرە ئاسایشێك کە
ئەوپەڕەکەی رەوشێکی مام ناوەندییەو هیچی‌تر، ژیان و هەڵەکانی
دەوڵەمەند بوون لە کێس خۆیان دەدەن. لەو بروایەدان سەروەت و
سامان بۆ کەسانی‌ترەو ئەوان ئەو لێهاتوییەیان نیە کە بۆ دەوڵەمەند
بوون پێویستە. باشە بۆ ئەهێڵن بکەونە داوی ئەو جۆرە بڕوا وەهم
ئامێزانەوە؟ لەبەر ئەوەی زەینیان وا پەروەردە نەکراوە کە راستی
ببینن، راستییەکەش ئەوەیە کە بڕواکانیان هەمووی وەهمە. ئەم
وتەیەت لە بیر بێت کە: "خوو واتە بیر کردنەوە." زەینت بە هێزکە،

Scanned with CamScanner

تا رەوشەکان تەسلیمی ئاواتەکانت بن. ئەوکات زاڵدەبی بەسەر ژیانتا."

کوڕە لاوەکە پرسی: "ئایا تۆ هەمیشە بەختەوەر بووی؟"

"هەرگیز. رۆژگارێک بوو زۆر داماو هەژار بووم. بیم لە خۆ کوشتنیش کردەوە. بەڵام دوایی چاوم کەوت بە دەوڵەمەندێکی پیر کە کەم تا زۆر هەر ئەو شتانەی فێر کردم کە ئەمڕۆ فێری تۆی دەکەم. لە هەوڵەوە زۆر دوودڵ بووم. بڕوام نەدەکرد ئەم تیۆرە لە سەر من کاریگەر بێت. بەڵام چونکە هەموو شتێکم تاقی کردبۆوە و ئێستاش سەرکەتوو نەبووم و بەم کارەش هیچم لەدەست نەدەدا، حەزم دەکرد تاقی بکەمەوە. لە تەمەنی سی ساڵیدا بووم و هەستم دەکرد تەمەنم بە فیڕۆ دەدەم. دەتوت تەواوی نیعمەتەکان لە دەستم رادەکەن."

"دڵنیام، ئەمرۆ خەفەت ناخۆی کە گوێ بۆ ئەو ئامۆژگارییە دەگری."

"زۆر جار دەیووت، دەتوانم ببمە حوکمڕانی ژیانم و زاڵ بم بەسەر تەواوی ئەو رووداوانە کە روو دەدەن. بەڵام هەرگیز بڕوام بە قسەکانی نەدەکرد. بە ئەفسانەم دەزانین و قەشمەریم پێیان دەهات. تا ئەوەی رۆژێک کە بەردەوام قسەکەی خۆی دووپات دەکردەوە، لەبەر خۆمەوە وتم، رەنگە راست بکات، رەنگە ژیان ئەوە نەبێ کە من هەمیشە لێی دەڕوانم: زنجیرە رووداوێکی پێش بینی نەکراو و لە کونترۆڵ بەدەرن و شانس یان چارەنووس، حاکمە بەسەریا. رەنگە ئەگەر بەسەر زەینماندا زاڵ بین بتوانین خۆمان چارەنووسی خۆمان

Scanned with CamScanner

دیاری بکەین. ئەوەندەی پێنەچوو دەستمدایە ئەم شێوە بیر کردنەوەیە. بە واتایەکی‌تر شۆڕشێك لە زەینمدا رووێدا. ماوەیەك دوای ئەوەی کە لەبەر خۆمەوە ئەم رستە: "ڕۆژ لە دوای ڕۆژو لە هەموو ڕوویەکەوە، باشترو باشتر دەبم"م دوپات کردەوە.

"مامۆستاکەم بنەما(دەستەواژە)یەکی‌تریشی فێر کردم، کە بە بڕوای من – لانی کەم ئەوەندەی ئەزموونەکانم ڕێم پێدەدا- بەهێزترێشە و منیش بە جدیی پێشنیارم ئەوەیە بە کاری بێنی. هەندێك سروشتی میتافیزیکیانەی هەیە، هەر بۆیە بڕێ کەس خۆی لێنادەن. بەڵام بەداخەوە، ئاخر بەراستی کاریگەرێەکی سەیری لەسەر زەین هەیە. دووپات کردنەوەی ئەم دەستەواژەیە، لە کاتی هەست کردن بە دڵەڕاوکێ یان تورە بوون هێواشی کردومەوە و لە کاتی پێویستی جدییدا، وەڵامەکانی دەست خستووم. بێدەنگی و ئاسودەیی، مەزنترین ڕەنگدانەوەی بەتوانایی.

"ئارام بگرن و بزانن کە من خودام(۱). هەموو ڕۆژێك ئەوەندەی دەتوانی دووپاتی بکەرەوە. هەستێك لە ئاسودەیی پێدەبەخشێ کە بۆ تێپەڕاندنی هەوارزو نشێوەکانی ژیان پێویستە. کاتێك مامۆستاکەم بڕیاریدا ئەم ڕازەم بۆ ئاشکرا بکات وتی: ئەم ڕازە لە هەموو نهێنیەکانی دنیا بەنرختر. ئەمە میراتی ڕۆحی ئەو بوو بۆ من، لە منیشەوە بۆ تۆ.

---

۱ ئەم دەستەواژەیە، فەرمودەو فرمانی خودایە بۆ بەندەکانی و تەنیا مەبەستی ئارام گرتنی دڵەکانە بە یادی خوداو خۆ سپاردن بەو زاتە ڕەهایە کە ئەگەر پشتی پێببەستی هەمیشە لە تەنگانەدا فریات دەکەوێ و ڕزگارت دەکا. ئەك ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بە خودا بزانی.

Scanned with CamScanner

"بە دووپات کردنەوەی ئەم دەستە واژەیە -کە لە هەوڵەوە بەلامەوە سەیر بوو- توانایەکی دەروونی تازە لە منا دروست بوو. ئەو توانایەی کە هەرگیز بە درێژایی ساڵانی پێشوو تا ئێستاش لە گەشە کردن نەوەستاوە، وتەیەکی بیر دێنامەوە کە دەوڵەمەندە بەساڵاچووەکە زۆر جارن دووپاتی کردەوە: هەر کە بتوانم چارەنووسم بەدەستەوە بگرم، دەتوانم هەموو کارێک بکەم و هیچ شتێك مەحاڵ نابێت بەلامەوە. هەر بۆیە -بەرە بەرە- خۆم بەو قەناعەتە گەیاند کە دەتوانم ژیانم بەرەو ئەو ئاڕستەیە بەرم کە دەمەوێ. بەردەوام ئەم بنەمایەم بە کار هێناوەو داواشم ئەوەیە تۆش وا بکەی."

Scanned with CamScanner

بەشی سیزدەیەم

دەربڕینی خواستەکان

کابرای دەوڵەمەند رووڕی کردەوە: "پێشتر بە نووسینی بنەما و ئامانجی بەمادی بوو: بڕی پارەکەو ماوەی بەدەست هێنانەکەی، هەنگاوی یەکەمت ناوە. بەڵام بۆ دووەم هەنگاودا: کاغەزێك هەڵگرەو ئەوەی دەتەوێ بینووسە. ئەگەر دەتەوێ ئاواتەکەت بێتەدی، دەبێ زۆر وورد بی. پێشانت دەدەم من لە سەرەتادا چیم دەویست. چەندین ساڵ بەر لە ئێستا بوو، هەر بۆیە پارەکان بە دۆلاری ئەمڕۆ دەنووسم.

"ئامانجە دارایەکانی خوارەوە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا:

- خانوویەکی ٥٠٠,٠٠٠ دۆلاری.
- هاوینە هەوارێکی ٣٠٠,٠٠٠ دۆلاری.
- ئوتۆمبیلێکی تازەی B.M.Wی ٦٠,٠٠٠ دۆلاری
- ئوتۆمبیلێکی مودێل کۆنی مارسیدزی تازەی ٤٠,٠٠٠ دۆلاری.
- هیچ قەرزێکم لەسەر نەبێ.

Scanned with CamScanner

- ٣٠٠,٠٠٠ دۆلار پارەی داندراو هەروەها دارایی نەخدیتر.
- ٣٠٠,٠٠٠ دۆلار سەرمایەگوزاری لە زەوی و ملکە کشتوکاڵییەکاندا کە لە ماوەی پێنج ساڵ دوای کڕینەکەی، نرخەکەی ٣٠٠,٠٠٠ دولار بچێتەسەر.

"ئامانجەکانیترم کە دارایی نەبوون ئەمانەبوون:

- بە لایەنی کەمەوە سالانە سێ جار پشوی دوو هەفتەی بچم بۆ هەر شوێنێ کە بمەوێ.
- خۆم بەرپرسی خۆم بم و هەفتەی لە سی سەعات زیاتر کار نەکەم.
- بوونی چەندین دۆستی ژیرو زانا لە پەیوەند بە کارو هونەرەوە
- هاوسەرێکی جوان و میهرەبان و خوێن شیرین و چەند منالی ساغوسەلیم و جوان: ژیانێکی هاوبەشی جێگەی رەزامەندی.
- خزمەتکارێك و چیشت لێنەرێك بۆ ئەوەی کاری رۆژانە نەکەین.

کوڕە گەنجەکە کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەو دیمەنەی کابرای دەوڵەمەند، هەر ئێستا کێشابووی.

Scanned with CamScanner

کابرای دەوڵەمەند وتی: "مەزنتر لەوەیە راست بێت، وانیە؟ منیش ئەو کاتەی پلانەکەم دارشتبوو، پێم وابوو تۆزێک زیادەڕۆییم کردوە. بەڵام گومان و ترسەکان بە هۆی ئەو میلە زەبەلاحە سلبی و هەروەها بە هۆی خوو گرتن بەو بچووک بیرکردنەوەیەوە بوو کە پێی‌راهاتبووم. تەنانەت بێ ئەوەی هەستی پێبکەم وامدەکرد.

"ئامادە کردنی پێرستێکی لەو چەشنە، شێوەی دروستی پەیبردنە بە بیر کورتیت لە ئاست کاروبارەکاندا. ئەوانەی پێیان وایە مەحاڵە ئەو پلانە لە ژیاندا بێتەدی، کورت بینانە بیر دەکەنەوە. لەبەر ئەوەی لە دنیادا –هەموو شتێک ڕێژەییە– بۆیە ئەم مەزنیخوازییە هیچ زیادەڕۆییانە نیە. ئەگر بڕیار بوایە زۆربەی دەوڵەمەندەکان بەو ڕەوشە هاکەزاییەی من تەرحم کرد دەستیان پێبکردایە، زۆر نیگەران دەبوون. زۆربەیان لە خانوگەلێکدا دەژین کە چەندین ملیۆن دۆلار دێنێ، بە دەیان خزمەتکاریان هەیە و خاوەنی چەندین کێڵگە و تەیارەی تایبەتی و دورگەی هاوینە هەوارو گۆڕەپانی نەسپ سواری و شتی‌ترن(۲). تەنانەت زۆربەیان هەر خۆیان بە دەوڵەمەند نازانن! هەر چۆنێک بێت خۆیان بە دەوڵەمەندێکی ئەوتۆ نازانن، چونکە بەردەوام لەگەڵ کەسانێکدا هەڵدەستن و دادەنیشن کە لەوان دەوڵەمەندترن.

"بۆ ئەم شێوە ژیانەیان بەلاوە ئاساییە؟ چونکە یان لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندا لەدایک بوون، یان لەبەر ئەوەی گەورە بیریان

---

۲ لەبیرمان نەچێت ئەگەر هەموو نەمانەشمان هەبێت بەڵام لە دەروونداناسوودە نەبین فلسێک ناهێنێ و دەروونیش تەنها بە یادی خودا ئاسودە دەبێت

Scanned with CamScanner

کردۆتەوە و توانیویانە بە ئاواتەکانیان بگەن. هەرگیز لەو بڕوایەدا مەبە کە ناتوانی. ئەگەر بەو نیەتەوە دەست پێبکەی کە ناتوانی، ئەوا خێرا ڕێگە لە خۆت دەگری.

"هەر بۆیە ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدە. چیت لە ژیان دەوێ بە وردی بینووسە، هەموو شتەکان بنووسە. ئەم کارە سنوور چوارچێوەی مەزنیخوازی و زەینییەتی تۆ پیشان دەدەات و بۆت ئاشکرا دەکات کە بەڕاستی خەون بە چییەوە دەبینی؟ بە چ شتێک رازی دەبی؟ زۆر گرنگە هەموو شتەکان بنوسرێت. تەنیا شتێک کە نابێ دیاری بکەیت، هەڵبژاردنی شوێنی خانوەکەیە، چونکە پێدەچێ هەرگیز ئەو خانووە تایبەتەت دەست نەکەوێ و هەرگیز نەتوانی—سەرەڕای توانای ئاوات و ویستەکەت— وەدیهاتنی ئاواتەکەت ببینی. جیا لەو حاڵەتە، ئەوەندەی دەتوانی وورد بە.

"پێویستە شتێکی تریش لەبەرچاو بگری و ئەویشی ئەوەیە کە خەون و خەیاڵەکانت زیانی بۆ خەڵک نەبێت. بەردەوام ئەم خاڵەت لەبیر بێت، ئەگەر ئامانجەکانت زیانیان بۆ کەسانی تر هەبێت، ئەو قازانجی خۆت و کەسانی تر، وازیان لێبێنی.

"ئەم وێنەیە بۆت ئاشکرا دەکات کە بەراستی کێیت. شکڵی بابەتیانەی ئاواتەکانتە. ئەندێشەکانت زیندوون. تا وێنەکانت وورد تر بێ، بواری هاتنە دی ئەوان زۆرتر دەبێت. وورده کارییەکان زۆر گرنگن. ئەندێشەکانت کە بە چەشنێکی چاوەڕوان نەکراوو بە شێوەیکی سیستماتیک بەهێز دەبن، چەندین هەل دەڕەخسێنن کە وادەکات وەڕاستگەڕێن."

Scanned with CamScanner

کوڕە گەنجەکە کەمێک دڕدۆنگ دیار بوو.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "دەزانم هەمووی ئەمانە تۆزێک لە یۆتۆپیا دەچێ. بەڵام پێشتر پێم وتی تا زەینت بەهێزتر بێت، زیاتر تێدەگەی کە شتێک نییە زەین نەتوانێ ئەنجامی بدات. ئایا نازانی بەشێوەیەکی ڕێژەیی، خانوێکی ٥٠٠,٠٠٠ دۆلاری سەرکەوتنێکی هاکەزاییە؟ ئەو وتەی مەسیحت لەبیر بێت کە دەڵێ: "بڕوا دەتوانی کێوەکان بجوڵێنێ."

"بۆ بەکار هێنانی کاریگەرانەی زەینت پێویستە لەوەوە دەست پێبکەی کە بڕوات بە تواناکەی هەبێ. یان لانی کەم لە بەرامبەر ئەو ئەگەرەدا کە ڕەنگە وەک نەو تواناییە وابێ کە بە تۆی دەڵێم سەربەست و کراوە بیت. کەواتە پێرستەکەت ئامادە بکە. کوڕە گەنجەکە وتی : "کاتم دەوێ تا بیری لێبکەمەوە."

"زۆر باشە. بیر لەو شتە بکەرەوە کە هەر ئێستا پێم وتی. بەشێک لە بوونت بڕوای بەو شتە هەیە کە وتم. بەشێکی گەورەو داهێنەری تۆ بە هۆی پەروەردەی ناڕاست و ئەزموونە ناخۆشەکان، کوێر بووە. بەڵام هێشتا هەر زیندووە. تەنیا چاوەڕوانە لە تۆوە نیشانەیەکی پێبگات تا پیشانت بدات کە چۆن لە جیاتی ئەوەی کۆیلەی بێتوانا و ملکەچی ڕووداوەکان بی، ببیتە ئاغا و کوێخای خۆت. بۆ ئەم کارە پێویستە گوێ هەڵخەی بۆ ئەو دەنگە نەرم و هێواشەی لە قوڵایی دەروونتا شاردراوەتەوە و سەربەستییەکی زیاتری بدەیتێ تا خۆی ئاشکراو بەیان بکات. ئەمە ئیلهام(شهود)ی تۆیە: هاواری دەروونتە، ڕێگاتە بەرەو توانای پڕ لە نهێنییت. تا زیاتر ئەم

Scanned with CamScanner

دەستەواژەیە دووپات بکەیتەوە کە: ئارام بگرەو بزانە کە من خوام دەنگی دەروونت بەهێزتر دەبێ و بە شێوەیەکی دڵنیاتر ڕێنمایێت دەکا."

"کوڕە گەنجەکە هەستی بە گوشار کرد. حەزی بە تۆزێک ئیسراحەت دەکرد.

کابرای دەوڵەمەند وتی: "وەرە با بحەسێینەوەو لە ناو باخەکەدا پیاسە بکەین. حەز دەکەم بۆ دواجار لەگەڵ دۆستێکدا لە ناو ئەم باخەدا پیاسە بکەم."

کوڕە گەنجەکە بەم قسە خەفەت دایگرت. یەکەم جار نەبوو کە ئامارژەیەکی لەو شێوەی کردبوو...

Scanned with CamScanner

بەشی چواردە

رازەکانی ناخی گوڵی سور

ئەم دوو پیاوە بە بێدەنگی لەناو باخەکەدا پیاسەیان دەکرد تا ئەوەی کابرای دەوڵەمەند رووبەروو بە لقێك گوڵی سور کە چەندین گوڵی زۆر جوانی پێوە بوو وەستا.

"ڕەنگە هەزاران جار بۆنم بەم گوڵە سورانەوە کردبێ بەڵام هەمور جارێك ئەزموونێکی نوێیە. دەزانی بۆ؟ چونکە فێربووم، لە نێستادا و لێرە بژیم، نەك لە رابردوو یان لە داهاتوودا. مەسەلەکە تەرکیزی زەینی و رۆچوون(تامل) و موراقبەیە کە بە زۆر شێوە باس کراوە. تا زیاتر تەرکیز بکەیتە سەر ئەو شتەی دەیکەی -لە ناو ئەو کار یان بابەت یان کەسەی لە بەرابەرتایە بتوێیتەوە- زیاتر لە ساتە وەختی ئێستادا دەژی. ئەم تەرکیزە، کلیلی بەختەوەرییە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا. تا تەرکیزت بە قەوەتتر بێت، دەتوانی خێراترو کاریگەرتر کار بکەی. هەست بەو وردەکارییانە دەکەی کە کەسانی تر نایبینن."

"ئایا تەواوی کەسە دەوڵەمەندو بەختەوەرەکان فێربوون وورده کارییەکان لەبەر چاو بگرن؟"

Scanned with CamScanner

"بێگومان. بە بەرز بوونەوەی توانای تەرکیز کردن، دەتوانی ژیرانە شتەکان ببینی. فێر دەبێ بەدروستی داوەری لەسەر ئەو کەسانە بکەی کە دەیانبینی. توانای تەرکیز کردن ئەو توانایەت پێدەبەخشێ کە لە یەکەم روانیندا رووی راستەقینەی ئەوانت بۆ دەرکەوێ و بە مانای وشە، دەبیتە واقعبین: واتە هەموو شتەکان وەک خۆیان دەبینی.

"زۆربەی خەڵک وەک ئەو کەسانەی لە خەودا دەڕۆن، بەردەوام و لە هەموو ژیانیاندا ئاگایان لای خۆیان نیە. لە راستیدا ئەو شت یان کەسانە نابینن کە روو بە رووییان دەبنەوە. بە شێوەیەک دەژین دەڵێی خەوتوون. هەرگیز لە ئێستادا ناژین. زەینیان بە هەڵەو شکستەکان و ترسەکانی داهاتوو ئاخنراوە."

"هەست دەکەم گەیشتن بەو تەرکیزەی تۆ باسی دەکەی زۆر قورسە."

"پێویستی بە راهێنانە. تەواوی ئەو کەسانەش کە تاقی دەکەنەوە تیایا سەرکەوتوو نابن. بەڵام کاتێک زەینت بگاتە ئاستێکی گونجاو لە تەرکیز کردن، زۆر بە توانا دەبێ لە چارەسەر کردنی مەسەلەکاندا. دەتوانی دەرباز بی لەو کێشانەی کە زۆربەی خەڵک لەگەلیا دەژین. لە جیاتی ئەوەی توانای مێشکت بە پەنجە گەزین و نیگەرانیەکان بەفیڕۆ بدەی، خەریکی چارەسەریان دەبی. هەرگیز کێشەکان بە دڵەڕاوکێ چارەسەر نابن، تەنها ئەنجامی دڵەڕاوکێ بۆ نۆبەی خەڵک بریتی گەدە و وەستانی دڵیان بووە.

"کاتێك توانای تەرکیز کردنت پەروەردە دەکەی، بە جۆرێکی‌تر دەڕوانیتە خۆت. هەر مرۆڤەو مەتەڵیکە. بەداخەوە زۆربەمان، نەك بۆ خەڵك بگرە بۆ خۆشمان مەتەڵین. ئەمە لە نەبوونی تەرکیزەوە سەرچاوە دەگرێ."

کوڕە گەنجەکە زۆر بە وردی گوێی گرتبوو.

بە تەرکیز کردن، بۆت دەردەکەوێ بۆچی لەم دنیایەدا ئەو پێگەت پێسپێردراوە: ئەو پێگەی کە بە رووتی لەویادای. رۆژ لە دوای رۆژ ئەم مەسەلەیەت بۆ رووترو ئاشکراتر دەبێتەوە. زەینت پر دەبێ لە ئەندێشە ئاسودەیی بەخش و دڵنیا کەرەوەکان و دەبینی وەك بڵێی لە خەوێکی قوڵ و دوورو درێژ بە ئاگا هاتوویەوەو دەڵێی: "ئاخ، کەواتە من ئەمەم. کەواتە لەبەر ئەمە شتەیە ئێستا لێرەم. بەم هۆیە لە گەڵ ئەم کەسەدام. لەبەر ئەم هۆیە خەریکی ئەم کارەم. ئەوەی کە دەکرێ پێی‌بوترێ هەستی چارەنووس، تاقی دەکەیتەوە. لە چارەنووسی خۆت تێدەگەی و هەستی قبوڵکردن تیاتا دەردەکەوێ. ئەمە بەو مانا نیە کە خۆت تەسلیمی چارەنووس دەکەی. بەو مانایەیە کە بەرووتی دەزانی ئێستا چ پێگەیەکت هەیە. قبوڵی دەکەی و تێدەگەی کە خاڵی دەست پێکردنتە. ئەمە لە کارو پیشەکەتا رێنمایت دەکا و ئەو بوارەت بۆ دەڕەخسێنێ کە خۆت چارە نووسی خۆت دیاری بکەی."

کابرای دەوڵەمەند وەستا بۆ ئەوەی بچەمێتەوەو بۆن بە گوڵێکی سورەوە بکات.

Scanned with CamScanner

"گولّی سور هیّمای ژیانه. دیکه‌کانی پیشانده‌ری ڕێگه‌ی تاقی کردنه‌وه‌ن: ئه‌و تاقیکردنه‌وه‌و نازارانه‌ی که پێویسته هه‌ر گیان له نێمه بۆ تێگه‌یشتن له جوانی ڕاسته‌قینه‌ی بوون ته‌حه‌مول بکه‌ین."

مه‌قسه‌تێکی باخه‌وانی له گیرفانی ده‌رهێنا و گوڵێکی سووری لێکرده‌وه‌و دای به کوڕه گه‌نجه‌که.

وتی: "با ئه‌م گوڵه سوره‌که‌ت لابێ. وه‌ک نوشته‌یه‌ک وایه که شانسی باشت به نسیب ده‌کات. خاتوو شانس بوونی هه‌یه. متمانه‌ی پێبکه. به ئه‌ندێشه‌کانت بیلاوێنه‌وه. هه‌ر شتێکت ده‌وێ داوا له‌و بکه، ئه‌و وه‌ڵامت ده‌داته‌وه. ته‌واوی که‌سه به‌خته‌وه‌ره‌کان به جۆرێك له جۆره‌کان بڕوایان به شانس هه‌یه.

"به‌م گوڵه سوره ساده‌یه، هاتییه ڕیزی ئێمه‌وه. په‌یوه‌ست بووی به سیستمی گوڵی سوره‌وه. هه‌ر کات هه‌ستت به پێویستییه‌ك کرد، ئه‌م گوڵه سوره بدۆزه‌ره‌وه. توانات پێده‌به‌خشێ و هه‌ر کات گومانت له خۆت کرد، بگه‌ڕێره‌وه بۆ ئه‌م گوڵه سوره‌و بیر خۆتی بێنه‌ره‌وه که هێمای چیه. هه‌موو ره‌نج، کێشه‌و هه‌ڵه‌یه‌ك ڕۆژێك ده‌بێ به په‌لکه گوڵێکی جوان.

"هه‌موو ڕۆژێك، کاتێك ته‌رخان بکه بۆ ته‌رکیز کرنه سه‌ر ناخی گوڵی سور. به هێواشی له‌به‌ر خۆته‌وه ئه‌م ده‌سته‌واژه‌یه: **ئارام بگره‌وه بزانه من خودام.**[٤] بڵێوه ڕۆژ له دوای ڕۆژ کاتێك ئه‌م ڕسته‌یه دووپات ده‌که‌یته‌وه، کاتی ووردبوونه‌وه(تامل)و ڕۆچوونه‌که‌ت زۆرتر بکه.

---

[٤] بڕوانه پەراوێزی لاپەڕە ٩١

Scanned with CamScanner

هەرکات توانیت بیست دەقیقە خەریکی ئەم کارە بی، تەرکیز کردنەکەت زۆر باش دەبێت.

"هەر کات دڵت وەک گوڵی سوری لێهات، ژیانت دەگۆڕێ."

کوڕە گەنجەکە، هەستی بە بونی خۆشی گوڵە سورەکە کرد.

"با ئەوەی وتوومە دووپاتی بکەمەوە تا حەتمەن بیرت بێتەوە. هەر کات بە هۆی راهێنانەکانی تەرکیز کردنەوە زینت بەهێز بوو و متمانە بەخۆ کردنت لا دروست بوو، تێدەگەی کە چیتر گرفتەکانی ژیان دەست خڕۆت ناکەن. تێدەگەی کە شتەکان بەو رادەیە گرنگن کە زەینت بە گرنگیان بزانێ. گرفت تا ئەو کاتە گرفتە کە تۆ وەک گرفت لێی بڕوانی."

"تا زەینت بەهێزتر بێت، کێشەکانت بچوکتر خۆیان پێشان دەدەن. ئەمە سەرچاوەوی ئاسودەیی دەروونە، کەواتە تەرکیز بکە. ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کلیلەکانی بەختەوەری.

" ژیان واتە راهێنان لە پێناوی بەهێز کردنی زەیندا. ڕۆح، نامرێ. بە پشت سەرنانی هەموو ژیانێک، زەین بە هیواشی خۆی دەدۆزێتەوە و پەروەردە دەکات.

ئەم راهێنانە کاتی زۆری دەوێ و ئەو کەسانەی لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان زۆر سەرکەوتوو نین، هێشتا پێویستە بگەنە ئاستێکی بەرزتر لە تەرکیز کردن. رەنگە تەواوی کەسە سەرکەوتووەکان راهێنانەکانی تەرکیز کردنیان ئەنجام نەدابێ. بەڵام لە رەوتی ژیانە زۆرەکانی سەر زەوی، کەیشتوونە ئاستێک لە تەرکیز کردن کە وادەکات ئاسانتر لە کەسانی تر سەرکەوتن بەدەست بێنن.

Scanned with CamScanner

هەر کات زەینت بگاتە بالاترین ئاستی تەرکیز کردن، دگەیتە ئاستێکی دەرئاسا کە تیایدا خەیاڵەکانت لەگەڵ راستیدا دێنەوە."

کابرای دەوڵەمەندو کوڕە گەنجەکە بەرەو ماڵ بوونەوە. خەریک بوو هەورو تاریکی دنیای دادەگرت و باڵی بەسەر خانوەکا دەکێشا. کە چوونە ناو هۆڵی نان خواردنەکەوە، پێرە پیاو مۆمێکی داگیرساند. ئەوکات بەرەو لای پەنجەرەکە چوو، پەردەکەی لادا و سەیرێکی ئاسمانی کرد.

"هەمیشە نەوەت لە بیر بێت کە لە بەرزاییەکی دیاربکراودا، ئیتر هەور نامێنێ نەگەر ئاسمانی ژیانت هەورییە، لەبەر نەوەیە کە رۆحت وەک پێویست بەرز نەبۆتەوە.

"زۆربەی خەڵک -بە هەڵە- لەگەڵ کێشەکانی ژیانیان بەشەڕ دێن. ئەوەی پێویستە بیکەی ئەوەیە کە جارێکو بۆ هەمیشە خۆت بەرز بکەیتەوە بۆ سەروی کێشەکانەوە. ناخی گوڵی سور، ڕێنمایت دەکات بۆ سەروی هەورەکان: ئەو شوێنەی کە ئاسمان بۆ هەمیشە سامانڵو ڕۆشنە. کاتی خۆت بە شوێن کەوتنی هەورەکان بە فیڕۆ مەدە. چونکە بەردەوام دەردەکەون..."

کابرای دەوڵەمەندو کورە گەنجەکە چوونە سەر مێزی نان خواردنەکە. خزمەتکارەکە، خواردنی هێنا.

کوڕە گەنجەکە وتی: ماوەیەکی زۆرە بیرێک منی بە خۆیەوە خەریک کردوە. لام وایە ئەوەی وتووتە راستەو ئێستا لەو بڕوایەدام ئەگەر بێتوو ئەو بنەمایانە بەکاربێنم کە فێرت کردوم، دەتوانم خێرا

Scanned with CamScanner

دەوڵەمەند بم و تەنانەت زەینیشم ئاسودە بێت. بەڵام ئێستاش نازانم دەتوانم لە کام بوارەدا دەوڵەمەند بم."

نگەرانییەکەی بە ئاشکرا بوە مایەی رابواردنی کابرای دەوڵەمەند.

وتی: "پێویستە متمانە بەژیان و توانای زەینت بکەی. نیگەران مەبە. سەرەتا ئامانجەکەت دیاری بکە. ئەو کات داوا لە زەینی ناهۆشیارت بکە بەرەو سەروەت و بەختەوەری رێنمایت بکات. سەرتا داوا بکە، نەوکات دان بەخۆتا بگرە. ئەوندە ناخایەنێت وەڵام دەگا."

کوڕە گەنجەکە هیوا بڕاو بوو. شتێکی رووتری دەویست.

کابرای دەوڵەمەند بەزەیی پیای هاتەوە و خێرا وتی: "پێویستە کارێك بدۆزیتەوە کە دڵت پێی خۆش بێت. بیری لێبکەرەوە. پێشتر هەموو بنەماکانی ئەو کارەی دڵخۆشت دەکات، لە دەروونی خۆتایە. تەنیا ئەوندەی هەیە کە پێی نازانی چونکە هێشتا لەگەڵ سروشتی راستەقینە خۆتا هاو ئاهەنگ نەبووێت. کاتێك بەردەوام بیت لەسەر تەرکیز کردن و رۆژ بە رۆژ زیاتر موراقەبە بکەیت، لەگەڵ جەوهەری راستەقینەی خۆتا زیاتر یەکدەگری و پێویستت بە هەر چەشنە وەلامێك بێت، بۆت ئاشکرا دەبێت. لە هەمووی ئەمانە باشتر ئەوەیە، ئەوەی کە زۆربەی خڵك هیوابڕوانە لە هەموو ژیانیاندا بە شوێنیا وێڵن و هەرگیز پێی ناگەن، تۆ بەدەستی دێنی: ئەوەی کە ئامانج لە

Scanned with CamScanner

بوونی تۆ لەسەر زەوی چییە، نەك تەنیا بە مێشكت بگرە بە دڵیشت پێی‌دەگەی.

"بە تەرکیز کردنە سەر ناخی گوڵی سور، دەبی بە خاوەنی هەموو شتێك. لەوێدا تەواوی بووون و دوا ئامانجی بوونت دەست دەکەوێ."

کەمێك وەستا و قومێکی خواردەوە و مەزەمەزەی پێکرد. لە حورمەتێکی رۆحیدا چاوەکانی نوقاندبوو.

کوڕە گەنجەکە وتی: "دەزانم حەز دەکەم دەست بکەم بە جۆرە کارو کاسپییەك. بەڵام بۆ دەست بەکار بوونەکەم پارە لە کوێ بێنم؟ هیچ شك نابەم!"

"چەندت دەوێ؟"

"نازانم. لانی کەم ٢٥,٠٠٠ دۆلار. تۆ سەرەتای کارەکەت ئەوەندەت پێویست بوە."

"دەبێ بتوانی پەیدای بکەی. تۆزێك سەیری ئەملاولات بکە. مێشکت بۆ چ ئیمکاناتێك دەچێ؟"

"شتێکم بە مێشکا نایات. بانکێك ناناسم قەرزم بداتێ. پشتیوانێك شك نابەم. سەری هەموو مانگێك بڕێکی زۆر کەم لە مووچەکەم بۆ دەمێنێتەوە، جیا لە ئوتۆمبێلێك کە شتێکی ئەوتۆ ناکات، خاوەنی هیچ شتێکی‌تر نیم..."

"لانیکەم ناتوانی بیر لە شتێك بکەیتەوە کە بۆ دەستپێکی کارەکەت، تاقی بکەیتەوە؟"

"بەڕاستی بیرم بۆ هیچ شتێ ناچێ."

Scanned with CamScanner

"ئەمە هەڵەیەکە هەرگیز نابێ دووپاتی بکەیتەوە. وەک ئەو کەسانە مەبە تەنانەت بەر لەوەی تاقی بکەنەوە. واز دێنن. ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی هەرگیز هیچ نەکەیت و هەرگیزیش لە شتێکدا سەرکەوتوو نەبێ. داوی ئەو کەسانەش مەکەوە کە بە کردەوە قوڵی لێهەڵدەماڵن، بەڵام لە ناخەوە لەو بڕوایەدان کە سەرناکەون. ئەندێشەو کردەوەکانت هاوئاهەنگ بکەو لە دەروونیشدا هاوئاهەنگ بە."

"باشە، خۆ من حەز دەکەم، بەڵام ئەوەندەی هەیە کە هیچ ئیمکانێك نابینم."

"پێویستە بەم بڕوایەوە دەست پێبکەی کە: ڕێگەچارەی خوازراوی مەسەلەکەت هەیە. توانای زەینو سیحری ئامانجەکەت بێگومانو بە شێوەیەك کە هەر چاوەڕوانی ناکەی، ڕێگەچارەت دەخاتە بەردەم. بۆ ئەوەی بەختەوەر بی، پێویستە لە ناخەوە بڕوات بەوە هەبێ کە بەختەوەر دەبی. هیچ شكو گومانێك لە خۆتا مەهێڵە. بە هەموو تواناکانی زەینتەوە شكو گومان لە خۆت دوور کەرەوە. هەمیشە گومانو گەشبینی دژی یەکتر بوون. بە پێداگریەوە لەدژی گومانو دوودڵی هەوڵبدە، چونکە گومانیش وەك هەموو ئەندێشەکانی تر، لەژیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێ. ئەگەر بڕوای پتەوت بەوە هەبێ کە قیستەکەت وەردەگری، بیگومان وەریدەگری. "لە ڕەوش و هەلومەرجی ئێستادا بۆ گەیشتن بە ئاماجەکەت -واتە وەرگرتنی قیست- چی دەکەی؟"

Scanned with CamScanner

"ئەوەی راست بێ نازانم چی بکەم."

"ئەگەر تەنها مەجالێکی زۆر کەمت بەدەستەوە بوایە -بۆ نموونە سەعاتێک- بۆ ئەوەی بۆ دەست پێکردنی کارەکەت ٢٥,٠٠٠ دۆلار پەیدا بکەی، چیت دەکرد؟"

"بیرم بۆ هیچ ناچێ..."

"بەرامبەر بە تۆ دەوڵەمەندێک وەستاوە کە هەر ئێستا هانی دەدای، رازەکانی بەختەوەری پێ وتووی، کەچی واش نازانی چی بکەی؟ باشە ئاخر هەر هیچ بە مێشکتا نایات داوای پارە لەو بکەی؟"

لە پڕ ئەو بیرە بە مێشکی کوڕە گەنجەکەدا هات کە رەنگە تەنها کارێک کە دەبوو بیکات ئەوە بوو کە داوای پارە لە کابرای دەوڵەمەند بکات. بۆ ساتێک دوودڵ بوو، پاشان هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

"ئایا تۆ ئەو ٢٥,٠٠٠ دولارەم بە قەرز دەدەیتێ کە پێویستم پێیەتی؟"

" باشە، فەرموو، ئاسان بوو یان نا؟ تەنیا کارێک پێویست بوو بیکەی ئەوە بوو کە داوا بکەی. خەڵک بە دەگمەن دەوێرن داوای شتێک بکەن. پێویستە بوێری داوا بکەیت.

کابرای دەوڵەمەند ئەو ٢٥,٠٠٠ دۆلارەی لە گیرفانی دەرهێنا کە بۆ پارەی بەر دەست لە گیرفانی نابوو. بە شێوەیەک کە نیشانەی نیگەرانی بوو لە سەفتە پارەکەی روانی و دای بە کوڕە گەنجەکە، ئەویش وەریگرت و لە خۆشیان ئەلەرزا. لە تەواوی تەمنیدا پارەی ئاوا زۆری بە خۆیەوە نەدیبوو.

Scanned with CamScanner

پیره پیاو وتی: "هیچ هۆکارێك نابینم که له داهاتوودا بەدەست هێنانی پارە بۆ تۆش له شێوەی بەدست هێنانی من دژواتر بێ. زۆر جێی داخە که خەڵك به گشتی لەسەر ئەو بڕوایەن، بەدەست هێنانی پارە دژوارەو پێویستە بۆ بەدەست هێنانی هەوڵ بدرێ. له راستیدا نەرزشی کارەکە له بەهێزکردنی پێکهاتەی زەیندایە. کاتێك پارەی زۆرت بەدەست هێنا -که من دڵنیام ئەگەر ئەو رازانە بەکار بێنی که فێرم کردی، ئەوەندە ناخایەنێت- تێدەگەی ئەوەی حسێبی لەسەر دەکرێ ١- مەیلی زەینیو بەهێزی ئاواتەکانتەو ٢- ئەوەی کە بتوانی ئەو تواناییە بۆ ئامانجێکی کورت ماوەی دیاریکراویش بەکار بێنی. لەبیرت نەچێ رەوشو هەڵو مەرجی دەرەوە هەمیشە رەنگدانەوەی حاڵەتی زەینیو دەروونیترین بڕواکانتە."

کوڕە گەنجەکە ئەوەندە شادمان بوو بەوەی کە ئەو ٢٥,٠٠٠ دۆلارەی لەدەستا بوو، هەر ئاگای له پەندو ئامۆژگارییەکانی کابرا نەمابوو.

"ئەی کوری لاو، ئەوەت لەبیر بێت، هەرکات پارەت پێویست بوو، ئەگەر کەسێکی ئیجابی بیت دەتوانی زۆر ئاسانو خێرا بەدەستی بێنیو بێگومان دەستیشت دەکەوێ. هەر کات له دەروونا تووشی شکو گومان بووی، بیر لەم ٢٥,٠٠٠ دۆلارە بکەرەوە که هەر ئێستا دەستت کەوت. ئەوەی پێویستە بیکەی ئەوەیە که داوا بکەی، ئەگەر لەو قەناعەتەدا بی ئەوەی داوای دەکەی له هەمان ساتەوەختی داوا کردنەکەدا بەدەستی دێنیو جۆرێك مامەله بکەی وەك بڵێی پێشتر هی تۆیە، حەتمەن بەدەستی دێنی.

"هەر کات تووشی شک‌وگومان بووی چەند تەڵقین(ئیعاز)ی ئیجابی بە خۆت بکە. با تەڵقینەکەت وەک فرمان وابێ. هەر کە زەینت وەک پێویست بەهێز بوو، هەموو تەڵقینێک وەک بڕیارێکی شاهانەی لێدێ. وتەکەت‌و راستی دەبنە یەک‌و ڕۆژ بە ڕۆژ کاتی هاتنەدی فرمانەکانت کورتر دەبێتەوە و سەرئەنجام وای لێدێ کە کت‌و پڕ بێنەدی.

"بۆ ئەوەی وتەکانت کاریگەری خراپیان نەبێت لەسەر خۆت، پێویستە هەمیشە قازانج و بەرژەوەندی کەسانی‌ترت لەبەر چاو بێت."

"ئەمجارەش هەڵوێستەیەکی کرد.

قسەکانی دەست پێکردەوە: "ئەم پارەت –ئامارژەی کرد بە سەفتە پارەکە– بە قەرز نادەمێ..."

بۆ چرکەیەک تووشی گومان بوو، وەک بڵێی بە کاردانەوەی سەرسوڕماوانەی کوڕە گەنجەکە شادمان بوو.

"ئەو پارەت بە قەرز نادەمێ، ئەیبەخشم بە تۆ. بەم کارە، هەموو شتێک کۆتایی دێ. مامۆستاکەم ئەو پارەی دابوومێ تا کارەکەم دەست پێبکەم. بۆ هیچ شتێکی‌تر بەکاری مەهێنە و وەک کابرای ناو کتێبەکەی پیرۆز مەکە، لەجیاتی ئەوەی پارەکەی بخاتە کارەوە، شاردییەوە. وا مەکە ترس ڕێ پێشاندەر(مامۆستا)ت بێ. ترس خراپترین دوژمنی تۆو جوتە بۆ شک‌وگومانەو پێویستە بەسەریدا زاڵ بیت. مەترسەو ئازابە. هەر کەسێک بە بیانوی پارێز(احتیاط) یان هەزر خوازیەوە، پارەکەی شاردۆتەوە، ئەوەی دەستی دەکەوێ بێ

Scanned with CamScanner

بایەخـەو زۆر کـەم پێدەچـێ زیـاتر لـەوەی دەسـت بکـەوێ کـە شاردوێتیەوە. دەبێ پارە ئازاد بکرێ و بخرێتەگەڕ تا چەند قات زیاد بکات.

کـابرای دەوڵەمەنـد لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: "هـەر چۆنێك بڕوانی، ئەو پارەی دەیدەم بە تۆ، لە ئەساسدا قیست(وام)ە. تۆش پێویستە کە رۆژی خـۆی هات بیدەی بە کەسێکیتر. چەندین ساڵ دوای ئێستا، تووشی کەسێك دەبی کە لە رەوشی ئێستای تۆدایە. لە رووی ئیلهامەوە دەیناسی. دەبێ پارەیەکی بەرابەر لەگەڵ ئەرزشی ئەمرۆی ئەو پـارەی بـدەیتێ، تـا ئـەویش بتوانـێ بـە بـڕە پارەیـەکی بەرچاو کارەکەی دەست پێبکات. هەوڵ بدە دڵنیاییەکی وەها لە تۆدا دروست بـێ کـە ئـەو بـڕە پارەیـە بـە شـتێکی هاکـەزایی بزانـی و وەك پارەیەك لێبڕوانی کە بۆ خەرجی رۆژانە هەڵتگرتوە، نەك زیاتر."

کـوڕە گەنجەکـە لـە ناخـەوە هەسـتی بـە سـپاس و وەفـاداری کـرد. شـتەکانی قبـوڵ کـرد و زۆر بەگـەرمی سپاسـی کـابرای دەوڵەمەنـدی کرد. "شتێکیتر هەیە پێویستە بیزانی..."

هـەر کـە ئـەوەی وت، بـاران دایکـرد. کـابرای دەوڵەمەنـد بـە سـیمایەکی پـڕ لـە ئاسـودەییەوە سـەیری بارانەکـەی کـرد. لەبـەر خۆیپـەوە وتـی: "هـەموو نیشـانەکان دیارن. ئـەوکات روو بـە کـوڕە گەنجەکە وتی:

"وەك وتم شتێك هەیە پێویستە بیزانی: دەتوانی بۆ گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانت کەڵك لەو رازانە وەرگری. هۆی کۆکردنەوەی ئەو هەموو سەروەت و سامانە ئەوە نەبووە کە زۆر خولیای سەروەت و

Scanned with CamScanner

سامان بووم. بەڵکو رێگەیەک بوو بۆ ئەوەی توانای زەین پیشانی ژن و پیاوە کەم بڕواکان بدەم.

"گەورەترین سامانی ئێمە ئازادی و سەربەستیە و سەروەت دەتوانێ ئازادیت پێ ببەخشێ. لەوەش تێدەگەی کە ئازادی راستەقینە لەوەدایە کە بە هیچ شتێک وابەستە نەبی. تەنها ئەو کەسە دەتوانێ چاودێری گوڵە سورە نەمرەکان بکات کە بە دەستی بەتاڵەوە بڕوات. گەیشتن بەم ئازادییە، تەنها ئامانجی راستەقینەم بوو. بە پێچەوانەی ئەو شتەی خەڵک پێیان وابوو، جیا لە باخەوانێکی خۆ بەکەم گر هیچی تر نەبووم."

کوڕە گەنجەکە وتی: "بۆ تەواوی ئەم شتانەت بە من وت؟ خۆ قەرزباری من نەبووی. زۆر ئاسان کەسێکی تر دەیتوانی سەردانت بکات..."

"بەڵام کەسی تر نەهات. ئاواتەکەت تۆی بەرەو لای من ڕێنمایی کرد. ئەمە هەر هەمان شتە کە لە ژیاندا ڕوو دەدات. پێشینیان وتوویانە، هەر کات قوتابی ئامادە بێت، مامۆستاش پەیدا دەبێ"

"کابرای دەوڵەمەند بزەیەکی هاتێ. خاڵەتە جدیی و ساردو سڕەکەی نەما، بە عەشق و سۆزەوە ڕوانیە کوڕە گەنجەکە.

"ڕۆح، نامرێ و لەگەڵ هاو دەمەکانی، لە ژیانێکەوە دەچێ بەرەو ژیانێکی تر و هەموو ڕۆحێک یارمەتی نەویتر دەدات تا ئەوەی بۆی دیاری کراوە ئەنجامی بدات. ئەو کەسانەی بە درێژایی ماوەی ژیان لەگەڵیان بەرەو ڕوو دەبین، شتێکی ڕێکەوت نیە."

Scanned with CamScanner

کابرای دەولەمەند پاشائاسا لێی نزیک بۆوە. رووناکییەکی تایبەت لە سیمایدا بوو. بە ئەسپایی و بە نوکی پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی، کێشای بە تەوێڵی کوپرە گەنجەکەدا: "تێبگەو بزانە کێیت و چی دەکەیت. راستی بۆ هەمیشە رزگارت دەکات."

زریانەکەی دەرەوە هەر بەو خێراییەی کە دەستی پێکردبوو، خۆشی کردەوە و جارێکیتر تێشکی خۆر دنیای روونا‌ک کردەوە. پیرە پیاو بە بێ ئەوەی هیچیتر بڵێ، جێ مۆمەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتەدەر.

کوپرە گەنجەکە بە تەنیا مایەوە. مێشکی پڕ لە ئەندێشەکان و دەستیشی پڕ بوو لەو پارەی کە کابرای دەولەمەند پێی دابوو.

Scanned with CamScanner

بەشی پانزە

سانەوەختی جیابوونەوە

کـوڕە گەنجەکـە ماوەیـەکی زۆر تـەنیا بـوو. خزمەتکارەکـە بـە زەرفێکی نامەوە هات: زەرفەکەی دایە دەست کوڕە گەنجەکەو وتی: "ئاغام ئەو زەرفەی دامێ تا بیدەم بە تۆ. وتی پێویستە بەتەنیایی و لە ژوورەکەتا بیخوێنیتەوە. دەتوانی رۆژێکی‌تریش لێرە بمێنیتەوە. پاشان دەبێ بڕۆی. ئەمە داوای ئاغامە."

گەنجەکە سپاسی کردو خێرا چووە ژوورەکەی. هەر چونێك بێ، ئەم جارەیان بۆ ئیحتیات درگاکەی بەلاخاڵ هێشتەوە...

زەرفەکە بە مۆمێکی سور لە وێنەی گوڵی سوردا مۆر کرابوو. گەنجەکـە لەسـەر لێـواری قەرەوێلەکـە دانیشـتو بـە ووردی مـۆرو مۆمەکەی کردەوە. بۆنی خۆشی گوڵی سوری لێدەهات. وەسیێت نامەی کابرای دەوڵەمەندی دەرهێنا.

وەسـیێت نامـە دەرئاساکەی کە بە دەستو بـە پیتـی گـەورە بـە شێوەی شاهانە نوسرابوو، دەتوت هەناسە دەدات‌و بە ژیانی خۆی ئاخنرابوو. نامەیەکی دەست نووسی جوانی تری لەگەڵدا بوو کە بە موڕەکەبی ڕەش نوسرابوو.

Scanned with CamScanner

نەمەی تیدا نووسرابوو: "ئەمانە دوا داوا کارییەکانی منن. تەواوی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەم بۆ تۆ جێدێڵم. هەندێ کەس پێیان وایە هەموو کتێبەکان بێ بایەخن. لەو بڕوایەدان کە خۆیان دنیا دروست دەکەنەوە، چونکە هیچ سودیان لەو زانستە نەبینیوە کە لە کتێبەکاندایە. بەداخەوە هەڵەکانی باوباپیرانی خۆیان دووپات دەکەنەوە. بەم جۆرە، کات و سەروەتێکی زۆر بە فیڕۆ دەدەن.

"لە لایەکی ترەوە، نەکەوێە داوی هەموو ئەو شتانەی لە کتێبەکاندایە. مەهێڵە ئەوانەی بەر لە تۆ ژیاون بە جێی تۆ بیر بکەنەوە. تەنیا شتێك ڕاگرە کە لەودیو تێپەڕ بوونی کاتەوەیە.

"لە یەکەم چاو پێکەوتنمانەوە هەوڵم داوە، گەوهەرەکانی زانایی بە تۆ بگەیەنم کە نوانیومە لە ماوەی تەمەنی دوورو درێژمدا کۆیان بکەمەوە. ئەم بەڵگەنامەدا، چەند ئەندێشەیەکت بەرچاو دەکەوێ کە پیشاندەری میراتی ڕۆحی منە. داوام ئەوەیە بیانگەیینی بە زۆرترین کەس. سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆمان و ئەو نهێنیانەی فێریان بووی بۆ خەڵك بدوێ. ئەگەر چی پێش ئەوەی ئەم کارە بکەی، پێویستە خۆت تاقیان بکەیتەوە. شێوازێك تاقی نەکرابێتەوە و نەسەلمابێ، هیچ بایەخێکی نیە.

"لە ماوەی شەش ساڵدا دەوڵەمەند دەبی. لەو کاتەدا ئەو ئازادییەت دەبێ کە بۆ گواستنەوەی ئەم میراتە بۆ ناو خەڵك. هەنگاوی پێویست هەڵگری.

"ئێستا دەبێ بڕۆم. گوڵە سورەکانم چاوەڕوانن."

Scanned with CamScanner

بوغز گەرووی کوڕەی گەنجەکەی گرتبوو، بۆ ساتێك لە بیدەنگیدا مایەوە.

دەیویست بۆ ئەو هەموو دیاریە بەنرخانە سپاسی کابرای دەوڵەمەند بکات. بە پەلە گەڕایەوە بۆ هۆڵی نانخواردنەکە، بەڵام کەسی لێنەبوو. بە دەنگێکی بەرز بانگی خزمەتکارەکەی کرد، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.

بەرو باخەکە رای کرد بینی کابرای دەوڵەمەند لە ناوە راستی یەکێك لە ڕێڕەوەکاندا لە پاڵ لقێکی گوڵی سور دڕێژ بووە.

کوڕە گەنجەکە بیری کردەوە: "چ سەیرە، لەناو باخەکەدا خەوتووە." بەڵام تا نزیکتر دەبۆوە، زیاتر سەری سوڕ دەما.

دەستەکانی پیرە پیاو لەسەر شتێکی بوون و لقێك گوڵی سووری بەدەستەوە بوو. لە سیمایدا ئارامییەکی سەیر دەبینرا.

ئاخۆ بە تەواوی ساتەوەختی مردنەکەی دەزانی؟ ئاخۆ ساتەوەختی ڕۆشتنەکەی دیاری کردبوو و تەنیا ئیرادەی کردبوی؟

ئەمە نهێنییەك بوو کە کابرای دەوڵەمەند لەگەڵ خۆیدا بردبە ژێر گڵ.

کوڕە گەنجەکە هەستی کرد کاتی ئەوە هاتووە ئەویش بڕوات. ویستی گوڵە سورەکە هەڵگرێ، بەڵام دەستی هێنایەوە دواوە. گوڵە سورەکە هی کابرای دەوڵەمەند بوو: دواپین هاوڕێی.

لە بەرابەر کابرای دەوڵەمەندا وەستاو سوێندی خوارد کە ئامۆژگارییەکانی بە باشترین شێوەی گونجاو بگەیێنێ بە هەموان. ئەوکات بەرەو ماڵ بۆوە.

Scanned with CamScanner

که کتێبخانەی کابرای دەوڵەمەندی گواستەوە ماڵەکەی خۆی،
خۆیشی هەتا خۆشگوزەرانی خۆی تیا دانێ. ڕووبەڕووی مەتەڵێک بۆوە:
ئایا ماڵەکەی بگوازێتەوە یان بەشێک لە کتێبەکان بفرۆشێ؟
بۆیاردا بگوازێتەوە و زۆر بە دڵ خۆشیەوە ئەو کارەی کرد.

Scanned with CamScanner

ئەنجام

وەک کابرای دەوڵەمەند پێشبینی کردبوو، کۆڕە گەنجەکە بەر لەوەی مۆڵەتە شەش ساڵەکەی تەواو بێت، بوو بە خاوەنی یەکەم ملیۆن دۆلارو بەڵێنیەکەی بردە سەر: مانگێکی کردە ئیجازەو سەبارەت بە دیدارەکەی لەگەڵ دەوڵەمەندی نانیو حیکمەتە ژین بەخشەکەی کە سپاردبووی بە کۆڕە گەنجەکە، کتێبی نووسی.

Scanned with CamScanner

لە زۆر بواردا لە ناکاو مەرگ بەربینگ بە مرۆڤ دەگرێ، بەڵام خەڵک بەو خەیاڵەوە دەژین کە کاتێکی زۆریان لە پێشەو بەردەوام ئەو بڕیارانەی دەبێ بیدەن، ئەمڕۆ بە سبەی پێدەکەنۆ بە خۆیان دەڵێن: ئێستا کاتم بە دەستەوە ماوە، دوایی ئەم کارە دەکەم، تا پیر دەبنو دەبینن هێشتا هیچیان نەکردوە .



نرخی(۲۲۵۰) دینارە

Scanned with CamScanner